# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا | دووشەممە ١٥ی خەرمانانی ١٣٩٥ _ ٥ی سێپتامبری ٢٠١٦ | ژمارە: ٦٨٧ | www.kurdistanukurd.com


## سەردانی هەیئەتێکی کۆنسولی ئەمریکا لە هەولێر لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان




لە دیدار و دانیشتنی هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆنسولگەریی ئەمریکا لە هەولێردا دوولایەن لەسەر دوایین گۆڕانکاریی‌یە سیاسی‌یەکان لە ناوچە ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ١٠ی خەرمانانی١٣٩٥ هەیئەتێکی کۆنسولخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەولێر بە سەرپەرستیی «جیفری مەیزر»، جێگریی سیاسیی سەرکۆنسولی ئەمریکا لە هەولێر...

ل٢

هێرشی تورکیە بۆ سەر جەرابلۆس دیسان سەلماندی کە:

# دژایەتی کردنی کورد، خاڵی پێکگەیشتنی داگیرکەرانی کوردستانە



وێنەی هێرشی تورکیە بۆ سەر جەرابلۆس

«شەڕی شاری حەسەکە لە ڕۆژئاوای کوردستان لە نێوان سوپای ڕێژیمی سووریە کە لە لایەن هێزەکانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە پشتیوانی دەکران، لەگەڵ شەڕوانانی کورد لە لایەک و لە لایەکی دیکەش هێرشی بەربڵاوی لەشکەری تورکیە بۆ شاری جرابلۆس بە بیانووی شەڕ لەگەڵ داعش و لە ڕاستی‌دا بۆ بەرگری کردن لە لکاندنەوەی کانتۆنی عەفرین بە کۆبانێ و بۆمبارانی خەستی شەڕوانانی کورد، ئاماژەیەکی ڕوون بوون بۆ سیاسەتی هەمیشەیی داگیرکەرانی کوردستان و هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە دژایەتی لەبنەهاتوویان لەگەڵ نەتەوەی کورد. بەو حاڵەش هەروەک دەرکەوت چ لە شەڕی حەسەکە و چ لە هێرشی تورکیە بۆ هێزەکانی پەیەدە لە دەورووبەری جرابلۆس، ئەوە ڕێژیمی بەشار ئەسەد و دەوڵەتی تورکیە بوون کە ناچار بوون ئاگربەس ڕابگەیەنن»

ل٦

### مەریوان، شارێک بۆ لێ‌فێربوون

سمایل شەرەفی

ل٤



### هۆلۆکاستی شەستەکان

ڕزگار ئەمین‌نژاد

ل٥



### هۆکارەکانی لاوازیی زانستە مرۆڤی‌یەکان لە ئێراندا

عەزیز شێخانی

ل٩



## هەڵبژاردنی ڕاپۆرتنێری نوێی شووڕای مافی مرۆڤ بۆ پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران

عاسمە جیهانگیر، ڕاپۆرتنێری تایبەتی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئێران، پۆستی ئەحمەد شەهید دەگرێتە ئەستۆ.

بە کۆتایی هاتنی ماوەی مەئمووریەتی ئەحمەد شەهید وەک ڕاپۆرتنێری تایبەتی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئێران، عاسمە جیهانگیر، چالاکی پاکستانیی مافی مرۆڤ جێگەی ئەحمەد شەهید دەگرێتەوە.

ڕێوڕەسمی دەنگدان لەسەر هەڵبژاردنی ڕاپۆراتنێری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان قەرارە لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبری ئەمساڵ یانی مانگێکی دیکە بەڕێوە بچێ.

خاتوو جیهانگیر لە ڕێبەرانی «بزووتنەوەی پارێزەران»ی پاکستان بوو. ئەو لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٨٣ تا ٢٠٠٧ بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ لە زینداندا بووە.

ئەم چالاکەی بواری مافی مرۆڤ لە ماوەی ساڵەکانی ٢٠٠٤ بۆ ٢٠١٠ وەک ڕاپۆرتنێری تایبەتی ئازادیی مەزهەب و عەقیدەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کاری دەکرد و زۆر جاران سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی بەهاییەکانی ئێران بە توندی ڕەخنەی لە کۆماری ئیسلامی گرتوە.

ئەحمەد شەهید وەزیری دەرەوەی پێشووی وڵاتی مالدیو، ساڵی ٢٠١١ لە لایەن شورای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان وەک ڕاپۆرتنێری تایبەت بۆ کاروباری مافی مرۆڤ لە ئێران هەڵبژێردرا. ناوبراو لە کاتە بەدواوە لەسەر بنەمای وتووێژ لەگەڵ چالاکانی سیاسی، ڕۆژنامەنووسان و نزیکانی قوربانیان توندوتیژیی سیاسی، بەردەوام ڕاپۆرتی لە سەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران ئامادە دەکرد.

داوای ئەحمەد شەهید بۆ سەردانی ئێران وەک ڕاپۆرتنێری تایبەتی مافی مرۆڤلە هەموو ئەو ساڵانەدا بێ ئەنجام مایەوە و نەیتوانی سەردانی ئێران بکا.

### ناسر ئێرانپوور، پیاوێک لە ڕەگەزی ڕووناکی

قادر وریا

ل٤



### ئێران و عەرەبستان؛ نۆ دەیە پەیوەندی

ڕەحمان پیرۆتی

نزیک بە نۆ دەیە لە پەیوەندی فەرمیی ئێران و عەرەبستانی سعودی تێدەپەڕێ. مەلیک عەبدولعەزیز بن سەعود و ڕەزا شای پەهلەوی...

ل٧

### چێژی شیرینی بەخشین لە حاند تامی تاڵی تۆڵە

تاهیر قاسمی

دوو حەوتووی ڕابردوو شاری سنە پێشەنگایەتی ڕزگارکردنی بەندیەکی ژێر پەتی سێدارەی کرد. ...

ل٧

### ئۆتۆریتاریزم(اقتدارگرایی)

ڕەسووڵ سێڵەکە

ڕێژیمە سیاسی‌یەکان هەمان مۆدێلی ڕێکخستنی دەسەڵاتی سیاسین کە دەتوانرێ بە چەند شێوەی...

ل٨

### داعش بۆ کورد نامۆ نیە

تەهای ڕەحیمی

چەقینی سەرهەڵدانەکانی بەناوی بەهاری عەرەبی لە سووریە و هەڵسوکەوتی توندوتیژانەی دەسەڵاتی ئەسەد دەگەڵ جەماوەری...

ل١١

درێژە لە لاپەڕەی (١)ـەوە

## سەردانی هەیئەتێکی کۆنسولی ئەمریکا لە هەولێر لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بە سەردانێکی رەسمی گەیشتە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە لایەن هەیئەتێکی رێبەریی حیزب بە سەرپەرستیی کاک خالید عزیزی، سکرتێری گشتی حیزبەوە پێشوازی لی کرا .

لەو دانیشتنەدا سەرەتا دوو لایەن بۆچوون و خوێندنەوەی خۆیان لە سەر پرسە سیاسی‌یەکانی ناوچە هێنایە بەر باس و لە ژێر تیشکی ئەو بۆچوونانە دۆخی سیاسیی کوردستان لەو هاوکێشانەدا ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

لەو باسانەدا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە وردی باسی لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێران‌دا کرد و رەفتار و سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ ئیدارەی کوردستان و پراکتیک و بەرنامەی بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێران خستە بەرباس.

هەیئەتی حیزب لە باسەکانیان‌دا تیشکیان خستە سەر ئەوەی کە سەرەڕای سیاسەتی حاشای کۆماری ئیسلامی لە پرسی کورد لە ئێران و زاڵکردنی کەشی ئەمنیەتی و سەرکوت لە کوردستان، بەڵام چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لە بەرامبەر ئەو کردەوانەدا خۆڕاگری دەکەن و بە هەڵسوڕانی مەدەنی لە مەیدانی تێکۆشان بۆ مافەکانیان دان. هەر لەو پێوەندییەدا باس لە سیاسەت و بۆچوونی حیزبی دێموکرات لە هەمبەر جموجۆڵ و تێکۆشانی مەدەنیی خەڵکی کوردستان کرا.

دوو لایەن لە درێژەی ئەو دانیشتنەدا باسیان لە سیاسەتی دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە پرسە نێوخۆییەکانی وڵاتانی ناوچە کرد و تیشکیان خستە سەر ئەوەی مەبەست لەو دەستێوەردانە قوڵکردنەوەی شەڕی ئایینی و مەزهەبی و تاییفی لە نێوان پێکهاتەکانی ئەو وڵاتانەیە کە کۆماری ئیسلامی قازانجی خۆی لەو ناکۆکی‌یانەدا دەبینێتەوە.

خەبات دژی تێرۆریسم لە ناوچە و پێویستیی هاوخەباتیی بەرەی دژی تێرۆر بابەتێکی دیکەی باسەکانی ئەو دیدارە بوو.

## کوژرانی سەرگوردێکی هێزە ئینتیزامی‌یەکانی بانە

سەرگوردێکی هێزە ئینتیزامی‌یەکانی بانە لە ئاکامی تەقەی چەند چەکدارێکی نەناسراو کوژرا.

بەپێی راپۆرتی پەیامنێری کوردستان و کورد رۆژی سێشەممە، ٢ی خەرمانان ماشێنێکی هێزە ئینتیزامی‌یەکان کە چوار کەسی تێدا بووە، لە پشتی بڵەسەنی بانە درایە بەر دەستڕێژی چەند چەکداری نەناسراو.



لەو رووداوەدا هەموو سەرنشینەکانی ئەو ماشێنە بریندار دەبن و بۆ نەخۆشخانە دەگوازرێنەوە، بەڵام دواتر سەرگورد بەهائەدین محەممەدی، یەک لەو کەسانە بەهۆی سەختیی برینەکەی گیانی لە دەست دا.

سەرگورد بەهائەدین محەممەدی، خەڵکی سنە یەک لەو فەرماندانەی هێزە ئینتیزامی‌یەکان بوو کە خەڵکی ناوچە لە دەستی وەزاڵە هاتبوون. ئەو کە فەرماندەی بازاڕچەی ماڵەدۆم بوو، فشارێکی یەکجار زۆری خستبووە سەر کاسبکارانی ئەو سنوورە .

شایانی باسە کە تا ئێستا هیچ لایەنێک بەپرسایەتیی ئەو هێرشەی وەئەستۆ نەگرتوە.

## هەوڵی ناوەندە ئەمنیەتی‌یەکان بۆ هەڵگێڕانەوەی بنەماڵە شەهیدەکان لە حیزب

ناوەندە ئەمنیەتی‌یەکان بەپێی پیلانێکی چەپەڵ لە ژێر ناوی «دڵدانەوەی بنەماڵەی کوژراوەکانی سەردەمی شەڕ» سەردانی بنەماڵە شەهیدکانی حیزبی دێموکرات دەکەن و هەوڵ دەدەن سەرنجیان بۆ لای خۆیان راکێشن.

بەپێی راپۆرتی پەیامنێری کوردستان و کورد لە هەوڵێکی دیکەدا کەسانی سەر بە ناوەندە ئەمنیەتی‌یەکان لە بانە سەردانی بنەماڵەی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کردوە و لەگەڵ خۆیان چەند قوتو شیرینی و سیدییەک لە چەواشەکاریی شەڕی کوردستانیان بۆ بردوون و وێڕای دڵدانەوەیان داوایان لێکردوون ئەو بیرەوەرییانە لە بیرکەن و پشت لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و روو لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بکەن.

ئەندامانی بنەماڵە شەهیدکانی حیزبی دێموکرات لە هەموو ئەو سەردان و کۆبوونەوانەدا رایانگەیاندوە کە کوڕ و رۆڵەکانی ئێمە بە ناحەق لە سەر خاک و نیشتمانی خۆیان شەهید کراون و ئێمە ناتوانین لە خوێنیان خۆش بین و شەرمەزاریان بین.

شایانی باسە ئەوە تەرحێکی گشتی‌یە لە هەموو شار و ناوچەکانی کوردستان بەڕێوە دەچێ و بە پێی دانانی کەسێکی نێو ناوەندە ئەمنیەتی‌یەکان لە شاری بانە، هیچ کام لەو هەوڵانەی رێژیم بۆ راکێشانی سەرنجی بنەماڵەی شەهیدانی حیزب سەرکەوتوو نەبوون و بە قەولی خۆیان خێریان بۆ رێژیم نەداوەتەوە.

## وەفدێکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد لە سووریە سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کرد



ئێوارەی رۆژی شەممە، ٣٠ی گەلاوێژ وەفدێکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد لە سووریە بە سەرپەرەستیی ئیبراهیم برۆ، سەرۆکی ئەو ئەنجوومەنە، سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کرد و لە لایەن شاندێکی حیزب بە سەرپەرەستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب پێشوازییان لێکرا.

لە سەرەتای ئەو دانیشتنەدا ئیبراهیم برۆ باسی رەوشی رۆژئاوای کوردستان و کێشە و ئاریشەکانی ئەو پارچەیەی نیشتمانی کرد. ناوبراو رەخنەی لە هەڵسوکوتی تاکڕەوانەی هەندێک لایەن لە رۆژئاوای کوردستان گرت و داوای کرد کە حیزب و رێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستان، هەرکامیان بە گوێرەی خۆیان، بە هێنا گۆڕی ئەو پرسە لەگەڵ لایەنی دەسەڵاتدار لە رۆژئاوای کوردستان، داوای لێ‌بکەن کە واز لەو رەفتارانەی بێنێ و بە شێوەیەک هەڵسوکەت بکا کە هەموو حیزبە سیاسی‌یەکانی رۆژئاوای کوردستان بتوانن بە شێوەیەکی ئازادانە و ئاشتیانە چالاکیی سیاسی بکەن.

لە درێژەی ئەو دانیشتنەدا کاک خالید عەزیزی وێڕای ئاماژە کردن بەوەی کە دەوڵەتانی دراوسێی کوردستان هەوڵی ئاژاوەنانەوە لە نێو کورددا دەدەن و بە داخەوە لە نێو کوردیش‌دا هەندێک هێز و لایەن بە شێوەیەکی پاوانخوازانە هەڵسوکەوت دەکەن و لە پارچەکانی دیکەدا دەستێوەردان دەکەن، کە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە رەت دەکەینەوە و داوا دەکەین هەموو حیزبە سیاسی‌یەکانی کوردستان رەچاوی دۆخی ژێئۆپۆلیتیکی کوردستان و تایبەتمەندی‌یەکانی پارچەکانی کوردستان بکەن و لە دەستێوەردان لە پارچەکانی دیکەدا خۆبپارێزن.

سکرتێری گشتیی حیزب لە درێژەی باسەکەی‌دا گوتی: ئەگەر لێکحاڵیبوون لە نێوان حیزبەکانی هەر پارچەیەکدا هەبێ و لەگەڵ یەکتر کۆک و تەبا بن، ئەوا حیزبی پارچەیەک ناتوانێ دەستێوەردانی پارچەیەکی دیکەی کوردستان بکا. کاک خالید پێداگری کرد لە سەر ئەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دژی هەرچەشنە هەڵسوکەوتێکی نادێموکراتیک و تاکڕەوانەیە، جا لە لایەن هەر هێزێکەوە بێ.

دوو لایەن لە کۆتایی دانیشتنەکەدا باسیان لە رەوشی رۆژهەڵاتی کوردستان و دۆستایەتیی نێوان لایەنەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە چوارچێوەی کۆنسێپتێکی نەتەوەیی‌دا کرد.

## بەڕێوەچوونی چەند کۆبوونەوەیەکی ئێعترازی لە شارەکانی ئیلام، سنە و کرماشان

لە ئیلام، سنە و کرماشان چەند کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی‌دەربڕین لە پێوەندی لەگەڵ نەدانی مووچە و هەقدەستی کرێکاران و کارمەندانی دەوڵەتی بەڕێوەچوو.

لە ماوەی رابردوودا گرووپێک لە کارمەندانی رێکخراوی ژینگەپارێزیی شاری ئیلام بەهۆی دواکەوتنی مووچەی دوو مانگیان لە شوێنی ئەم ئیدارەیە لە شەقامی مودەریس کۆبوونەوە و داوای پێدانی مووچەکانیان کرد.

لە شاری سنەش کۆمەڵێک لە کارمەندانی گرێبەستیی رێکخراوی ئاگرکوژێنەوە بە هۆی خراپیی بارودۆخی شوغڵی و وەرنەگرتنی مووچەی مانگی پووشپەڕ و گەلاوێژیان لە بەردەم ئەم ئیدارەیە لە شەقامی تاڵەقانی کۆبوونەوە و ناڕەزایەتییان دەربڕی.

هەروەها لە کرماشانیش گرووپێک لە خانەنشین‌کراوانی ئیدارەی جیهادی سازەندەگی بە هۆی پێنەدانی هەقی پاداشتی ساڵانە کە لە ساڵی رابردووە نەدرابوو، لە بەردەم ئەم ئیدارە کۆبوونەوە و داوای وەڵامدانەوە بە داواکانیان بوون.

هەر لەم پێوەندییەدا دیسان لە شاری کرماشان کۆمەڵێک لە کرێکارانی شیرکەتی «مێنۆ ریل»ی کرماشان بە هۆی وەرنەگرتنی مووچەی ٤ مانگیان لە چوارڕێیانی ئیرشادی کرماشان کۆبوونەوە و ناڕەزایەتیی خۆیان سەبارەت بەوە دەربڕی.



## سەلاحەدین دمیرتاش: ئەگەر تورکیە هی ئێمەیە با پێکەوە دروستی بکەینەوە




سەلاحەدین دمیرتاش، هاوسەرۆکی پارتی دێموکراتیکی گەلی تورکیە لە دیدار لەگەڵ کەسوکاری قوربانیانی هێرشی خۆکوژیی غازی عینتاب‌دا روو بە دەوڵەتی تورکیە گوتی، بۆ دەربازبوون لە شەڕی تیرۆریزم دەبێ هاوکاری یەکتر بین.

سەلاحەدین دمیرتاش روو بە ئەردۆغان گوتی، گوێ بدە ئێمە، دەنگی ئۆپۆزیسیۆن ببیستە، لە دەوڵەتەکەی نێو دەوڵەتەکەت بپرسەوە، دەنا کوشتنەکان بەردەوام دەبێ و هەموو رۆژێ دەمانکوژن، با لە تەنیشت یەک بین، لێگەڕێ با ئەو کەسانەی ئەم کوشتارەیان کردوە سزا بدرێن و با پێکەوە بۆ شەڕی ئەم کەسانە بچین.

دەمیرتاش گوتی ئەگەر ئەم وڵاتە هی ئێمەشە، ئەگەر ئێمەش هەقمان بەسەر هەموو خاکی تورکیەوە هەیە کەواتە وەرە با پێکەوە وڵاتەکەمان لەسەر بنەمای ئاشتی و ئارامی دروست بکەینەوە.

لە لایەکی دیکە یەکیەتیی کۆمەڵگەی کوردستان کە لە هەموو رێکخراوە کوردی‌یەکانی باکووری کوردستان و یەک لەوان پ ک ک پێکهاتووە، لە بەیاننامەیەدا بۆ گەڕانەوە بۆ سەر مێزی وتووێژەکان لەگەڵ تورکیە ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە.

جێی بیرهێنانەوەیە کە شەوی شەممە،٣٠ی گەلاوێژ، لە شاییەکدا لە شاری غازی عینتاب لە باکووری کوردستان لاوێکی خۆکوژ خۆی تەقاندەوە و لە ئاکامدا بە دەیان کەس کوژران و بریندار بوون کە هەموویان خەڵکی مەدەنی و زۆربەیان ژن و منداڵ بوون.

## راپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی پەروەندی زانیار و لوقمان مرادی

لوقمان و زانیار مرادی، دوو زیندانیی سیاسیی کوردی مەحکوم بە ئێعدام لە حاڵێکدا هەشت ساڵ لە بەندکرانیان تێدەپەڕێ، هێشتا دوابڕیار لەسەر پەروەندەکەیان یەکلا نەبۆتەوە و مەترسیی لەداردانیان لە سەرە.

بەپێی راپۆرتی ناوەندی دێموکراسی و مافی مرۆڤی کوردستان، لە دوو ساڵ و نیو لەوە پێشەوە هیچ هەوڵێک بۆ دادگای پێداچوونەوە بە پەروەندەی ئەو دوو زیندانی‌یە نەدراوە تا بارودۆخیان بە یەکجاری یەکلا بێتەوە.

لە دوایین کۆبوونەوەی دادگاییکردنی ئەوان لە گەلاوێژی ١٣٩٣ی هەتاوی‌دا، ساڵح نیکبەخت، پارێزەری مرادی‌یەکان داوای کردبوو کە سێ شایەت کە بێ تاوانیی ئەو دوو کەسە دەسەلمێنن بانگ بکرێنە دادگا، بەڵام قازیی پەروەندەکە بە بیانووی تەکمیل‌نەبوونی پەروەندەکە، کۆبوونەوەی دادگای خستە دواوە. ئەو پەروەندەیە تا ئێستا سێ جار بۆ تەکمیلکرانی بەڕێی مەریوان کراوە، بەڵام بەبێ هیچ گۆڕانکاری‌یەک بەڕێی تاران کراوەتەوە.

زانیار مرادی و لوقمان مرادی لە گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٨ لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی مەریوانەوە دەسبەسەر کران. ئەوان لە بەفرانباری هەمان ساڵدا بە تۆمەتی «دژایەتیکردنی خودا لەرێگەی ئەندامەتی لە حیزبێکی کوردیی دژبەری ئیسلامی» و « دەست‌تێداهەبوون لە کوشتنی کوڕی ئیمام جومعەی مەریوان» کە مانگێک پێش لە گیرانی ئەو دوو ئامۆزایە کوژرابوو، حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپا.



ئەو حوکمە لە دادگای پێداچوونەوەی پارێزگا و دیوانی بەرزی وڵاتیش پشتڕاست کرایەوە و ئێستا زانیار و لوقمان مرادی لە زیندانی رەجایی شاری کەرەج لە ژێر پەتی سێدارە دان.

# ٤٥٠٠ حوکمی ئێعدام لە ئێران چارەنووسیان ناڕوونە

ئەندامێکی کۆمیسیۆنی حقووقی و قەزایی مەجلیس ڕایگەیاند کە ٤ هەزار و ٥٠٠ زیندانیی سزادراو بە حوکمی ئێعدام چارەنووسیان ناڕوونە و داوای پێداچوونەوە بە پەروەندەکانیان کردوە.

ڕوحوڵڵا حەزرەتپوور ڕۆژی یەکشەممە، ٣١ی گەلاوێژ، ڕایگەیاند کە قانوونی پێوەندیدار بە ئێعدام و «سزاکانی زیندان»ی کێشەخوڵقێنن و داوای کرد دووبارە پێداچوونەوە بە پەروەندەی ئێعدامەکاندا بکرێتەوە.

حەزرەتپوور هەروەها گوتی «سزای زیندانەکان» لە ئێران کاریگەریی نەبوە و کەسی پێنەگەڕاوەتەوە و ئێمە ئێستا چەرخەی نقوستانی دووپاتبوونەوەی تاوانەکان دەبینین.

بابەتی پێداچوونەوە بە هێندێک لە قانوونەکانی قەزایی لە پێوەندی لەگەڵ سزای ئێعدام لە ئێران لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا لە لایەن کاربەدەستانی قەزاییەوە هاتۆتە بەرباس.

جەواد لاریجانی، سکرتێری ستادی مافی مرۆڤی



دەزگای قەزاییش مانگی سەرماوەزی ساڵی ٩٣ ڕایگەیاندبوو کە دەکری تەنیا بە گۆڕینی یەک قانوون پێش بە ئێعدامکردنی سەدی ٨٠ بەندکراوان بگیردرێ.

ئێران لە بواری سەرانەی ئێعدام لە جیهاندا پاش وڵاتی چین لە پلەی دووهەمی جیهان دایە و هەموو ساڵێ بە سەدان کەس لەو وڵاتە بە تۆمەتی جۆراوجۆر ئێعدام دەکرێن.

# لە مانگی ڕابردوودا لانیکەم ٧٦ کەس لە ئێران ئێعدام کراون

لە مانگی گەلاوێژی ئەمساڵدا لانیکەم ٧٦ بەندکراو لە شارە جیاجیاکانی ئێران ئێعدام کراون کە ٢٩ کەسیان بە تۆمەتی سیاسی ـ ئەمنیەتی و ٧ کەسیشان لەبەر چاوی خەڵکدا لە دار دراون.

بەپێی ڕاپۆرتی کانوونی بەرگریی لە مافی مرۆڤ لە ئێران، شەپۆلێکی نوێی ئێعدام لە ئێران دەستی پێکردوە و لە ماوەی مانگی ڕابردوودا لانیکەم ٧٦ کەس بە ئاشکرا ملیان بە دارەوە کراون.

ئامارەکان دەڵێن لە گەلاوێژی ئەمساڵدا گەورەترین ئێعدامی بەکۆمەڵی بەندکراوانی سیاسی و عەقیدەتی لە بیست ساڵی ڕابردوودا جێبەجێ کرا. ڕۆژی ١٢ی گەلاوێژ لانیکەم ٢٥ بەندکراوی سوننی مەزهەب لە زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج ملیان بەدارەوە کرا و پاش حەوتوویەکی دیکە محەممەد عەبدوڵڵاهی، بەندکراوی سیاسیی کورد لە بەندیخانەی ناوەندیی ورمێ حوکمی ئێعدامەکەی جێبەجێ کرا.



شایانی باسە کە ڕێژەی بەرزی ئێعدام لە ئێران وایکردوە کە وڵاتانی ڕۆژاوا، ناوەندە نێودەوڵەتی‌یەکانی مافی مرۆڤ و پێشتریش ئەحمەد شەهید ڕاپۆرتنێری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافی مرۆڤ لە ئێران بەردەام ڕەخنەی توندی لێبگرن، بەڵام ئێران تا ئێستا پێملی هیچ فشار و داوایەک نەبووە.

# پەروەندەی گەندەڵی‌یەکانی بنیاتی شەهید لە ئێران دیزە بەدەرخۆنە کرا




پەروەندەی گەندەڵی‌یەکانی بنیاتی شەهید لە ئێران سەرەڕای بەدواداجوونی مەجلیس دیزە بەدەرخۆنە کرا.

عەلی لاریجانی سەرۆکی مەجلیسی شواری ئیسلامی دەڵێ لێکۆڵینەوە لە پەروەندەی گەندەڵی‌یەکانی بنیادی شەهید چەند سەد میلیۆنی خەرج لەسەر دەستی مەجلیس دانا، کەچی لە کۆتایی‌دا هەر نەمانزانی ئاکامەکەی بوو بە چی؟

مەجلیسی شورای ئیسلامی لە خولی نۆیەم و هاوکات لەگەڵ دەوڵەتی دووهەمی ئەحمەدی نژاد، گەڵاڵەی لێکۆڵینەوە و بەدواچوون لە لادانەکان لە بنیادی شەهیدی پەسند کرد و کاری لەسەر کرا.

ڕاپۆرتەکانی کۆتایی ساڵی ٩٣ کە لە زمان ئەندامانی هەیئەتی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی مەجلیسی شورای ئیسلامی لە ڕاگەیەنەکان بڵاوکرایەوە، دەری خست کە گەندەڵی و دزیی میلیاردی لەم ناوەندەدا کراوە کە لە ژێر دەسەڵاتی عەلی خامنەیی دایە.

ئەمیر خۆجەستە، سەرۆکی کومیتەی لێکۆڵینەوە و پشکنینی بینادی شەهید لە مەجلیسی نۆیەم پێشتر ڕایگەیاندبوو کە ئەگەر سەرۆکی مەجلیس ئیزن بدا ٣٠ هەزار بەڵگە لەسەر لادانی ئەم ناوندە دەوڵەتی‌یە دەخاتە ڕوو. ئەو دەڵێ زۆربەی ئەو گەندەڵی‌یانە لە سەردەمی ئەحمەدی نژادا کراوە.

ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ گەندەڵی‌یەکان لە بینادی شەهید لە مەجلیسی نۆهەمدا نەخوێندرایەوە و خۆجەستە چەند جار باسی لە «فشارە سیاسییەکان» بۆ ڕێگری لە خوێندنەوەی ئەم ڕاپۆرتە کرد. ئێستاش سەرۆکی مەجلیس دەڵێ چیدی مەجلیس کار لەسەر لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە ناکا.

عەلی لاریجانی لەسەر ئەم بنەمایە دانی بەوە دانا کە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی دووبارە لە گەندەڵی‌یەکان لە بنیادی شەهید چەند سەد میلیۆنی دیکەشی خەرج دەبێ، هەر بۆیە مەجلیس جارێکی دیکە ئەوە ناخاتەوە دەستووری کاری خۆی.

شایانی باسە بنیادی شەهید ساڵی ١٣٥٨ بە بڕیاری ڕوحۆڵڵا خومەینی، ڕێبەری ئەو کاتی کۆماری ئیسلامی دامەزرا و ئێستاش لە ژێر دەسەڵاتی خامنەیی دایە.

# ڕۆژانە ٣٨٥٠ کانتینێر بە بێ پشکنین لە بەندەر عەباسەوە دێتە ئێرانەوە

دادستانی گشتیی ئێران ڕایگەیاند کە ڕۆژانە ٣٨٥٠ کانتینێر لە ڕێگەی بەندەر عەباسەوە بە بێ پشکنین و چاودێریی دێنە ئێرانەوە.

محەممەد جەعفەر مونتەزێری گواستنەوەی مادەی هۆشبەر لە ڕێگەی ئاو و وشکانی‌یەوە بە کێشەی سەرەکی سنوورەکانی ئێرانە و گوتی، هۆکارەکەی بۆ کۆنتڕۆڵنەکردنی سنوورەکان دەگەڕێتەوە.

ناوبراو هەروەها دەڵێ ڕۆژانە ٤ هەزار ماشێنی گەورە و کانتینێر لە بەندەر عەباسەوە دێنە ئێران کە تەنیا ١٥٠ دانەیان بارەکانیان کۆنتڕۆڵ و چاودێری دەکرێن.

مونتەزێری شیمانەی ئەمە دەکا کە ئەم ٣ هەزار و ٨٥٠ کانتینێرەی چاویان لێ ناکرێ، جا مادەی هۆشبەر بێ یان هەر شتێکی دیکە بە قاچاخ هاوردەی ئەم وڵاتە دەکەن.

پێشتر حەبیبوڵڵا حەقیقی، سەرۆکی ڕێکخراوی بەربەرەکانی لەگەڵ کاڵای قاچاغ و دراو گوتبووی کە ڕۆژانە ٤ هەزار کانتینێر لە ڕێگەی بەندەری ڕەجایی‌یەوە دێنە نێو خاکی ئێرانەوە، لە حاڵێکدا ئەم بەندەرە ڕۆژانە دەتوانێ بە دەزگایەکی ئێکس ڕەی، تەنیا ٢٠٠ کانتینێر چاودێریی بکا.

قاچاخی کاڵا لە ئێران یەکێک لە گرینگترین دیاردەکانی ئابووریی و نوێنگەی گەندەڵی لە ئێرانە و ئەمە لە حاڵێک دایە کە هێندێک لە



ڕاگەیەنەکان ئاشکرایان کردوە کە کاربەدەستانی بەرپرس لە پشتی پەردەی قاچاغی مەشرووب و چەکوچۆڵ بۆ ئێران دایە.

چاوەدێرانی سیاسی دەڵێن زۆربەی ناوەندە نیزامی ـ ئەمنیەتی و حکومەتی‌یەکان دەستیان لە هاوردەی بە قاچاخی کاڵادا دایە، ئەوەش لە حاڵێکدایە ڕۆژانە لە کوردستان کۆڵبەرانی کورد لە سەر هێنان و بردنی بارێک بە سەر شانیان دەدرێنە بەر دەستڕێژ و دەکوژرێن.

بەپێی ڕاگەیەندراوی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ٩٤ عەلیڕەزا جەمشیدی، سەرۆکی ڕێکخراوی سزا حکومەتی‌یەکان، نرخی ساڵانەی قاچاخ لە ئابووریی ئێران زیاتر لە ٢٠ میلیارد دۆلارە.

# تەرخانکرانی سەدان کورسیی زانکۆکانی زانستی پزیشکی بۆ سپای پاسداران

لە کونکووری ئەمساڵ و لە بڕیارێکی سەیردا لە زۆربەی زانکۆکانی زانستی پزیشکیی ئێران لە بەشە جیاجیاکان پزیشکی‌دا، بوورسیەی تایبەت بۆ سپای پاسداران داندراوە.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە زیاتر لە ٢٠ زانکۆی زانستی پزیشکیی ئێران بوورسیەی سپای پاسدارانیان بۆ دیاری کراوە و بۆ یەکەم جار کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامانی سپای پاسداران لە زانکۆکان وەرگیران.

دەگوترێ هێندێک لە زانکۆکانی ئێران سەدی ٢٠ تا سەدی٣٠ خوێندکارەکانی لە ئەندامانی سپای پاسدارانن کە لە تەنیشت خوێندکارانی ئاسایی لەسەر پۆلەکان دادەنیشن.

لەم وەرگرتنە تایبەتەدا ئەولەوییەت بە بەسیجی و بنەماڵەکانیانن و پێشتر دەبێ ئەم کەسانە ئەندامی سپای پاسداران بووبن و پاشان لە لایەن سپاوە



بوورسیەیان پێدەدرێ بە مەبەستی تایبەت لە زانکۆکان دەخزێندرێن.

چاودێرانی سیاسی دەڵێن سپای پاسداران هیچکات پێویستیی بەم هەموو پزیشک و کادری دەرمانی‌یە نابێ بەڵام شیمانەی ئەوە دەکرێ کە ئامانجی دیکەی لە پشت بێ و لەم ڕێگەیەوە بیانەوێ ئاسانتر زانکۆکان کۆنتڕۆڵ بکەن.

# لە یەک ساڵی ڕابردوودا ٥٢٠ هەزار کەس لە ئێران باریان کردوە

بەپێی ئاماری بانکی جیهانی هەموو ساڵێ زیاتر لە ٣٠٠ هەزار کەس لە ئێران دەڕۆن و لە پێناو ژیانێکی باشتردا وڵاتی خۆیان بەجێ دێڵن، بەڵام ئامارەکانی ساڵی پێشوو دەڵێن ئەو حەشیمەتە خۆی لە ٥٢٠ هەزار کەس داوە.

کۆچی خەڵک لە ئێران بە تایبەت لاوان ئێستا دیاردەیەکی زەق لە ڕۆژەڤی ئێرانە و ئامارەکانی ڕێکخراوی سەبت و ئەحواڵی ئێرانیش دەڵێن لە سەرجەم نزیک بە ٤ تا ٥ میلیۆن ئێرانی لە وڵاتانی دەرەوەدا دەژین.

لەولاش جەواد قەوام شەهیدی، سکرتێری شورای بەرزی کاروباری ئێرانیان لە دەرەوەی وڵات بە ڕۆژنامەی «فەرهیختەگان»ی ڕاگەیاندوە نزیک بە سەدی ٧ی حەشیمەتی ئێران یانی نزیک بە ٤ تا ٦ میلیۆن ئێران لە دەرەوەی وڵات دەژین.

درێژەدان بە خوێندن یەکێک لەو هۆکارانەیە کە زۆربەی خەڵکی ئێران ڕەکێشی کۆچ بۆ دەرەوەی وڵات دەکا، بەڵام زۆربەی کارناسان لەسەر ئەم بڕوایەن کە هۆکاری سەرەکیی کۆچ لە ئێران، ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری‌یە.



سەعید سۆهراب پوور، جێگرەوەی بنیادی میللی بژاردەکان لە ئێرانیش وێڕای تەئیدکردنی شەپۆلی نوێی ڕاکردنی بژاردەکان لە ئێران گوتی لە ماوەی ٣ ساڵی ڕابردوودا سەدی ٤٠ براوەکانی میداڵی زێڕی ئۆلەمپیادی خوێندکاری و قوتابی‌یان ئێران بەجێ دێڵن و ڕوو لە وڵاتانی ئەمریکا و کانادا دەکەن.

ئامارەکانی سندووقی نێودەوڵەتیی دراو دەری دەخەن کە ئێران لە نێو ٩١ وڵاتی جیهان‌دا لە پلەی یەکەمی ڕاکردنی مێشکەکان و بژاردەکان‌دا جێی گرتوە، ئەم مەسەلەیە بە مانای چوونەدەرێ و بەفیڕۆچوونی ساڵانە ٥٠ میلیارد دۆلار بۆ وڵاتی ئێرانە.

# زەنگەنە: بە میلیارد دۆلار پووڵی خەڵک خورا و کەس دەنگی دەرنەهات

بیژەن زەنگەنە، وەزیری نەوتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەڵێ کاتێک کە ئێران گەمارۆی نێودەوڵەتیی لەسەر بوو سەدی ١٠ پووڵی فرۆشتنی نەوتی ئێران لە چین و سەدی ١٧ی پووڵی نەوتی فرۆشتراو بە کۆرەی باشوور چووەتە گیرفانی کەسانێکی نەناسراو.

بیژەن نامدار زەنگەنە، وەزیری نەوتی ئێران لە پرێس کۆنفرانسێکدا لە عەسەلویە، ڕایگەیاند لەم ساڵانەی کە ئێران گەمارۆی نێودەوڵەتی لەسەر بوو بە میلیارد دۆلار پوڵی نەوتی ئەم وڵاتە خورا.

زەنگەنە وێڕای ئاماژە بە چەند نموونەیەک گوتی، لە کورەی باشوور پوڵی نەوتی ئێمە سەدی ١٧ی و لە وڵاتی چینیش سەدی ١٠ کەمتر درا، بە شێوەیەک لە هەر یەک میلیارد دۆلار، ئێمە ٩٠٠ میلیۆن دۆلارمان وەردەگرت و ١٠٠ هەزار دۆلاری نەدەهاتەوە جێ.

ناوبراو گوتی ئێمە تا ئێستاش نەمانزانیوە کە ئەم هەموو پوڵە لە گیرفانی چ کەسانێک کراوە، بەڵام ئەوە خەڵکی ئێرانن کە ئەم تێچوویەیان بۆ داوە.

زەنگە بە ئاماژە بە هەڵڵای مووچەی نجوومیی هێندێک لە کاربەدەستان و بەڕێوەبەرانی دەوڵەت گوتی، مووچەی نەگونجاوی٤٠ میلیۆن تمەنی هێندێک کەس بۆ خەڵک سەیر و سەمەرەیە و خەڵک لەمە تێدەگا، لە حاڵێکدا کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو بە میلیارد دۆلار پووڵی ئەو خەڵکە خورا و لە ڕاستی‌دا ئەوە نجوومی بووە نە ئەم حقووقەی کەم کەسێک وەریان دەگرت و لێیان بڕا.

# لە ئێران ساڵانە ٤ هەزار کەس خۆیان دەکوژن

سەرۆکی ئەنجومەنی یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتی‌یەکانی ئێران دەڵێ لە ئێران‌دا هەموو ساڵێ ٤ هەزار کەس خۆیان دەکوژن، ئەوە جیا لەوەی خۆکوژیی دیکەش زۆر ڕوو دەدا بەڵام لە میدیاکان‌دا باس ناکرێ بە بێدەنگی تێدەپەڕن.

سەید حەسەن مووسەوی چەلیک، سەرۆکی ئەنجومەنی یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتی‌یەکانی ئێران دەڵێ بێ هیوایی لە هۆکارە سەرەکییەکانی خۆکوژی‌یە و تایبەتمەندی‌یەکانی کۆمەڵگەی ئێمە لەم بوارەدا هیوابەخش نییە.

ئەو دەڵێ لە وڵاتی ئێمە ڕەزامەندیی کۆمەڵایەتی، خۆشی و متمانە لە ئاستێکی نزم دایە کەچی لە بەرامبەردا توندوتیژی لە ئاستێکی یەکجار بەرز دایە. هەروەها لە بواری پێشکەوتن و سەرمایەی کۆمەڵایەتیش لە بارودۆخێکی باشدا نین. خەمۆکی و تێکچوونە دەروونی‌یەکان لە کۆمەڵگەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵگایە شاد و هیوادار نییە.

# ناسر ئێرانپوور، پیاوێک لە ڕەگەزی ڕووناکی



**قادر وریا**

لە هەر کۆمەڵێک و لە نێو هەر نەتەوەیەکدا کەسانێک هەن کە هەر هی خۆیان و هەر هی بنەماڵەکەیان نین، هی هەموو ئەو کۆمەڵ و نەتەوەیەن کە لە نێویاندا هەڵکەوتوون. دیارە ئەو جۆرە کەسانەش بە ڕێکەوت نابن بە سامان و ملکی کۆمەڵ و نەتەوەی خۆیان، بەڵکوو خزمەتیان بەو کۆمەڵ و نەتەوەیە و ڕۆڵیان لە بوارێک لە بوارە گرنگەکانی ژیانی ئەو کۆمەڵ و نەتەوەیە دایە کە ئەم جێگە و پێگەیەیان بۆ پێک دێنێ.

ناسر ئێرانپوور، بۆ ئەوانەی ئەهلی خوێندنەوە و بەدواداچوونی پرسە سیاسی و نەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانن، ناوێکی ئاشنایە. ئەو نووسەر و ڕووناکبیرە کوردە ڕۆژهەڵاتی‌یە، لە مێژ ساڵە بەشێکی گەورە لە توانا و کاتی خۆی بۆ وەرگێڕان و نووسین لە بواری مافی نەتەوەیی و بەرگری لە ڕەوابوونی پرسی کورد بە گشتی و لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی تەرخان کردوە. وەرگێڕانەکانی کە لە زمانی ئەڵمانی‌یەوە بۆ سەر زمانی فارسین، کۆمەڵێک یاسا و پەسندکراو و دۆکیۆمێنتی گرنگی پێوەندیدار بە مافە نەتەوەیی و زمانی‌یەکان و، سیستمی سیاسی و بەڕێوەبەری لە وڵاتانی فرە نەتەوە و فرەزمانی جیهان دەگرنە خۆیان. کاک ناسر بەم کارەی گەنجینەیەکی بە نرخ لە زانیاریی قانوونی و سیاسیی پێویستی بۆ ئەو کەسانەی بەشداری خەباتی نەتەوەیی و زمانیین، دابین کردوە. نەک هەر تاک تاکی ئەو مرۆڤانەی بۆ مافە نەتەوەیی و زمانی‌یەکانی خۆیان- بە شێوەی تاکەکەسی و سەربەخۆ یا وەک ئەندام و تێکۆشەری حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان تێ‌دەکۆشن- بەڵکوو ڕێبەرانی حیزب و ڕێکخراوە کوردی‌یەکانیش، ئەگەر بیانەوێ بە زانیاریی بە نرخ و بەڵگەی پتەو بچنە شەڕی بەرگریکردن لەو مافانە لەگەڵ نەیارانی دابینبوونی مافە نەتەوەیی و زمانی‌یەکان، پێویستە ئەم وەرگێردراوانەی بەڕێز ئێرانپوور بخوێننەوە و بە سوود وەرگرتن لەو زانیاری‌یانەی لێیان هەڵدێنجن، لەگەڵ دژبەران و نەیارانی چارەسەری دادپەروەرانەی پرسی نەتەوەیی و زمانی بکەونە دیالۆگ و پۆلیمیکی سیاسی. لیستی ئەو جۆرە وەرگێڕانانەی ئێرانپووری ماندووییەناس کە هێندێکیان نامیلکەیەکی تەواون، خۆ لە نزیکەی ٣٠ ناو دەدا.

بەڵام ناسر ئێرانپوورهەر بە وەرگێڕانی دۆکیۆمێنتی بەنرخ لەم بوارەدا نەوەستاوە. ئەو بە نووسینی وتار و بە بەشداری لە وتووێژی تەلەڤیزیۆنی و ڕادیۆیی و ئامادەبوون لە سمینار و کۆبوونەوەی سیاسی لەم سالانەی ڕابردوودا، ڕۆڵێکی دیاری هەبووە هەم لە بەرزکردنەوەی پایەی تیۆریک و ئیستیدلالیی ڕوانگە و بۆچوونی بەرگریکاران و لایەنگرانی پرسی ڕەوای نەتەوەی کورد و مەسەلەی نەتەوەیی بە گشتی، هەم لە پەرپەرچدانەوەی چەواشەکاری و هێرشی ناڕەوای نەیارانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە تایبەتی لە نێو شوڤێنیستە ئێرانی‌یەکاندا. یەکێک لە خاڵە بە هێزەکانی نووسین و وەڵامدانەوەکانی ئەم نووسەرە پڕکار و پڕبەرهەمە، نووسرانیان بە زمانی فارسی‌یە. ئەگەر کاک ناسریش وەک مەمانان هەر کوردینووس با و نووسراوەکانی تەنیا بە کەڵکی خوێنەرانی کوردزمان هاتبان، هەرگیز ئەم سوود و بایەخەی ئێستایان نەدەبوو. نەک لەبەر ئەوەی زمانی کوردی لە زمانی فارسی بە کەمتر بزانم، بەڵکوو بەو هۆیەوە کە پێویستە لەگەڵ نەیارە فارسیخوێن و فارسیزمانەکانی پرسی کورد، بە زمانێک کە لێی تێ‌دەگەن باس و پۆلیمیک بکەین، چەوتی و ناڕاستیی بۆچوونەکانیان بسەلمێنین و ڕاستی‌یەکانی پێوەندیدار بە نەتەوەکەمان و خەباتە ڕەواکەی خۆمانیان تێ بگەیەنین. ژمارەی ئەو کەسانەی لە ماڵپەرە فارسی زمانەکان و لەگەڵ هۆگران و دژبەرانی فارسزمانی پرسی نەتەوەیی و زمانی، بە لایەنگری لە بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان و پرسی ڕەوای نەتەوەی کورد، وەک کاک ناسر بە زمانی فارسی دەنووسن و قورس و قاییم وەدەست هاتوون، بە داخەوە زۆر نین. بەڵام هەر ئەو ژمارە کەمە زۆر جار بە ئیستیدلالی بە هێز و باسی دەوڵەمەندیان توانیویانە ڕووی زۆر لە نەیارە ئێرانی‌یەکانی پرسی نەتەوەیی و مافی نەتەوەکان و بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان و ئێران کەم بکەنەوە و پێش بە مەیدانداریی یەک لایەنەیان لە ڕاگەیەنەکاندا بگرن.

کاک ناسر لە مێژ ساڵە ئەندامی هیچ یەک لە حیزبە سیاسی‌یەکانی کوردستان و ئێران نیە. بەڵام بە شاهیدیی نووسین و وتووێژەکانی، هەر کات حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی کوردستان، پرس و بابەتێکی نوێ و بە سوودی خستووەتە ڕوو، یا بە بۆنەی هەنگاوێکی سیاسی و یا چالاکی‌یەکی ڕەوا کەوتووەتە بەر هێرشی ناڕەوا، بە دەستوبردتر لە ڕێبەری و کادرە دیارەکانی ئەو لایەنە و دەتوانم بڵێم زۆر جار موستەدەلتر، ڕاشکاوتر و قورس و قاییمتر لە ڕێبەران و سیماکانی ئەو جۆرە حیزب و ڕێکخراوانە، کەوتووەتە داکۆکی لێ‌کردنیان. کامڵبوونی فکری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ڕەوانیی ئەو ڕووناکبیرە کوردە بە زۆر لە تایبەتمەندی‌یەکانییەوە دیارن. ئەو هەر خەمخۆری پرسی ڕەوای نەتەوەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە، بەڵکوو هۆش و سەرنجی لە سەر ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش وەستاوەتەوە و لە کاتی خۆی‌دا نووسین و هەڵوێست و دەنگی هەبووە. لەگەڵ ئەوەی زۆربەی ئێمە هۆگران و خوێنەرانی، ئەو نووسەرە وەک شەڕڤانێکی بزووتنەوەی کورد لە سەنگەری بیر و قەڵەم و کاری فکری و سیاسی‌دا سەیر دەکەین، بەڵام نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێرانیش، حەق وایە هەر بەم چاوە لێی بڕوانن. چونکە ئەو وەک ڕووناکبیرێک و بە شێوەیەکی مەبدەئی و وەک پرەنسیپ، مەسەلەی هەموو نەتەوە بندەستەکانی ئێران بە مەسەلەی خۆی دەزانێ و لە جێی خۆی و لە کاتی خۆی‌دا، هەوڵی داوە قسە و هەڵویستی گونجاوی لە بارەیانەوە هەبێ. گەورەیی و بە هێزیی ڕوانین و بیرکردنەوەی ئەو مرۆڤە بە جەستە لاوازە، هێندێک هۆکار و سەرچاوەی دیکەشیان هەیە لەوانە: ئازادبیر بوون و ڕێزگرتن لە جۆراوجۆریی بیروڕای سیاسی، چەپبوون بە واتای باوەڕ هەبوون بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و نەمانی چەوسانەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ، خۆپاککردنەوە لە هەست و ڕوانینی دژەمرۆیی و، لە ڕوانگەیەکی ئینسانی و ئینساندۆستانەوە ڕوانین بۆ پرس و دیاردە و بابەتەکان و هتد.

داوەری و هەڵسەنگاندن لە بارەی ژیان و تێکۆشانی کاک ناسر ئێرانپوور، عەیبێکی گەورەی تێدا دەبێ ئەگەر دوو ڕاستی لە بارەی ئەو ڕووناکبیرە بە نرخە نەزانین. یەکەم ئەوە کە ناسر هەموو ئەو وەرگێڕان و نووسینە بە نرخانەی لە پەنا کاری قورسی ڕۆژانەی‌دا - کە ژیان و بەڕێچوونی خۆی و بنەماڵەکەی بەو کارەیەوە بەند بووە- ئەنجام داون. ئەو وەک ئەو ڕووناکبیرو نووسەرە خۆاپێداوانە نەبووە کە لایەنێک دەیانژێنێ و هیچ خەمی نان و ژیان و گوزەرانیان نیە و کاریان تەنیا خوێندەوە و نووسینە. دووهەم ڕاستییش ئەوەیە ناسر ئیرانپوور لە مێژ ساڵە لە بەشی زۆری ڕووناکیی چاوێکی بێبەشە. کاتی خۆشی(١٩٨٤) هەر بۆ عیلاجی ئەم نەخۆشی‌یە هاتووەتە ئەڵمان و لەوێ گیرساوەتەوە. هەر بە ڕووناکایی ئەو چاوە ساغەشی ، سەرەڕای کار و چالاکیی زۆری سیاسی، سەرکەوتوانە خوێندوویەتی و خۆی پێ گەیاندوە و بووە بەو ناسرەی ئەمڕۆ لە سایەی خزمەتە زۆرەکانی، هەموو ئەوانەی تا ڕادەیەکی باش دەیناسین، خۆشمان دەوێ و شانازیی پێوە دەکەین.

کاک ناسر، چەند ساڵێکە جاروبار و بە شێوەی کاتی لە گۆرەپانی نووسین‌دا خۆیمان لێ ون دەکا. ئەوە نەک خۆحەشاردانێکی دڵخواز، بەڵکوو ونبوونێکی نەخوازراوە. ئەمە، ئەو کاتانەیە کە لە ژێر چارەسەر دایە و خەریکی بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی‌یەکەیەتی. بەڵام لەو کاتانەش‌دا کە لە نەخۆشخانە کەوتووە، نەحەجمیوە. بیری هەر لای پرسە ڕەواکانی نەتەوەکەی و هاونیشتمانانی بووە. لە ئاکام دا، چەکەرەی پڕۆژەیەکی دیکەی نووسین و، چۆنیەتیی هاتنە دەنگ لە نووسین و لێدوانێکی تازەی نەیارێکی پرسی ڕەوای نەتەوەکەی، وەکوو ئازارەکانی نەخۆشی‌یەکەی، جینگڵیان پێ داوە. نوێترین بابەت کە بیر و زەینی ئەو خۆشەویستەی بە خۆیەوە خەریک کردوە، چۆنیەتیی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ دیاردەی جاشەتی بە هەموو جۆرەکانی‌یەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. دیاردەیەک کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، چەند ساڵێکە لە کاتی باسکردنی سەرکەوتنەکانیان لە سەرکوتی چالاکیی ڕێکخراوەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی کوردستان، سەرکەوتوانە و بە شانازی‌یەوە و لە ژێر ناوی «هاوکاریی خەڵکی خۆجێی لەگەڵ هێزەکانیان»، لێی دەدوێن. پێویستیی وەڕێخستنی هەوڵێکی بەرینی فکری و سیاسی و میدیایی لە دژایەتی لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا، ئەو بیرۆکەیە کە ناسری ئێرانپوور پێشنیار دەکا حیزب و ڕیکخراوە سیاسی‌یەکان و چالاکانی بواری سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیکەنە هەوێنی پڕۆژەی ئێستای خۆیان.

کاک ناسر هەتا ئێرە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی سیاسیی کوردستان و لە پێناوی بەرگری لە پرسە ڕەوای نەتەوەکەی‌دا، کەمی نەکردووە. ئەو گەنجینەیەک وەرگێڕان و نووسینی بەنرخی بەرهەم هێناوە کە بە ڕاستی شایانی خوێندنەوە و لێ‌فێربوون و پشت پێ‌بەستن لە دیالۆگ و موناقشەی سیاسی دان. سەرەڕای ئەمەش بزووتنەوەی نەتەوەیی و گۆڕەپانی ڕۆشنبیریمان پێویستیی زۆریان بە ناسرەکان و خاوەنانی ئەم جۆرە هزرە و بەهرە دەوڵەمەندانە هەیە. هەر بۆیە لە قووڵایی دڵمەوە ئاواتی بەردەوامبوون بۆ ناسری خۆشەویست دەخوازم.

# مەریوان، شارێک بۆ لێ‌فێربوون



**سمایل شەرەفی**

لەم ساڵانەی دوایی‌داو ناوەناوە کۆمەڵە جموجۆڵێکی مەدەنی و جەماوەری لە شاری مەریوان‌دا دەبیندرێ کە نەتەنیا لە سەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو لە سەر ئاستی ئێرانیش‌دا، ئەم شارەیان کردۆتە نموونەیەکی بەرچاو بۆ لێ‌فێربوون و قسە لەسەر کردن.

ئەو جموجۆڵ و چالاکی‌یانەی کە لە شاری مەریوان‌دا بەڕێوەدەچن و ئەم‌ساڵانە زیاتر لە ژێر ناوی «خەباتی مەدەنی و جەماوەری»دا پێناسە دەکرێن، خوێندنەوەی جۆراوجۆر هەڵدەگرن کە پێش ئەوەی بپەرژێینە سەریان، بە پێویستی دەزانم بە پرسیارێکی گشتی_ کە لەوانەیە یارمەتیمان بدا بۆ بەرچاوروونی‌یەکی زیاتر_ دەست پێ‌دەکەین؛

بۆ شاری مەریوان توانیویەتی مەوقعییەتێکی ئەوتۆ پەیدا بکات؟!

> مەریوان توانی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ببێتە نموونەیەک بۆ کەڵک وەرگرتن لە دەرفەت و بۆنەکان کە دواتر زۆرێک لە شار و ناوچەکانی کوردستانی لە بواری جموجۆڵ و چالاکی‌یە مەدەنی‌یەکان‌دا بەدوای خۆدا ڕاکێشا

بۆ وڵامدانەوە بەم پرسیارە پێویستمان بە ئاوڕدانەوەیەکی نە زۆر دوور بە ڕەفتاری سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی ئەم شارە هەیە بۆ ئەوەی بزانین کە چ هۆکارگەلێک وای کردوە کە شاری مەریوان وەها مەوقعییەتێکی مەدەنی_جەماوەری پەیدا بکات.

ئەگەر لە ڕێپێوانە مەزنەکەی ئێوارەی ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٥٨ەوە دەست پێ‌بکەین کە خەڵکی ئەم شارە بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بە هاتنی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بۆ نێو شار وەڕێیان خست و بە هەزاران کەس شاریان چۆڵ کرد، دەکرێ لە پاشخانی ئەم جووڵە مەدەنی و جەماوەری‌یانە تێ‌بگەین.

لە کۆتاییەکانی دەیەی چلی هەتاوی و بە تایبەت لە دەیەی ٥٠ی هەتاوی‌دا کۆمەڵە هەوڵێکی مەدەنی و ڕێکخراوەیی(دامەزراندنی ئەنجوومەن و سەندیکای پیشەیی) لەم شارە لە لایەن کۆمەڵە کەسێکی خاوەن نفووز و جێی متمانەی خەڵک وەک ؛ کاک فواد مستەفاسوڵتانی، عەتا ڕۆستەمی، حوسێن پیرخزری و کۆمەڵێک کەسی دیکە کە دواتر هێندێکیان وەک سیما ناسراوەکانی بەشێک لە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و بە تایبەت لە کۆمەڵەدا دەرکەوتن، ڕێکخران کە بێ‌گومان شوێنەوارێکی تاریخی‌یان لە سەر ڕەفتاری جەماوەریی خەڵکی ئەم شارە دانا.

هەر ئەم پاشخانە لە کاری ڕێکخراوەیی وای کرد لە دەرفەتێکی تایبەت‌دا بە شێوەیەکی زۆر سەرسووڕهێنەر لە ماوەی کەمتر لە چەند کاتژمێردا، ئێوارەی ڕۆژی ٣٠ پووشپەڕ ی ١٣٥٨ی هەتاوی، بە هەزاران کەس لە خەڵکی شاری مەریوان لە دەوری یەک کۆببنەوە و بە مەبەستی پێشگرتن لە خوێن‌ڕشتن و، بە نیشانەی ناڕەزایەتی لە هاتنی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵاتگەیشتووی کۆماری ئیسلامی بۆ نێو شار، لە ڕێپێوانێکی جەماوەری و تاریخی‌دا شار چۆل بکەن کە دیتمان بە نیسبەت شارەکانی دیکەی کوردستانەوە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم نەیانتوانی خەڵک ڕەشەکوژ بکەن. کەوابوو لە ڕووی مێژووییەوە، ئەم جموجۆڵە مەدەنی و جەماوەری‌یانە لە شاری مەریوان دیاردەیەکی تازە نیە و خاوەنی پاشخانێکی پڕشنگدارە.

کاریگەریی ئەم جۆرە یەکگرتوویی و یەکریزی‌یەی خەڵک لە شاری مەریوان دواتریش لە قالبی یەکێتی‌یەکانی جوتیاران و کرێکاران و سەندیکای جۆراوجۆردا بوو بە هەوێنێک بۆ کاری جەمعی لە داهاتووی جموجۆڵ و چالاکی‌یەکانی خەڵکی ئەم شارەدا.

جووڵە مەدەنی و جەماوەری‌یەکانی شاری مەریوان بە تایبەت لە ماوەی یەک دەیەی ڕابردوودا، توانیویەتی چەند قۆناغیک ببڕێ و بە شێوازێکی پڕڕەنگتر و گشتگیرتر خۆی بنوێنێ؛ چالاکیی فەرهەنگی لەم شارەدا نەتەنیا سنووری خودی شاری بڕیوە، بەڵکوو توانیویەتی لە سنوورەکانی ئێرانیش بترازێ و ببێتە شوێنێک بۆ پێشاندانی هونەر و کلتووری گەلانی دیکە لە وڵاتانی دەوروو‌بەر. کە بۆ ئەم نموونە دەکرێ ئاماژە بە فستیڤاڵەکانی «شانۆی سەرشەقامی مەریوان» بکەین کە ساڵانە لەم شارەدا بەڕێوە دەچێ. ژینگەپارێزی لە کوردستان لە شکڵی گشتگیری خۆی‌دا هەر لەم شارەوە توانی پەیامی نیشتمان‌دۆستی بە سەرجەم شار و ناوچەکانی کوردستان بگەیەنێ و هەر ئێستا بە هەزاران کوڕو کچی کوردستان لە ژێر ناوی «ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان» و ئەنجوومەنەکانی دیکەی هاوشێوەدا کار لە بواری ژینگەپارێزی‌دا دەکەن.

مەریوان توانی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ببێتە نموونەیەک بۆ کەڵک وەرگرتن لە دەرفەت و بۆنەکان کە دواتر زۆرێک لە شار و ناوچەکانی کوردستانی لە بواری جموجۆڵ و چالاکی‌یە مەدەنی‌یەکان‌دا بەدوای خۆدا ڕاکێشا. بەڕێوەبردنی ڕێورەسمە نەورۆزی‌یەکان لە شکڵ و شێوازێکی جەماوەری و گشتی‌دا سەرەتا لە ئاواییەکانی سەربەشاری مەریوانەوە بوو بە سەرەتایەک کە دواتر زۆرێک لە شوێنەکانی دیکەی کوردستان کردیان بە نموونەیە بۆ خۆدەرخستن و چالاکی نواندن.

ئەوە سەرەتا خەڵکی شاری مەریوان و ئاواییەکانی ئەم شارەبوون کە بۆ لەنێو بردن و دژێو نیشاندانی کۆمەڵە دیاردەیەکی ناشیرینی کۆمەڵگای کوردستان، وەک؛ ڕاوکردن و قلیانکێشان، قەفەسەکان و قلیانەکانیان سووتاند و تێکشکاند کە دواتر دیتمان لە شارەکانی دیکەی کوردستان و تەنانەت ئێرانیش بوون بە نموونە بۆ لێ‌فێربوون. ئەوە سەرەتا چالاکانی شاری مەریوان بوون کە بۆ پتەوترکردنی نەفسی «لێبووردەی»ی و «گوزەشت» سەردانی بنەماڵەی قوربانیانی ڕووداوە نەخوازراوەکانیان دەکرد و داوایان لێ دەکردن کە کەسی تاوانباری مەحکووم بە مەرگ ببەخشن و «گیانی کەسێک لە مەرگ ڕەزگار بکەن»، کە دواتر دیتمان لە چەند شوێنێکی دیکەی کوردستان بوو نموونە. ئەوە کچان و ژنانی شاری مەریوان بوون کە یەکگرتووانە و بە شێوازێکی مەدەنی و جەماوەری لە زۆر بواردا هاتنە مەیدان و دژ بە کۆنەپەرەستی و بێ‌ڕێزی‌کردن بە «ژنی کورد» مەیداناری‌یان کردو ئیرادەی خۆیان بەسەر دەسەڵاتدا سەپاند کە دەکرێ وەک دوایین نموونە ئاماژە بە ناڕەزایەتیی کچانی دوچەرخەسواری ئەم شارە بکەین کە بۆ دژایەتی بەرانبەر بە قسەکانی ئیمام‌جومعەی شار، ڕژانەسەر شەقامەکان و وێڕای بەدەستەوەگرتنی دوچەرخەکانیان، داکۆکی‌یان لە مافەکانی خۆیان کرد.

بە گشتیی زۆرن ئەو چالاکی و جووڵە مەدەنی و جەماوەری‌یانەی کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا شاری مەریوانیان کردۆتە نموونەیەک بۆ لێ‌فێربوون. جێی خۆیەتی لە کۆتایی‌دا بە ڕێزو پێزانینەوە بڕواندرێتە کارو چالاکیی تێکۆشەرانی مەدەنیی ئەم شارە کە لە هەموو بوارەکان‌دا شارەکەیان کردۆتە نموونە بۆ لێ‌فێربوون.

> چالاکیی فەرهەنگی لە شاری مەریوان‌دا نەتەنیا سنووری خودی شاری بڕیوە، بەڵکوو توانیویەتی لە سنوورەکانی ئێرانیش بترازێ و ببێتە شوێنێک بۆ پێشاندانی هونەر و کلتووری گەلانی دیکە لە وڵاتانی دەوروو‌بەر. کە بۆ ئەم نموونە دەکرێ ئاماژە بە فستیڤاڵەکانی «شانۆی سەرشەقامی مەریوان» بکەین کە ساڵانە لەم شارەدا بەڕێوە دەچێ

# هۆلوکاستی شەستەکان



رزگار ئەمینژاد

هەموو ساڵێک و لە مانگی گەلاوێژدا، یادی قوربانیانی ساڵی ١٣٦٧ دەبێ بە دەلاقەیەکی تەنگ و بە رووی رابردوویەکی تەماویدا دەکرێتەوە. ئەمسالیش یادی کوشتاری زندانیانی سیاسی بە جیاوازی‌یەکی رێژەیی و، بۆ جارێکی دی هاتە رۆژەڤەوە. ئەم جیاوازی‌یە لە پێوەندی بە بڵاوکردنەوەی کاسێتێکدا دەردەکەوێ کە دەفتەری ئایەتوڵا مونتەزەری بۆ یەکەمجار بڵاوی کردەوە و لە ئەنجامدا کاردانەوەی بەرپرسانی حکوومی لێکەوتەوە و، ناوی خومەینی بۆ جارێکی دی وەک فتوابێژی ئەم کوشتارە هاتە ئارا.

کاسێتەکە لە ٢٤ی گەلاوێژی ١٣٦٧ دا تۆمار کراوە و، گرنگیی ئەم بەڵگەیە لەوە دایە کە پەردە لە سەر دیالۆگێکی زیندوو لە نێوان مونتەزەری و موهەندیسانی ئەم جەنایەتە سامناکە لادەدا. نێوەرۆکی ئەم دیالۆگە بە رواڵەت باس لە نیگەران بوونی مونتەزەری دەکا لەمەڕ کارتێکەریی ئەم «رەوەندە» لە سەر چارەنووسی ئینقلابی ئیسلامی و بەتایبەت خومەینی. ئەم وتارە هەوڵ دەدا خوێندنەوەیەکی دیاردەشوناسانە بکا بۆ دوو خاڵی گرینگ کە لەو کاسێتەدا باسی لێکراوە: یەکەم خاڵ؛ داننانی ئایەتوڵا مونتەزەری بە ناشەرعی بوونی سزاکان و پرسی «بەرەوەند کردنی» کوشتاری جیابیرانە لە کۆماری ئیسلامی. خاڵی دووهەم؛ قسەی موهەندیسانی کۆشتارەکەیە کە پێوەندیی بە بەشی تیۆریکی ئەم وتارەشەوە هەیە. ئەگەرچی ئەوان دان بە ناڕەوابوونی ئەم بڕیارەدا دێنن، بەڵام پێداگری لە سەر بەجێگەیاندنی «تەکلیفی شەرعی» و جێبەجێ کردنی کارێکی ناتەواو دەکەن. بۆ نموونە مونتەزەری لە کتێبی بیرەوەری‌یەکانی و لە زمانی نەییەری حاکمی شەرعدا دەڵێ: «ما تا الان ٧٥٠ نفر را در تهران اعدام کردەایم، ٢٠٠ نفر را هم به عنوان سرموضع از بقیه جدا کردەایم کلک اینها را هم بکنیم بعد هرچه بفرمایید.»

بۆ ئەوەی پێوەندی نێوان چەمکی هۆلوکاست و رووداوەکانی دەیەی شەستی ئێران روون بێتەوە، سەرەتا هەوڵ دەدەم بە کورتی باسێکی تێرمینۆلۆژیک لەمەڕ چەمکی هۆلوکاست بکەم، دواتر رەخنە بنەماییەکانی کارەساتی هۆلوکاست لەم وتارەدا دێتە بەر باس و، دواجار بەراوردێکی کورت لەمەڕ دیاردەی «خومەینی-یزم»و هۆلوکاستی دەیەی شەست لە ئێران دەکەم.

هۆلوکاست لە «هیلۆکافستۆن» وەرگیراوە کە وتەزایەکی لاتینی‌یە و لە دوو وشەی هێلۆس(بەتەواوی) و کافستۆس(سووتاندن) پێکهاتووە و ماناکەی دەبێتە؛ بەتەواوی سوتاندن. سەرەتا ئەم وتەزایە لە پێوەندی بە سزای سووتاندنی ئەو کەسانە دەکار دەهات کە لە دین لایان دابوو. لە سەدەی نۆزدەهەمدا هۆلوکاست وەک یەکێک لە ماناکانی ژینۆساید هاتە نێو ئەدەبیاتی سیاسی و لە چەند بەڵگەی مێژوویی‌دا و لە پێوەندی بە قڕکردنی ئەرمەنی‌یەکانی تورکیا باسی لێکراوە. دوابەدوای شەڕی دووهەمی جیهانی، هۆلوکاست لە پێوەندیی بە کەیسی سووتاندن و قڕکردنی یەهودی‌یەکان، ئۆتیست و کەمئەندامان، قەرەج و هۆمۆسێکسوالیتەکان بە دەستی نازی‌یەکانی ئاڵمان تۆمار کراوە کە هەژماری قوربانیانی ئەم کارەساتە دەگاتە شەش ملیۆن کەس.

زیگمۆند باومان(٢٠٠٥) کۆمەڵناسی پۆستمۆدێرن، لە کتێبە بەناوبانگەکەی‌دا «هۆلوکاست و مۆدێرنیتە» دەڵێ؛ تێگەیشتن لە کارەساتی هۆلوکاست نایەتە دی ئەگەر لە بنەماکانی سەرهەڵدانی مۆدێرنیتە تێنەگەین. پرۆژەی سڕینەوە لای فاشیزم، بە بۆچوونی باومان، بڕیاری پیاوێکی سەرشێت نەبوو بەڵکە چەمکی سڕینەوە بەشێک بوو لە ماهیەتی مودێرنیتە. مۆدێرنیتە بۆیە سەری هەڵدا تاکوو جیهان لەو شتە ناپاکانە خاوێن بکاتەوە کە گرێ دەخەنە بەردەم «شارەستانیەت» و «پێشکەوتن». ئەگەر مۆدێرنیتە شارستانیەت و پێشکەوتنی نەکردبایە بە ئایدۆلۆژیا، بە دڵنیاییەوە پرسی سڕینەوەش نەدەبوو بە ئامانجی فاشیزم و لە ئەنجامدا دەسکەنەی گیا هەرزەکانی بێستانی شارەستانیەتی نەدەکرد. بەم چەشنە زیگموند باومان پرسی هۆلوکاست نەک وەک رووداوێکی مێژوویی یاخۆ کارەساتێکی نامرۆڤانە، بەڵکە وەک دیاردەیەکی مەعریفی شرۆڤە دەکا. مەبەست لە مەعریفە ئەو چەمکە بنەماییانەن کە جیهانبینی مۆدێرنیتەیان لە سەر دامەزرا. باومان روانگەی رەخنەگەرانەی خۆی لە سەر ئەم چەمکانە چڕ دەکاتەوە: ١/ شارستانیەت، ٢/چەمکی «ئەوانی دی» و پرۆسەی سڕینەوە، ٣/ رێکاری عەقڵانی و بروکراسی، ٤/ سۆسیال دیستانس، ٥/ بەنۆرمال کردنی جینایەت و ٦/ ئەخلاقی گوێڕایەڵانە.

سەردەمی مەشرووتییەت. ئەگەر ئێمە نەتوانین ئەم زەنجیرە رووداوانە بە یەکەوە گرێ بدەینەوە، بە دڵنیاییەوە لە جینایەتی ساڵی ٦٧یش تێناگەین. ئەگەر هێندە دوور نەکەوینەوە، چۆن دەتوانین لە کێشەی مودەریس، فیتنەی کاشانی و هەرای خومەینی لە ساڵی ١٣٤٢ تێبگەین؟ زۆر سروشتی‌یە کە لە وتارێکی وەها کورتدا مەجالی خوێندنەوەیەکی مێژوویی بۆ ئەم دیاردەیە نەرەخسێ، هەر بۆیە هەوڵ دەدەم بە پشتبەستن بە مۆدێلی رەخنەگەرانەی باومان، تیشک بخەمە سەر رەهەندە مەعریفی‌یەکانی دیاردەی «سڕینەوە» کە لە مەکتەبی خومەینیزمدا نیهادینە کراوە.

بە پێی بۆچوونی باومان؛ چەمکی «ئەوانی دی» یەکێکە لە داهێنانەکانی مۆدێڕنیتە. «ئەوانی دی» لە سۆنگەی مۆدێرنیتەدا بە مانای جیاوازی‌یە و، هەڵبەت چەمکی جیاوازی لێرەدا بە پێوەری نۆڕمەکانی شارستانیەت و بەربەریەت هەڵدەسەنگێنرێ. ئەو شتانەی کە بەلای مۆدێرنیتەوە نۆڕماڵ نەبێ ئەوا جیاوازە و بە مانای بەربەریەتە و، بۆ نەهێشتنی جیاوازیش پێویستە پرۆسەیەک دیاری بکرێ بۆ دەسکەنە کردن. بۆ جێبەجێ کردنی وەها پرۆسەیەک پێویست بە رێکاری عەقڵانی دەکا و، باومان پێی وایە کە



ئەم وتارە هەوڵ دەدا خوێندنەوەیەکی دیاردەشوناسانە بکا بۆ دوو خاڵی گرینگ کە لەو کاسێتەدا باسی لێکراوە: یەکەم خاڵ؛ داننانی ئایەتوڵا مونتەزەری بە ناشەرعی بوونی سزاکان و پرسی «بەرەوەند کردنی» کوشتاری جیابیرانە لە کۆماری ئیسلامی. خاڵی دووهەم؛ قسەی موهەندیسانی کۆشتارەکەیە کە پێوەندیی بە بەشی تیۆریکی ئەم وتارەشەوە هەیە. ئەگەرچی ئەوان دان بە ناڕەوابوونی ئەم بڕیارەدا دێنن، بەڵام پێداگری لە سەر بەجێگەیاندنی «تەکلیفی شەرعی» و جێبەجێ کردنی کارێکی ناتەواو دەکەن

میتۆدۆلۆژیای رەخنەگەرانەی باومان، هانمان دەدا کە ئێمەش بە روانینێکی رووکەشیانە سەیری رووداوەکانی ساڵی ٦٧ نەکەین، بەڵکە بۆ تێگەیشتن لەم کارەساتە پێویست دەکا هەتا قووڵاییەکانی ژێرخانی خومەینیزم رەهەند لێبدەین و لەوێوە بۆ رەگەکانی ئەم جینایەتە بگەڕێین. کەواتە پێویستە سەرەتا لە سەر ئەم خاڵە هاوڕا بین کە کوشتاری زیندانیانی ساڵی ١٣٦٧ رووداو نەبوو بەڵکە بەشێک بوو لە ماهیەتی «سڕینەوە» کە بنەمای خومەینیزمی لە سەر داڕێژاوە. بۆ تێگەیشتن لەم کارەساتە ناچارین بگەڕێینەوە بۆ دواوە و گەشتێک بە نێو دالانی خوێناوی دەیەی شەستدا بکەین، کەمێ دوورتر بچینەوە بۆ ئینقلابی ١٣٥٧ و هەروەها بەرەو جۆزەردانی ١٣٤٢یش دا بگەڕێین. هەڵبەت رێگای ئەم کاروانە زۆر درێژە، هێندە دوورە کە دەگاتەوە بۆ دەیەی سی هەتاوی و لەوەش دوورتر بۆ

بروکراسی عەقڵانی‌ترین و گرینگترین میکانیزمی پرۆسەی سڕینەوە بوو کە نازی‌یەکانی ئاڵمان رەچاویان کرد. بە تەنیا بروکراسی دەیتوانی پرۆژەی هۆلوکاست خێراتر، وردتر، بەدسیپلین‌تر و بە کاراترین شێوە ببا بەرێوە. یەکێک لە کاریگەرترین کارکردەکانی بروکراسی بە پێی بۆچوونی باومان، لە زەمینەی ئەخلاقدا خۆی دەردەخا. باومان دەڵێ: ئەو کەسانەی دەستیان لە هۆلوکاستدا هەبوو، بە دڵنیاییەوە مرۆڤ بوون، دایک و باوکیان هەبوو، بەشێکیان ژن و منداڵیشیان هەبوو، تامی خۆشەویستی‌یان چێشتبوو، دەیانزانی بەزەیی و لێبوردن چییە و تەنانەت دەیانزانی ئازار چ مانایەک دەداتەوە، کەچی هەر ئەو کەسانە پۆل پۆل ژن و منداڵ و پیاوانی یەهودیان لە کورەی ئاگردا دەپەستاوت بۆ سووتاندن. بۆ تێگەیشتن لەم پارادۆکسە ئەخلاقی‌یە باومان خوێندنەوەیەک بۆ کاردکردی بروکراسی وەک ئەلتەرناتیڤی ئەخلاق دەکا. بەئەخلاقی کردنی بروکراسی نایەتە دی ئەگەر پرۆژەیەک بۆ سوسیال دیستانس لە ئارادا نەبێ و، مەبەست لە سوسیال دیستانس ئەو مەودایەیە کە لە نێوان بکوژ و قوربانی‌دا چێ دەبێ. هەتا ئەو مەودایە زیاتر دەبێ، بڕیاردان بۆ کوشتنیش ئاسانترە. لە وەها دۆخێک دایە دیاردەیەک بە ناوی «سیستم» دێتە ئاراوە و، سیستم بڕیاری کوشتن بە شێوەی سیستماتیک و لە سەرەوە بۆ خوارەوە دابەش دەکا. لە بوونی سیستمدا ئیدی کەس گرفتی ئەخلاقی نابێ، چونکە پێی وایە خۆی بەشێکی بچوکە لە پرۆسەی قڕکردندا و راستەوخۆ بەرپرسیار نییە لە جینایەتەکەدا. ئەم رەوەندە وەها نۆرماڵ دەبێتەوە کە هەموو لایەک خەم لە کارایی سیستمەکە دەخۆن و تێدەکۆشن کارەکان بە رێکوپێکی تەواو بکەن. بەم چەشنە بنەمای ئەخلاقی لە کارەساتی هۆلوکاستدا باشتر جێبەجێ کردنی ئەرکەکان و گوێرایەڵی بوو.

ئایدۆلۆژیای خومەینیزم لە سەر بنەمای دیالێکتیکی «حەرام» دامەزراوە. کاتێک باس لە دیالێکتیک دەکەین مەبەستەکەمان روونە، واتە چارەسەرکردنی دوو بۆچوونی فەلسەفی دژ بەیەک لە نێو تیۆریەکی گونجاودا(تێز و ئانتی تێز). دیالێکتیکی حەرام لە ئەنجامی هاودژیی شەڕ(تێز) و خێر(ئانتی تێز) پێکهاتووە کە یاسای شەرع چارەسەریی ئەو هاودژی‌یە دەکا. دیالێکتیکی حەرام یەکێکە لەو دیاردانەی کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ نەیتوانیوە لەگەڵ سەردەمی مۆدێڕندا تەعامول بکا. هەڵبەت کاتێک باس لە دیالێکتیکی حەرام دەکەین مەبەستمان لە ترادیشۆن یاخۆ رەوەندێکی نەریتی نییە، بەڵکە دیالێکتیکی حەرام شێوازێکە لە مامەڵەی کۆمەڵایەتی(سۆسیال ئینتەراکشۆن) کە وەک سیستم کار دەکا. لێرە بەدواوە کاتێک باس لە «سیستم» دەکەین مەبەستمان لە «تەکلیفی شەرعی‌یە» کە رێکار بۆ چارەسەریی پرسی پارادۆکسی ئەخلاقی دیاری دەکا. هەرای خومەینی لە ١٤ جۆزەردانی ١٣٤٢، لە راستی‌دا زەمینەی پراکتیزەکردنی دیالێکتیکی حەرام بوو. ئێمە دەزانین کە فتوای خومەینی بە دژی بڕیاری یاسای کاپیتولاسیۆن و بەتایبەت مافی ژنان بۆ دەنگدان بوو کە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر یاسای شەرع دەهاتە ئەژمار. کاتێک لە یەکەم رۆژەکانی سەرکەوتنی ئینقلابی ١٣٥٧ نزیک دەبینەوە، مەیدانی تەفسیری دیالێکتیکی حەرام هێندە بەرفراوان دەبێتەوە کە تەنانەت ئازادی، دیالۆگ، هونەر، شادی، ژن و دێموکراسیش دەخاتە خانەی «شەڕ». بیری ئازادی لە ئینقلابی ١٣٥٧دا وەها باڵی گرتبوو کە بە تەنیا لە بازنەی دیالێکتیکی حەرامدا دەستەمۆ دەکرا و، ئەگەر لە هێندێ دەرفەتدا زەروورەتی ئازادی دەهاتە ئارا، ئەوا سیستم بە ماشینی سڕینەوە دەهاتە مەیدان و قڕی دەکرد. لە هیچ قۆناغێکی مێژووی ئەم ئایدۆلۆژیایەدا شتێک بەناوی تەعامولی سازندە بەدی ناکرێ، بەڵکە هەوڵی سڕینەوە و لەخشتە بردن وەها نیهادینە کراوە کە بۆتە بەشێک لە ماهیەتی خومەینیزم.

پێناسە کردنی چەمکی «ئەوانی دی» زۆر گرینگە بۆ بەستێنسازی سڕینەوە و، لە وەها دۆخێک دایە کە سیستم ئامانجەکانی خۆی دەپێکێ. «ئەوانی دی» لە دیالێکتیکی حەرامدا خۆی لە «شەڕ»دا دەبینێتەوە و سروشتی‌یە کە یاسای شەرع لە خزمەت نەهێشتنی شەڕدا چاک کار دەکا و حدوودی خێریش بە باشی دیاری دەکا. دامەزراندنی دادگای ئینقلاب و دیاری کردنی حاکمی شەرع، فازی یەکەمی پراکتیزەکردنی دیالێکتیکی حەرام بوو کە بە خێرایی‌یەکی سەرسوورهێنەر بوو بە ئەمری واقع. ئەگەر تیۆری «ئەوانی دی» و پرۆسەی سڕینەوە لای خەڵک وەها بەهێز نەبوایە، چۆن کۆمەڵگەی ئێران کە لە ماوەی دەساڵی پێش ئینقلابدا خاوەنی باشترین سیستمی دادگوستەری بوو لە رۆژهەڵاتی ناوین، دەیتوانی پێملی سیستمی شەرع بێ؟ فازی دووهەمی دیالێکتیکی حەرام تاقیکاریی سیستم بوو. لە وەها دۆخێکدا زۆر گرینگە کە ئایدۆلۆژیای حەرام لە کارایی، خێرایی، وردبوونەوە و نەزمی سیستم دڵنیا بێتەوە. یەکەم تاقیکاری‌یەکانی سیستم لە سەر کەیسی ئەفسەر و کارگێڕانی رێژیمی پاشایەتی تاقی کرایەوە کە بە پێی بڕیاری حاکمی شەرع سزای گولەبارانکردنیان بە سەردا سەپا و حوکمەکەش لە سەر بانی جەماران، واتە ئەو شوێنەی خومەینی لێ دەژیا، بەرێوە چوو. بە دڵنیاییەوە لە ژێر چاوەدێریی خومەینی‌دا ئەم تاقیکاری‌یە سەرکەوتنی بەدەست هێنا، چونکە لە قۆناغەکانی دیکەدا مەیدانی مەحاکمە و مەرگ بۆ زیندانی ئەوین گوازرایەوە. تاقیکاریی سیستم قۆناغێکی دیکەی لەبەر مابوو تاکوو بە تەواوی دڵنیا بکرێتەوە و، ئەم تاقیکاری‌یە لە سەر یارانی نزیک لە ئینقلاب و خومەینی تاقی کرایەوە.

یەکێک لە گرفتەکانی سەر رێگای سیستم پرسی مەشرووعیەتی کۆمەڵایەتی‌یە کە لە رێگای سۆسیال دیستانسەوە زەمینەی شەرعی‌بوونی سیستم خۆش کرا. چێکردنی مەودای کۆمەڵایەتی لە نێوان «ئێمە» و «ئەوانی دی» مسۆگەر نەدەکرا ئەگەر دینامیزمێک بە ناوی «فتوا» لە ئارادا نەبوایە. فتوای جیهاد بۆ سەر خەڵکی کوردستان و دیاری کردنی سنووری نێوان کوفر و ئیسلام، مەیدانی بە سیستم دا کە لەبەر چاوی هەموو گەلانی ئێران، سەدان هەزار بۆمب و تۆپ و خۆمپارە بەسەر شار و گوندەکانی کوردستاندا ببارێنێ و دەنگی ناڕازی‌بوونیش لە کەس دەرنەیەت. بەدوای ئەم تاقیکاری‌یەدا، سیستم وەها دڵنیا کرایەوە کە ئەوجار دەگژ حیزبە هاوپەیمانەکاندا چووەوە کە لە جبهەی دژی ئیمپریالیزمەوە چەپڵەیان بۆ کارایی سیستم لێدەدا. کاتێک کەس نەما ئەوجار چووە سەرەوەختی زیندانیانی بێ‌پەنا کە پێشتر حاکمانی شەرع سزای زیندانیان بەسەردا بڕاندبوونەوە و ئەوانیشان بێکەسکۆژ کرد. ئەم سیستمە قەرار نییە لە شوێنێکدا راوەستێ، رۆژێک لە کەهریزەک چالاک دەبێتەوە، جاری وایە لە کۆنسێرتەکان دەردەکەوێ و هێندێجار بەر بە درگای باڵەکانی نێو رێژیمیش دەگرێ. کارایی سیستم بەرادەیەک سەرکەوتووە کە تەنانەت هەموو دەرکەوتەکان و جینایەتەکانی وەک رەوەندێکی نۆرماڵ و ئیلاهی دێتە بەرچاو ولە ئەنجامدا بووە بە بەشێک لە ئەخلاقی ئیسلامی. تەکلیفی شەرعی لە دیالێکتیکی حەرامدا بە مانای ئەخلاقی گوێڕایەڵانەیە و، تاکی ئەخلاقی کەسێکە کە بە باشترین شیوە گوێڕایەڵ بوونی خۆی بسەلمێنێ و کارەکانی سیستم تەواو بکا، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە بە هەزاران ملیارد تمەنیش ئیختەلاس بکا.

کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ٦٧ دا هەر جینایەت نەبوو، بەڵکە پرۆسەیەکی نۆرماڵ بوو کە دەبوایە سیستم بە باشی تەواوی بکا. زیگمۆند باومان مافی خۆی بوو ئەگەر دەیگوت: کاتێک سەدام لەبەر چاوی جیهاندا بە هەزاران کوردی کیمیاباران دەکرد و، خەڵکی تامیر بە پانەوە ژینۆساید دەکران، دڵنیا بووم کە ئێمە لە رەهەندە کارەساتاوی‌یەکانی هۆلوکاست تێنەگێشتوین و ئیدەی هۆلوکاست خاشەبڕ نەکراوە. بەراستی کەیسی هۆلوکاست چۆن دادەخرێ لە کاتێکدا دیالێکتیکی حەرام عەقڵی مودێڕن تووشی چالنج دەکا؟

# هێرشی تورکیه بۆ سەر رۆژئاوا



ڕەزا محەممەدئەمینی

ڕووداوە سیاسی‌یەکانی چەند حەوتووی ڕابردوو لە پێوەندی‌یەکانی نێوان وڵاتانی بەشدار لە قەیرانی سووریەدا، سەلمێنەری ئەو ڕاستی‌یە بوون کە لە مەیدانی سیاسەت‌دا هیچ دژایەتی و دوژمنایەتی‌یەک هەمیشەیی نییە و هەموو هاوبەندی و دۆستایەتی‌یەکانیش لە نێوان لایەن و دەوڵەتەکان‌دا، لەسەر بەستێنی قازانج و بەرژەوەندی‌یە هاوبەشەکان‌دا دادەمەزرێ.

لەو ماوەیەدا و بەتایبەت لە دوای سەرکەوتنەکانی کوردەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان لە بەرەکانی شەڕ بە دژی داعش‌دا، تورکیە تا ڕادەیەک ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ قەیرانی سووریەدا گۆڕی. تورکیە زۆر زوو پێوەندی‌یەکانی لەگەڵ ڕووسیە ئاسایی کردەوە و ئەردۆغان سەردانی ئەو وڵاتەی کرد و بەشێوەی فەرمی داوای لێبووردنی لە ڕووسیە کرد بۆ خستنەخوارەوەی فڕۆکە شەڕکەرەکەی ئەو وڵاتە لە سووریەدا. هەروەها بەپەلە پێوەندی بە کۆماری ئیسلامی‌یەوە گرت و مەترسیی هاوبەشیان، واتە کێشەی لەمێژینەی کوردەکانی بەربەرەکانی داعش ئەو گومانەی بەهێز کردوە کە ئەو پێوەندی‌یانە هەروا بەردەوامن و تورکیە هەر چەند نیشان دەدا لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە تێرۆریستی‌یە لە شەڕ دایە، بەڵام ئاراستەی هێرش و شەڕەکانی هێزەکانی کوردین. دیارە تورکەکان نەیانشاردۆتەوە کە بۆ ئەوان شەڕوانانی کورد و داعش هەر یەکن و لە شەڕدا فەرقیان پێ‌ناکات. هەرچەند لە سەرەتاوە ئەمریکا و ڕووسیە و وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە بەرانبەر هێرشی تورکیە بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بێدەنگیان هەڵبژارد و تەنانەت ئەو مەترسی‌یەش هاتە ئاراوە کە ئەو وڵاتانە لە ئاست تورکیەدا بەشێوەیەک کوردەکان پشتگوێ دەخەن، بەڵام هەروەک دەرکەوت ئەو هێرش و داگیرکاری‌یە لەگەڵ نارەزایەتیی ئەو وڵاتانەش بەرەورووو بوو.

ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی باش دەزانن ئەوەی لەسەر ئەرزی واقع لە عێڕاق و سووریە لەگەڵ داعش دەجەنگێ و توانیویەتی ئەو سەرەتانە تێکبشکێنێ، پێشمەرگە و شەڕوانانی کوردن. هەر بۆیەش ئەو هێزانە بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی گرینگی تایبەتی‌یان هەیە و دەزانن لە داهاتوودا دەتوانن لە شەڕی دژە تێرۆڕدا پێیان پشت‌ئەستوور بن. ڕەنگە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و هەروەها ڕووسەکان ئێزن ئەوبەری سنوور، واتە باکووری کوردستان بگوازنەوە. لە حاڵەتێکی وەهادا بێ‌گومان ئەوەی زەرەرمەندی سەرەکی‌یە تورکیەیە و ئەو وڵاتە باش دەزانێ ناتوانی لە لایەک لە دوو بەرەی نێوخۆیی(باکوور) و ڕۆژئاوای کوردستان لەگەڵ هێزە کارامە و شەڕدیتوەکانی کورد کە پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیان لەگەڵە بجەنگێ و لە لایەکی دیکەش وا نیشان بدات کە وێڕای ڕووسیە و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە بەرەی شەڕ بەدژی داعش و تێرۆڕیزم‌دا بەشدارە.

دیارە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و تەنانەت ڕووسیەش کە کەم‌وزۆر لایەنگری مانەوەی بەشار ئەسەد لە دەسەڵات دایە، لێبڕاون ڕێکخراوی تێرۆریستی داعش و بەرەی نووسرە... لە بەین بەرن و درەنگ یان زوو داعش لە عێڕاق و سووریە تێکدەشکێندرێ. ئەوەی لێرەدا بۆ نەتەوەی کورد لەو دوو وڵاتەدا گرینگە ئەوەیە کە داهاتوو و نەخشەی سیاسیی ئەو دوو وڵاتە چۆن دەبێ و کورد چ دەسکەوتێکی لە بری ئەو فیداکاری و لە خۆبردوویی‌یە دەست دەکەوێ؟! دەسەڵاتی کورد لە باشووری کوردستان و حکوومەتی هەرێم بۆتە ئەمری واقع و ئەوە بۆ زیاتر لە ٢٥ ساڵ دەچێ کە کورد دەسەڵاتی خۆی




وەبیر ئەو ڕژێمە هێنایەوە و سەرەڕای ناکۆکی قووڵیان لە زۆر بواری ناوچەیی‌دا، هەر دووک لا هاوهەڵوێست بوون لە پێوەندی لەسەر پاراستنی یەکێتیی خاکی سووریە و دژایەتی کردن لەگەڵ هەر چەشنە مافێکی کوردان. جگە لەوەش سەرەڕای پێداگری پێشووی لەسەر وەلانانی ڕێژیمی بەعسی بەشار ئەسەد، تورکیە ئامادە بوو لەگەڵ ئەو ڕێژیمەش و ڕۆڵی بەشار لە داهاتووی ئەو وڵاتەدا دانوستان بکات. چونکە هەروەک شیمانە دەکرا مانەوە لەسەر دەسەڵاتی ڕێژیمێکی خوێن‌ڕێژ و دیکتاتۆری وەک ڕێژیمی بەشار ئەسەد لە سووریەدا لە ڕوانگەی ئەردۆغان و دەوڵەتی تورکیەوە زۆر باشترە لەوەی کوردەکان لەو بەشە لە کوردستان خاوەن کیانێکی لە چەشنی باشووری کوردستان بن.

دیارە شەڕی شاری حەسەکە لە ڕۆژئاوای کوردستان لە نێوان سوپای ڕێژیمی سووریە کە لە لایەن هێزەکانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە پشتیوانی دەکران، لەگەڵ شەڕوانانی کورد لە لایەک و لە لایەکی دیکەش هێرشی بەربڵاوی لەشکەری تورکیە بۆ شاری جرابلۆس بە بیانووی شەڕ لەگەڵ داعش و لە ڕاستی‌دا بۆ بەرگری کردن لە لکاندنەوەی کانتۆنی عەفرین بە کۆبانێ و بۆمبارانی خەستی شەڕوانانی کورد، ئاماژەیەکی ڕوون بوون بۆ سیاسەتی هەمیشەیی داگیرکەرانی کوردستان و هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە دژایەتی لەبن‌نەهاتوویان لەگەڵ نەتەوەی کورد. بەو حاڵەش هەروەک دەرکەوت چ لە شەڕی حەسەکە و چ لە هێرشی تورکیە بۆ هێزەکانی پەیەدە لە دەورووبەری جرابلۆس، ئەوە ڕێژیمی بەشار ئەسەد و دەوڵەتی تورکیە بوون کە ناچار بوون ئاگر بەس ڕابگەیەنن.

لە هیچ کەس و لایەن و دەوڵەتێک شاراوە نییە کە تورکیە هەر لە سەرەتاوە پێوەندی پتەوی فکری و سیاسی و ئابووری لەگەڵ ڕێکخراوی تێرۆریستی داعش هەبوە و هەزاران ئەندامی ئەو ڕێکخراوە لە وڵاتانی جیهان‌دا لە خاکی تورکیەوە بە داعش پەیوەست بوون. هەر بۆیەش گرتنەوەی شاری جرابلۆس کە لە دەست داعش‌دا بوو بەو خێراییە و بەبێ بدەن تورکیە لە جرابلۆس وەمێنێ، بەڵام وەک دیارە بەردەوامی شەڕ لەگەڵ «یەکینەکانی پاراستنی گەڵ» کە بۆخۆیان ئەرکی ڕاهێنان و پڕچەک کردنیان وەئەستۆ گرتوە لە دەوڵەتی تورکیە قەبووڵ ناکەن. جگە لەوەش هەرچەشنە هێرشێکی درێژخایەنی تورکیە بۆ سەر هێزەکانی سووریای دێمۆکرات کە شەڕوانانی کورد لەودا ڕۆڵی سەرەکی‌یان هەیە لەسەر ئەو وڵاتە گران دەکەوێ.

تورکیە پاش کوودتاکەی ڕابردوو کە بووە هۆی هەڵتەکانی ئەڕتەش و، زۆربەی دام‌ودەزگا دادوەری و ئیداری‌یەکانی تووشی قەیرانێک بووە کە هەر ئێستاش بەردەوامە. هەر بۆیەش دەبینین ڕۆژ نییە کاربەدەستانی ڕەدەباڵای دەوڵەتی و دادوەری و لەشکەری لەسەر کار لانەدرێن یان ناچار بە دەست لە کارکێشانەوە نەکرێن. جگە لەوەش هەر ئێستا شەڕ لە باکووری کوردستان لە نێوان هێزەکانی پێ‌کاکا و ئەرتەشی ئەو وڵاتە بە خەستی بەردەوامە و تەنانەت شارە گەورەکانیشی گرتۆتەوە. ئەو شەڕ و نائارامی‌یانە لە لایەک و بوونی چەند میلیۆن ئاوارەی سووری لە لایەکی دیکە بەتەواوی کاریگەری نەرێنی لەسەر ئابووریی تورکیە داناوە و شک لەوەدا نییە بەردەوام بوونی شەڕ لە دوو بەرەی نێوخۆیی و دەرەوە نارەزایەتی گشتی لە کۆمەڵگەی تورکیەدا بەدواوە دەبێ. بەتایبەت کە خەڵکی ئەو وڵاتە دەزانن پاش زیاتر لە ٣٠ ساڵان دەسەڵاتدارانی تورکیە نەیانتوانیوە بە شەڕ و کوشت و بڕ و سەرکوت کردن کێشەی نەتەوەی کورد لەو بەشە لە کوردستان پووشبەسەر بکەن.

جگە لەوەش هەرچەند هەتا ئێستا شەڕوانانی کورد هیچ هەڕەشەیەکیان لە تورکیە نەکردوە و تەنیا لە ڕۆژئاوای کوردستان لە بەرانبەر هێرشی تورکیە، بەرگری‌یان لە خۆیان کردوە، بەو حاڵەش بەدوور نازاندرێ لە ئەگەری درێژەکێشانی هێرشی ئەڕتەشی ئەو وڵاتە بۆ سەر شار و گوندەکانی ڕۆژئاوا، پەیەدە و یەکینەکانی پاراستنی گەل، لە حاڵەتی بەرگری بێنەدەرێ و وێڕای هێرش بۆ سەر هێزە تورکی‌یەکان، ئاراستەی شەڕ بەرەو بەدەستەوەیە و سەرەڕای شەڕی نێوخۆیی و ئاسەوارە نەرێنی‌یەکانی کە ئێستاش بە جەستەی باشوورەوە دیارە و هەروەها پیلانە ڕەنگاوڕەنگەکانی دەوڵەتی ناوەندی عێڕاق و داگیرکەرانی کوردستان، ئەو دەسەڵاتە ئەگەر یەکریزی و یەکگرتوویی نێو ماڵی کوردی لەگەڵ بێ، گەڕانەوەی بۆ نییە و نیشانەکان وادەردەخەن کە بۆ یەکەمجار کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شاهیدی لەدایک بوونی دەوڵەتی کوردی لەو بەشە لە کوردستان‌دا دەبێ.

بەڵام داهاتووی سووریە و ڕۆژئاوای کوردستان لەدوای نەمانی داعش زۆر ڕوون نییە و دەکرێ بڵێین ئەوە کارتێکەری زلهێزە ناوچەیی و جیهانی‌یەکان لە لایەک و یەکگرتوویی و یەکریزیی گەلی کورد لە لایەکی دیکە دەتوانی جێگە و پێگەی کورد دیاری بکات. لە باری کارتێکەری و شوێندانەربوونی دەرەکی، ئەوەی کە هەتا ئێستا دیارە کورد و چارەنووسەکەی وەک نەتەوەیەک نەک هەر لە ڕۆژەڤی داگیرکەرانی کوردستان‌دا نییە، بەڵکوو هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، هەر لەجێ‌دا ئەو وڵاتانە دژی هەر چەشنە کیانێکی کوردین و هێرشی ئەم‌داوییەی سووریە و تورکیەش لەو ڕاستی‌یەوە سەرچاوە دەگرێ. لە پێوەندی لەگەڵ زلهێزە جیهانی‌یەکانیش‌دا بە ڕوونی دیارە هەر هەموویان لەگەڵ مانەوەی قەوارەی سیاسی سووریەن و کورد وەک نەتەوەیەکی حەقخواز لە ئەولەوی‌یەتی پلان و بەرنامەکانیان دا نییە.

بەوحاڵەش هیچ کام لەو وڵاتانە ناتوانن جێگە و پێگەی کورد لە داهاتووی سووریەدا لە بەرچاو نەگرن و ناتوانن بارودۆخی سەردەمی پێش شەڕی ناوخۆیی ئەو وڵاتە، بەسەر کورددا بسەپێننەوە. کورد لە داهاتووی سووریەدا(ئەگەر بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە) ڕۆڵی دەبێ و بە لانی‌کەمی ویست و مافەکانی دەگات، بەڵام دەستەبەر بوون و بەردەوام بوونی ئەو ئەو مافانە لە گرەوی یەکریزی و یەکگرتوویی ئەو بەشە لە نەتەوەکەمانە کە بە داخەوە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، پێوەی دیار نییە.

## ڕۆژەڤی ئێران

# ڕادەی وێرانی‌یەکان زۆرە یان...؟



حەسەن شێخانی

حەوتووی یەکەمی خەرمانان لە کۆماری ئیسلامیی ئێران‌دا بە حەوتووی دەوڵەت ناوزەد کراوە. لەو حەوتوویەدا عەمەلکردی دەوڵەت زیاتر لە هەرکاتێکی دیکە دەخرێتە تەرازووی هەڵسەنگاندنەوە. بە پێی نەریتی ساڵانەش سەرکۆمار و ئەندامانی هەیئەتی دەوڵەت لەگەڵ خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، دیدار دەکەن. لەو دیدارانەدا خامنەیی هەم گوێبیسی ڕاپۆرتی عەمەلکردی دەوڵەت دەبێ و هەم دید و تێ‌بینی و ڕەخنەکانی لە سەر عەمەلکردی یەکساڵەی دەوڵەت لە چوارچێوەی وتاردانێک‌دا دەخاتە ڕوو. ئەوەندەی لە بیرم بێ، ڕاوێژی ڕەخنەکانی ئەمساڵی بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو نەرمتر بوو! هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگێڕمەوە کە لە دوای ٧ی ڕەشەمەی ٩٤ەوە، کە بەرەی ریفۆرمخواز و میانەڕۆ سەرکەوتنێکی ڕێژەییان لە هەڵبژاردنەکان‌دا بە دەست هێنا، شەپۆلێکی بەربەرینی ڕووشێنەر بە نیسبەت دەوڵەت دەستی پێ‌کرد و تا هەنووکەش بەردەوامە ـ دیارە ئەو شەپۆلە ڕووی لە هەڵبژارنەکانی سەرکۆماریی مانگی گوڵانی ساڵی داهاتووشە. بۆیە خامنەیی بە پێویستی نەزانی کە ئاماژە و ئاراستەیەک بە باڵی ڕاست(ی توندئاژۆ) بۆ هێرش کردنە سەر دەوڵەت بدا! شایانی باسە کە خامنەیی لە کاتێک‌دا کۆدی هێرش بۆ سەر دەوڵەت بە لایەنگرە توندئاژۆکانی دەدا کە فەزایەکی تا ڕادەیەک هێدی لە هەمبەر دەوڵەت بوونی هەبێ!

خامنەیی لە دیداری ئەمساڵی لەگەڵ هەیئەتی دەوڵەت‌دا وێڕای ئەوەی کە چەند جار تانەی لە عەلی جەننەتی، وەزیری ئیرشاد دا و ڕەخنەی توندی لە بواری ژێر بەرپرسایەتیی ناوبراو گرت، گوتی پرسی سەرەکیی وڵات، پرسی ئابووری‌یە. بە سەرنجدان بە دۆخی نالەبار و قەیرانیی ئابووریی ئێران ڕاستیی ئەم قسەیە دەردەکەوێ. لەم وتارەدا بە پێی ئیمکان عەمەلکردی ئابووریی دەوڵەت هەڵدەسەنگێنم و دید و خوێندنەوەی هەرکام لە باڵەکانی نێو نیزام لە مەڕ عەمەلکردی دەوڵەت باس دەکەم.

ئابووریی ئێران بە سەختی هەناسە دەکێشێ و ئەم ڕاستی‌یەش حاشاهەڵنەگرە و کارناسانی ئابووری و داتا و ئامارەکانی خودی ڕێژیمیش ئەم ڕاستی‌یە پشت‌ڕاست دەکەنەوە. عەلی لاریجانی سەرۆکی مەجلیس لە دوازدەیەمین کۆنگرەی ئەندازیارانی بناژۆخوازدا بە زمانی ئامار و داتا دوایین دۆخی ئابووریی ئێران باس دەکا؛ بە پێی پێوانەکانی سەرانەی ناخالیسی میللی، ئازادیی ئابووری، ڕێژەی بێکاری، نرخی «تورم»، پشکی سەرمایەگوزاریی دەرەکی، شەفافیەت لە سیاسەتدارێژی دەوڵەتی و هتد، ئێران لەنێو وڵاتانی جیهان‌دا لە پلەکانی ئاخردا جێ‌دەگرێ و بە پێی ئامار و داتاکانی جێی ئاماژە، پلەی ئابووریی ئێران لە نێو ١٤٠ وڵات‌دا، ١٠٢یە. کەواتە تا ئێرەی پرسەکە هەموو دان بە خراپیی دۆخی ئابووریی ئێران‌دا دێنن. پرسیار یان پرسی جێی مناقشە ئەوەیە کە ڕوحانی لە ماوەی ٣ ساڵی دەوڵەتەکەی‌دا تا چەندە توانیویەتی بەڵێنی‌یە ئابووری‌یەکانی بەجێ بێنێ و پرسیارێکی دیکە کە بە داوی ئەمەدا دێتە ئارا ئەوەیە کە کاریگەریی بەرجام(ڕێککەوتنی ناوکی) لە سەر ئابووری چی بووە؟

١)ئۆردوگای دەوڵەت وریفۆرمخوازان: مەسعوودی نیلی ڕاوێژکاری باڵای ڕوحانی بۆ کاروباری ئابووری دەڵێ: زەربەیەک کە بە ئابووریی ئێران لە ساڵەکانی ٩١ و ٩٢ کەوت ئەوەندە گەورە بوو کە قەرەبووکردنەوەکەی ساڵانێکی زۆری دەوێ. بە قسەی نیلی ئابووریی ئێران بۆ ئەوەی کە بگەڕێتەوە بۆ پرۆسەی دێژماوەی دوای شەڕی «داسەپاو»، دەبێ لە ٥ ساڵی داهاتوودا گەشەیەکی زیاتر لە ٦ و نیو لە سەدی هەبێ. ئەو هەروەها دەڵێ ئەگەر مشوور و بەرنامەکانی دەوڵەت و دەرەنجامەکانی لاچوونی گەمارۆکان نەبا، ئابووریی ئێران وەک ئابووریی وێنێزۆئێلای لێ‌دەهات.

موحسین سەفایی فەراهانی لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامە «ئافتابی یەزد«دا دەڵێ: بە لە بەرچاو گرتنی هەموو گیروگرفتەکانی سەر ڕێگەی دەوڵەت و ڕەوتی باش‌بوونی هێواشی ئابووری، دیسان ناتوانین لاوازیی دەوڵەت لە بواری ئابووری‌دا نادیدە بگرین. دەوڵەت دەیتوانی باشتر کار بکا. کەواتە ئەوەی دژبەرانی دەوڵەت دەیڵێن هەرچەند گەورەکردنەوەی تێدایە بەڵام بێ جێش نیە. سەفایی فەراهانی سەبارەت بە دەرەنجامە ئابووری‌یەکانی بەرجامیش دەڵێ کە دەبێ پرسیارەکە ئەوە بێ ئەگەر ڕێککەوتنی ناوکی نەکرابا ئابووریی ئێران تووشی چ دۆخێکی کارەساتبار دەهات.

سەعیدی لەیلاز ئابووریزانی لایەنگری دەوڵەت لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی «اعتماد»دا دەڵێ کە بەرجام و سیاسەتەکانی دەوڵەتی ڕوحانی، ئێرانی لە لێواری داڕووخانی ئابووری، سیاسی، نیزامی و کۆمەڵایەتی نەجات دا. دابەزینی توانای کڕینی خەڵک لە ماوەی ساڵەکانی ٨٩ تا ٩٢ بە ڕادەیەک بوو کە لە شەڕی ٨ ساڵەش ڕووی نەداوە. لەیلازیش هاوبۆچوون لەگەڵ مەسعوودی نیلی پێی وایە زیانەکانی بەرکەوتوو بە ئابووریی ئێران لە سەردەمی ئەحمەدی‌نژاددا بە ڕادەیەک بەرفراون و گەورە بوون کە ساڵانێکی زۆری دەوێ کە بگەڕێینەوە خاڵی یەکەم. بە کورتی نەزەرزی ئۆردوگای میانەڕۆکان ئەوەیە: ئەلف) دەوڵەتی ڕوحانی لاوازیی هەیە و لە چەشنێک ناهەماهەنگی ئازار دەکێشێ. ب)دەوڵەت هەرچەند بە بارەتەقای وەعدەکانی هەنگاوی نەناوە و دەسکەوتی نەبووە بەڵام سەقامگیری‌یەکی ئابووریی دروست بووە و ئابووریش ڕەوتێکی بەرەو باش‌بوونی دەست پێکردووە هەرچەند تا خەڵک هەستی پێبکەن ماویەتی. بە واتایەکی دیکە ڕادەی وێرانی‌یەکان ئەوەندە زۆر بووە کە دەسکەوتەکانی دەوڵەت هەست پێ ناکرێن؛ قەبارەی خراپیی ئابووریی ئێران زۆر بووە ئەگینا دەوڵەت هەنگاوگەلێکی پۆزەتیڤی لەو بوارەدا ناوە. ٢)هەرچی بەرەی ئوسوولگەرا و بە تایبەت ڕاستی توندئاژۆیە دەڵێن بەرجام هیچ دەسکەوتێکی نەبووە و ڕوحانی نەتەنیا وەعدە ئابووری‌یەکانی بەجێ نەهێناوە بەڵکوو لە ٣ ساڵەی دەوڵەتەکەی‌دا دۆخی ئابووری خراپتریش بووە و بە پێچەوانەی ئۆردوگای میانەڕۆ دەڵێن دەوڵەت کارێکی گەورەی نەکردووە و هیچ دەسکەوتێک(ی مەلموس)ی ئابووری نەبووە.

–نەقلی قەولەکان بە نێوەرۆکن.

# ئێران و عەرەبستان؛ نۆ دەیە پەیوەندی



ڕەحمان پیرۆتی

نزیک بە نۆ دەیە لە پەیوەندی فەرمیی ئێران و عەرەبستانی سعودی تێدەپەڕێ. مەلیک عەبدولعەزیز بن سەعود و ڕەزا شای پەهلەوی لە ساڵی ١٩٢٨ و لە حاڵێکدا کە لە ئێران تەنیا چوار ساڵ لە دامەزرانی سلسلەی پەهلەوی تێدەپەڕی و عەرەبستان لە بەرەبەرەی دامەزراندنی حکوومەتی پاشایەتی عەرەبستانی سعودی بوو، پەیوەندی دیپلۆماتیکیان دامەزراند. پەیوەندییەک کە هەر لە سەرەتاوە نەیتوانی خۆی لە کۆتۆبەندی کێشە مێژووییەکانی سەفەوی-وەهابی و ناکۆکی‌یە مەزهەبی‌یەکانی سوننی-شیعە ڕزگار بکات، بەڵام بە گشتی لە سەردەمی هەر دوو پاشای پەهلەوی، ئەو پەیوەندی‌یە سەقامگیر و هەندێک جار دۆستانە بوو.

بەڵام بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، بە تۆخبوونی ڕەنگی مەزهەبی شیعە بەسەر سیاسەت و ئیستراتژی درێژماوەی حکوومەت، ئێران پشتیوانی لە کەمینەی شیعە لە عەرەبستان کرد و لە ڕێگەی هاندانی ئەوان بۆ بەشداریی سیاسی و داواکردنی مافەکانیان هەوڵی جێخستنی ئیدئۆلۆژی و ئاراستەی سیاسی ـ مەزهەبی خۆی دا. ئەوە کاردانەوەی عەرەبستانی لێکەوتەوە. دیارترین هەڵوێستی عەرەبستان، لە کاردانەوەی بە ڕێپێوانی سیاسی لە ڕێوڕەسمی حەجی ساڵی ١٩٨٧ دەرکەوت کە تێیدا زیاتر لە چوارسەد کەس لە حاجیانی بەشدار گیانیان لێ‌ئەستێندرا. لە کاردانەوە بەو ڕووداوە، باڵیۆزخانەی عەرەبستان و کوەیت لە تاران داگیر کران و دیپلۆماتکارێکی سعودیش بە برینداری گیانی لە دەست دا. عەرەبستان ساڵێک دواتر واتا لە ساڵی ١٩٨٨ پەیوەندی‌یەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەڵپەسارد و تا سێ ساڵ پێداگری لەسەر ئەو هەڵوێستەی کرد.

لە ١٩٩١ هاوکات لەگەڵ دەورانی سەرکۆماریی هاشمی ڕەفسەنجانی، عەرەبستان پەیوەندی‌یە دیپلۆماتیکەکانی لەگەڵ ئێران دەست پێ‌کردوە و تا ڕادەیەکیش هەر دوو حکوومەت لە هەڵوێستگرتن بەرامبەر دوژمنی هاوبەشیان واتا سەددام حوسێن هاوئاهەنگ بوون. هاشمی ڕەفسەنجانی کە تا ئێستاش لای زۆر کەس بە مێعمار و شارەزای پەیوەندیی سیاسی لەگەڵ عەرەبستانی سعودی دادەنرێ، ئاستی پەیوەندی‌یەکانی دوو وڵاتی لە دوژمنکاری‌یەوە بەرەو حاڵەتی پاسیڤ‌بوون برد.

بەڵام خاڵی وەرچەرخان لە پەیوەندیی دۆستانەی کۆماری ئیسلامی و عەرەبستانی سعودی لە سەردەمی ریفۆرمخوازان و سەرکۆماریی محەممەد خاتەمی هاتە کایەوە، کاتێک خاتەمی بە دنیابینی «وتوویژی شارستانیەتەکان» سەردانی ئەو وڵاتەی کرد و لە ریاز بە گەرمی پێشوازی لێ‌کرا. سەردانێک کە لە ساڵانی دواتردا ڕێککەوتننامەی ئەمنیەتی و سیاسی لێ‌کەوتەوە.

لە ڕووی ناوچەییەوە، عێراق ڕەنگە گرینگترین خاڵی بەهێزکەر یان لاوازکەری پەیوەندی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی و عەرەبستانی سعودی بە درێژایی سێ دەیەی ڕابردوو بێ. ئەگەر لە سەردەمی سەرۆکایەتی ڕەفسەنجانی و دوابەدوای هێرشی سەددام حوسێن بۆ سەر کوەیت وەکوو هاوپەیمانی نزیکی سعودیە، و شەڕی کەنداو چەشنێک هاوئاهەنگی لەنێوان ئەو دوو وڵاتە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێژیمی عێراق پەیدا ببوو، ئەوا لە کۆتاییەکانی دەورانی سەرۆک کۆماری خاتەمی و بە ڕووخانی حکوومەتی بەعس هەر ئەو وڵاتە بووە هەوێنی کێشە و ناکۆکی قووڵتری نێوانی ئەو دوو وڵاتە.

عێراقی سەردەمی سەددام، عێراقێک بە شوناسی عەرەبی سوننی بوو، و هەر چەند لەگەڵ عەرەبستان پەیوەندی‌یەکی دۆستانەی نەبوو، بەڵام لانیکەم بە توندی لە بەرامبەر تەوەری شیعە بە پێشەنگایەتی کۆماری ئیسلامی ڕاوەستابوو. بە نەمانی حکوومەتی سەددام حوسێن، لایەنەکانی شیعە کە زۆربەیان هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامی بوون، تەنانەت سەرەڕای ئەوەی کە لە یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی بە جیاوازیی یەک کورسی، پاش لیستی سوننیەکانی پاڵپشتیکراو لە لایەن سعودیە، لیستی دووەم بوون، دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت؛ عەرەبستان هەوڵی دا تا ئیزنی دووبارەبوونەوەی سێناریۆیەکی هاوشێوە لە شوێنەکانی دیکە نەدات.

چارەنووسی عێراق، هاندەری چەشنێک شەڕی نیابەتی بوو کە سەرەتا لە خودی عێراق و لە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان گرووپە توندڕەوە جیاوازەکانی شیعە و سوننی و لە کۆنترۆڵ دەرچوونی ڕەوشی ئەمنی ڕەنگی دایەوە. لە قۆناغی دواتر ئەو ڕووبەڕووبوونەوە بۆ شوێنەکانی دیکەی وەک لوبنان و فەلەستین تەشەنەی سەند، بەڵام زیاتر نێوەڕۆکی ململانێی سیاسی هەبوو.

لە لوبنان، عەرەبستان پشتیوانی‌یەکانی لە ڕەوتی «المستقبل» بە سەرۆکایەتی سەعد حەریری زیاتر کرد و لە بەرامبەردا کۆماری ئیسلامی هەوڵی دا لە ڕێگەی حیزبوڵڵای لوبنان مەیدانی سیاسی ئەو وڵاتە قۆڕخ بکات کە ئاکامەکەی ئاڵۆزیی چەندین ساڵە و ناکاممانەوەی هەوڵەکانی پێکهێنانی حکوومەت سەرەڕای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی بوو. دۆخێکی هاوشێوە بۆ ڕێکخراوی فەتحی میانەڕەو و بزووتنەوەی حماس، کە زیاتر لە عەرەبستانی سعودی نزیکە، لە فەلەستین هاتە کایەوە.

تا سەرهەڵدان و ئاڵۆزی‌یەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی، ململانێی کۆماری ئیسلامی و عەرەبستان زیاتر بەدژی بەرژەوەندی‌یەکانی یەکدی لە وڵاتانی هاوپەیمانی یەک بوون. بە ئاشکرابوونی چالاکیی نیزامی ـ ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی، عەرەبستان هاوتەریبی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئوورووپا هەوڵی دا کۆدەنگی بۆ پەسەندکرانی چەند بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایش بەدژی حکوومەتی تاران دروست بکات. نزیک بە یەک دەیە، پەروەندەی ئەتۆمی ئێران، یەکێک لە تەوەرە سەرەکی‌یەکانی سیاسەتی عەرەبستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بوو و سعودئەلفەیسەل، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی عەرەبستان، دیپلۆماسی وڵاتەکەی تەرخانی ئاشکراکردنی مەترسی دەستوێڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ناوکی کرد تا لەو ڕێگەیەوە بە بەرتەسککردنی بازنەی گەمارۆکان، هەوڵی لاوازکردن و لە نەهایەتدا لەنێوچوونی کۆماری ئیسلامی دابێ.

ناکۆکی و کێشەکانی نێوان عەرەبستان و کۆماری ئیسلامی بە سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی قووڵتر بوون. یەکەم وێستگەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دوو وڵاتە لە بەحرەین بوو. کاتێک ئۆپۆزیسیۆنی شیعەی بەحرەین، بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان و بە هاندانی کۆماری ئیسلامی بەدژی حکوومەتی پاشایەتی سوننی مەزهەبی ئەو وڵاتە هاتنەسەر شەقام، عەرەبستان بە ڕەوانەکردنی هێزی نیزامی پاڵپشتی لە حکوومەت کرد و لە ماوەیەکی کەمدا خۆپێشاندەران سەرکوت کران.

وێستگەی دووەم سووریە بوو. بە لاوازبوونی حکوومەتی بەشار ئەسەد، هاوپەیمانی نەریتی کۆماری ئیسلامی و حیزبوڵڵای لوبنان، زۆربەی وڵاتانی خاوەن کارتێکەری لە پرسە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گۆڕینی حکوومەتی ئەسەدیان خستە بەرنامەی کارەکانیان. بە درێژەکێشانی هەوڵەکان بۆ لە دەسەڵاتخستنی ئەسەد و لاوازیی هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکان، دەیان جوخەی مەرگ و گرووپی توندڕەوی ئیسلامی سازمان دران تا بە نوێنەرایەتی لە وڵاتانی دیکە، شەڕی حکوومەتی سووریە و لەو ڕێگەشەوە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بکەن.

داعش و گرووپی فەتحی شام و دەیان ڕێکخراوی تێرۆریستی توندڕەوی دیکە وەڵامی تەڕاتێنی سپای قودس لە عێراق و سووریە و لوبنان بوو تا ستراتێژی کەوانەی شیعە و پلانە زێدەخوازەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی لە نوتفە سەقەت بن. بەرهەمەکەشی تا ئێستا شەڕێکی درێژماوە و فەرسایشی لە سووریە و عێراق بووە کە تێچووی ئینسانی و ماڵی بەرفراوانی لێکەوتۆتەوە.

یەمەن، وێستگەی سێیەمی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دوو وڵاتە لە یەک دەیەی ڕابردوو بووە. بەهاری عەرەبی، دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی لە یەمەن بەرهەم هێنا، بەڵام زۆری نەخایاند کە کارشکنی و دەستتێوەردانی دەرەکی ڕەوشی هێوری ئەو وڵاتەی تێک دا. حوسی‌یەکان کە شیعە مەزهەب و نزیک بە سی دەرسەدی حەشیمەتی یەمەن پێک دەهێنن، بە قۆزتنەوەی دەرفەتی




> «بەشێکی بەرچاو لە کێشە و ناکۆکی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە هەناوی ڕکەبەری دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی و عەرەبستانی سعودی و هاوپەیمانەکانیان سەریان هەڵداوە.»

لاوازبوونی حکوومەتی ناوەندی، کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر پارێزگاکانی سەعدە و عمران و تەعێز زیاتر کرد و دواتر بە پشتیوانی دەرەکی و گرینگترینیان کۆماری ئیسلامی، شاری سەنعایان داگیر کرد. عەرەبستان لە بەرامبەر ئەو هەوڵانە دژکردەوەی توندی نیشان دا و بە پشتگیری‌کردنی حکوومەتی یاسایی ئەو وڵاتە، لە ڕێگەی ناردنی هێز و داگیرکردنەوەی سەنعا و گەڕاندنەوەی سەرۆک کۆمار عەبد مەنسوور هادی، دەسەڵاتی حوسی‌یەکانی بەرتەسک کردەوە. شەڕ و کێشەیەک کە تا ئێستاش بەردەوامی هەیە.

لە ڕووی ناوخۆییەشەوە، کەم نین ئەو ڕووداوانەی کە سەرەداوی دەستتێوەردانی ئێران و عەرەبستانیان تێدا ئاشکرا بووە. لە هەوڵی تیرۆری باڵیۆزی عەرەبستان لە بەیروت و واشنگتۆن لە لایەن ئێرانەوە بگرە تا کوژرانی حاجیان لە ڕێوڕەسمی حەج و بێ حورمەتی بە زیارەتکاران لە لایەن عەرەبستانەوە کە ماوە بە ماوە دەبێتە هۆی مشتومڕی ئەو دوو لایەنە. لە سێدارەدرانی شێخ نەمر، ڕوحانی شیعە و لە سەرکردەکانی کەمینەی شیعە لە عەرەبستان، دوایین هەڵوێستی ڕیاز بەرامبەر بە هەوڵەکانی تاران بۆ وروژاندنی ئۆپۆزیسیۆنی شیعەی عەرەبستان بوو؛ کە لە بەرەنجامدا هەڵوێستی توندی دوو لایەن و تەنانەت هەڕەشەی نیزامی لێ‌کەوتەوە.

بەشێکی بەرچاو لە کێشە و ناکۆکی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە هەناوی ڕکەبەری دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی و عەرەبستانی سعودی و هاوپەیمانەکانیان سەریان هەڵداوە. هەرچەند لە سیاسەتدا ناکرێ بە قەتعییەتەوە قسە بکرێ بەڵام بەدڵنیاییەوە پەیوەندی ئێران و عەرەبستان لانیکەم لە داهاتوویەکی نزیکدا بەرەو پێکەوەسازان و ئاشتی ناڕوا و ڕەنگە کێشە و ناکۆکی دیکەشی لێ بکەوێتەوە.

## دوو حەوتووانەی ڕۆژهەڵات

# چێژی شیرینی بەخشین لە حاند تامی تاڵی تۆڵە



تاهیر قاسمی

دوو حەوتووی ڕابردوو شاری سنە پێشەنگایەتی ڕزگارکردنی بەندیەکی ژێر پەتی سێدارەی کرد. سێ ساڵ لەوە پێش دوو لاو، دوو ئاواڵ و دوو هاوڕێ، لە تەک یەک تووشی دمەقاڵە هاتن، یەخەی یەکتریان گرت و لێکیان دا. لە ئەنجامی ئەو لێکدانەدا «دلێر ئەحمەدی» کوژرا و «ڕەشاد ڕەشیدی»یش دەستبەسەر و بە «قصاص» حوکم درا. سێ ساڵ چاوەڕوانیی ڕەشاد بۆ گەیشتنی ڕۆژی ئیعدام، سێ ساڵ تلانەوەی بنەماڵەی دلێر بە خەمی ڕۆڵە ئازیزەکەیان و دژواریی بڕیار بۆ تۆڵە یان بەخشینی ڕەشاد و، سەرەنجام سێ ساڵ هەڵسووڕانی بێوچانی مرۆڤدۆستان بۆ ڕزگارکردنی گیانی ئینسانێک، کۆتایی هاتبوو. بەرەبەیانیی ڕۆژی سێ‌شەممە ١ی خەرمانانی ١٣٩٥ی هەتاوی بوو. ڕەنگە زۆر کەسی دیکەش وەک ڕەشاد، شەوی تێپەڕیویان بە ئازار و نیگەرانی تێپەڕ کردبێ و خەو لە چاویان نەکەوتبێ. هەموان چاوەڕوانی گەیشتنی هەواڵی ئیعدامی ڕەشاد ڕەشیدی بوون.

مرۆڤدۆستان تەنیا تروسکاییەکیان لە هیوا مابوو. سێ ساڵ بوو پێیان لە ماڵی باوانی ڕەشاد و دلێر نەبڕیبوو. هەموو هەوڵی خۆیان بۆ ڕزگارکردنی گیانی ڕەشاد و دووپاتنەبوونەوەی مەرگی مرۆڤێکی‌تر دابوو بەڵام ئاکامێکیان لە هەوڵەکانیان نەچنیبوو. سیمین چایچی، نووسەر و چالاکی مەدەنی لە سنە لەم پێوەندی‌یەدا گوتی: «ماوەی سێ ساڵ لە هەوڵدا بووین بۆ وەرگرتنی ڕەزایەت لە بنەماڵەی دلێر بۆ ئەوەی ئەو حوکمە هەڵوەشێنینەوە بەڵام دایکی دلێر نەیدەویست قسە لەگەڵ کەس بکا». سێ ڕۆژ پێش لە وادەی بەڕێوەچوونی حوکمی قەساس بوو کە سەردانی ماڵی دلێریان کرد. دایکی دلێر ئەمجارە بە پێچەوانەی جارانی پێشوو، بە ڕووی خۆشەوە وەریگرتن. بەوەش چرای هومێدیان ڕووناکاییەکی تێگەڕابوو بەڵام هەروا کز دەسووتا. ئەو کرانەوەیە ئەگەر نیشانەیەکی دڵخۆشکەر بوو بۆ ڕزگاریی گیانی ئینسانێک، دەکرا پێچەوانەش بێ. ئەو ڕووخۆشی‌یە دەکرا دەرەنجامی یەکلایی بوونەوەی ناخی گڕگرتووی دایکێک بۆ چۆنیەتی بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئیعدامی بکوژی ڕۆڵەکەی بێ. دەکرا شادیی ناخی مرۆڤێک لە گەیشتنی ڕۆژی تۆڵە بێ. دەشکرا گەیشتن بە ترۆپکی مرۆڤایەتی، لێبوردەیی و بەخشینەوەی ژیان بە ئینسانێک و پێشگرتن لە سووتانی هەناوی دایکێک لە لایەن دایکێکی جگەرسووتاوی تر بێ.

ساتی ئیعدامی ڕەشاد گەیشتبوو. بە پێی یاسا، بنەماڵەی دلێر لە حەوشی زیندان ئامادە بوون. چالاکانی مەدەنی و مرۆڤدۆستانیش لە دەرەوە، لە نێوان هیوا و نیگەرانی، چاوەڕوان مابوونەوە. ڕەشاد بە چاوی بەستراو، ملی بە پەت و پێ لە سەر پایەیەکی لەرزۆک، لە ژێر داری ئیعدامدا چاوەڕوانی مەرگ بوو. دایکی ڕەشاد دەبوو لە نێوان هەڵماڵینی پەتەکە یان هەڵواسینی ڕەشاد، سەرپشک بێ. بەڵام ئەو پێشتر لەگەڵ خۆی و لە ناخی خۆی‌دا ساخ ببۆوە. بەو ڕاستی‌یە گەیشتبوو کە لابردنی پایە لەرزۆکەکە و بەتاڵکردنی ژێر پێی ڕەشاد یان شەتەکدانی پەتی سێدارە، تەنیا گیانی ئینسانێکی دیکە دەستێنێ، دڵی دایکێکی دیکەی وەک ئەو دەسووتێنێ و بنەماڵەیەکی دیکە داخدار و تازیەبار دەکا بەڵام هیچ لە مەرگی دلێر ناگۆڕێ. ئەو لێبڕاوانە پەتەکەی لە ملی ڕەشاد هەڵماڵی و چێژی شیرینی بەخشینی بەسەر تامی تاڵیی تۆڵەدا هەڵبژارد.

بڵاوبوونەوەی هەواڵی ڕزگاریی مرۆڤێکی هەرچەند تاوانبار، شادیی و خۆشی خستە دڵی شارێک کە هێشتا دوو حەوتوو بە سەر ئیعدامی دەیان ڕۆڵەیدا تێنەپەڕیبوو. بزەی خستە سەر لێوی خەڵکی شارێک کە هێشتا خەمی ئیعدام کرانی زیاتر لە بیست لاوی ئەو شارە بە سەر لێویانەوە بار بوو. ئەو لاوانەی کە دوای چەندین ساڵ ئەشکەنجە و بەند و زیندان، لە لایەن کۆماری پەت و سێدارەوە ئیعدام کران. دەسەڵاتداران و جەللادانی کۆماری ئیسلامی بۆ شەرعیەتدان بە ئیعدامی ئەو ئینسانانە، پەنایان بۆ هەر درۆ و دەهۆیەک برد تا لە سێدارەیان بدەن و کۆمەڵکوژیان بکەن. بەرامبەر بەوە لێبوردەیی، دڵگەورەیی و مرۆڤدۆستیی دایکی دلێر و سەرجەم بنەماڵەی ئەحمەدی بە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و یاسا و ڕێسا دژە ئینسانیەکانی سەلماند کە خەڵکی کورد و لە سەرووی هەموانەوە دایکانی کورد چەندە لەگەڵ هەڵسوکەوتی دژە مرۆڤانەی ئەم ڕێژیمە و یاسا دژە ئینسانیەکانی ناتەبا و نەیارن.

بە دوای گەیشتنی هەواڵی ڕزگاریی ڕەشاد و بڕیاری بەخشین و لێبوردن لە لایەن دایک و بنەماڵەی دلێر، چالاکانی مەدەنی و مرۆڤدۆستانی شار بەرهەمی تێکۆشانی مرۆڤدۆستانەی سێ ساڵی ڕابردووی خۆیان چنیەوە. بەڵام ئەوە کۆتایی کاریان نەبوو. بۆ ڕێزگرتن لەو بڕیارە مرۆڤانەیە، ڕێگای گۆڕستانی سنەیان گرتە بەر و بە کۆبوونەوە لە سەر گڵکۆی دلێر و گوڵباران کردنی، سەری ڕێزیان بۆ ڕۆحی لێبوردەیی بنەماڵەکەی بە تایبەت دایکی دلێر ئەحمەدی دانواند.

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو بە شێوەی جۆراوجۆر ڕۆڵەکانی خۆی ئیعدام کردوە. زۆربەی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتی‌یەکان هەتا ئێستاش بە هەراوی حوکمی ئیعدامیان تێدا بەڕێوە دەچێ. بەڵام لێکۆڵینەوەکان دەریانخستوە کە ئیعدام نەک ئەنجامدانی هۆکارەکانی ئیعدامیان کەم نەکردۆتەوە بەڵکو زەبروزەنگ لەو کۆمەڵگەیانە هەروا لە پەرەگرتن دایە. ئیعدامەکان سێ بەشن: ئیعدامی دەوڵەتی، ئیعدام بە پێی یاسا و ئیعدام بۆ قەساس و تۆڵە. لە ئیعدامی دەوڵەتی‌دا، دەسەڵاتداران بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان لە ژێر ناو و تۆمەتی جۆراوجۆردا، نەیاران و جیابیرانی خۆیان ئیعدام دەکەن. لە ئیعدامی بە پێی یاسادا تاوانێک تاوانکار (بۆ وێنە بازرگانیی مادە هۆشبەرەکان لە ئێران) ئەنجام دەدا کە بە پێی یاسا حوکمی ئیعدامی هەیە. بەڵام تەنیا جۆری سێهەم واتە ئیعدامی بۆ تۆڵە و قەساسە کە بەڕێوەبردن یان هەڵوەشانەوەی لە دەست خاوەن پرس دایە و چۆنیەتی بەرەوڕوو بوونەوەی خەڵک و کۆمەڵگە لە حاندی، ئاستی پێگەیشتویی و تێگەیشتویی ئەو کۆمەڵگەیە نیشان دەدا. نمونەی بەخشینی ڕەشاد لە لایەن بنەماڵەی دلێر، نیشانەیەکی گرینگە لە ئاستی پێگەیشتویی و تێگەیشتویی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بێزاریی خەڵکی کورد لە کوشتنی مرۆڤ تەنانەت ئەو مرۆڤەش کە بکوژی ڕۆڵەی ئازیزیانە.

ئەندیشە

# ئۆتۆریتاریزم(اقتدارگرایی)



ڕەسووڵ سێڵەکە

ڕێژیمە سیاسییەکان هەمان مۆدێلی ڕێکخستنی دەسەڵاتی سیاسین کە دەتوانرێ بە چەند شێوەی جۆراوجۆرپۆلێن بەندی بکرێن، وەکوو ژمارەی بەڕێوەبەرانی دەسەڵاتی سیاسی، شێوازی دەستنیشانکردنی بەڕێوەبەران، جیایی نێوان ئەو دامەزراوانەی حکوومەت دەکەن و هەروەها جۆری پەیوەندیی نێوان حاکمان و خەڵک. هەر بە پێی ئەو پێوەرانە چەندین ڕێژیمی جیاواز بوونیان هەیە، وەکوو دێموکراسی، دیکتاتۆری، تۆتالیتاریزم، پاشایەتی، کۆماری، پارلمانی و هتد.

ڕێژیمەکان زیاتر لە دوو ڕوانگەوە خوێندنەوەیان بۆ کراوە: یەکەمیان ڕوانگەی حقووقییە کە زیاتر ورد بۆتەوە سەر بنەمای دەستووری و دامەزراوەکانی دەسەڵاتی گشتی. ڕوانگەی دووهەمیان ڕوانگەی زانستە سیاسییەکانە کە بە شێوەیەکی کەمتر ڕەسمی و بێ سنوور دەڕوانێتە ڕێژیمەکان، لەو ڕوانگەیەوە ڕێژیمە سیاسییەکان لە ڕەهەندی دامەزراوەیی و یاساییەوە سنوردار ناکرێنەوە بەڵکوو ڕۆڵی ئەکتەری دیکەش لە بەرچاو دەگیرێن کە دەیانهەوێ کاریگەرییان لە سەر دەسەڵاتی گشتی هەبێ، وەکوو پارتە سیاسییەکان، میدیاکان، سەندیکا و هتد.

> ❝ئەمڕۆکە لە نێوان ڕێژیمەکانی جیهاندا نزیک بە ١٠٠ ڕێژیم هەن کە نە دەتوانرێ لە ریزی ڕێژیمە دێموکراتەکان پۆلێنبەندی بکرێن، نە لە ریزی ڕێژیمە تۆتالیتێرەکاندا. ئەو ڕێژیمانە بە ڕێژیمی «ئۆتۆریتەر یان (اقتدارگرا)» ناسراون❞

ساڵی ١٩٦٥، «ڕایمۆند ئارۆن» کۆمەڵناسی فەڕانسەیی، ڕێژیمە سیاسییەکان بە پێی پرەنسیپێکیتر پۆلێنبەندی دەکا، ئەویش ڕکابەریی نێوان پارتە سیاسییەکانە، ئەو پێیوایە ئەو ڕکابەرییە تەنیا پێورێکە کە دەتوانێ دێموکراسی لە تۆتالیتاریزم جیا بکاتەوە. هەروەها پێوەری دەستنیشانکردنی دێموکراسی لە ڕێژیمێکی چەند حیزبیدا، زۆربوونی ژمارەی حیزبەکان نیە، بەڵکوو بۆشایی و کەلێنی سیاسی و کۆمەڵایەتییە لە نێو ئەو ڕێژیمەدا، وکوو دابەشبوونی حیزبەکان بە سەر بەرەی چەپ و ڕاستدا. هەر لەو دیدگایەشەوە، سیاسەتزانەکان دەڕواننە کار و کردەوە و ڕەفتاری ڕێژیمە سیاسییەکان نەک تەنیا لایەنی حقووقی و دەستوری. بەو شێوەیە چەمکی سیستمی سیاسی دێنە کایەوە و لە نێو زانستە سیاسییەکاندا زیاتر باسی سیستمی سیاسی دەکرێ. چەمکی سیستمی سیاسی بانتر و فراوانتر لە چەمکی ڕێژیمی سیاسی سەیر دەکرێ. سیستمێکی سیاسی دەتوانێ چەند ڕێژیمی سیاسی وەک پارلمانتاری، سەرۆکایەتی، پاشایەتی یان تێکەڵەیەک لە چەند دانەی جیاواز لە خۆ بگرێ. جیاکردنەوەی سیستمی سیاسی و ڕێژیمی سیاسی زۆر ئاسان نیە، هەر بۆیە هەر دوو چەمک بەکار دەهێنرێن.

لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمەوە جۆرێک لە پۆلێنکردنی ڕێژیمە سیاسییەکان هاتۆتە کایەوە، ئەویش دابەشکردن بە سەر دێموکراتیک و نادێموکراتیک دایە ، واتە ڕێژیمە سیاسییەکان بە هەر شێوەیەک دارێژرابن و بە هەر دەستوور و بنەمایەکەوە دروست بووبن، بە سەر ئەو دوو دەستەدا دابەش دەبن. بۆ نموونە: ڕێژیمی پاشایەتی، کۆماری، پارلمانی یان تەنانەت ئایینیش تەنیا بە سەر دێموکراتیک یان نادێموکراتیکدا دابەش دەبن. (لە بریتانیا ڕێژیمی سیاسی پاشایەتییە بەڵام دێموکراتیکە، لە ئێران ڕێژیمی سیاسی کۆمارییە بەڵام نادێموکراتیکە).

ئەمڕۆکە لە نێوان ڕێژیمەکانی جیهاندا نزیک بە ١٠٠ ڕێژیم هەن کە نە دەتوانرێ لە ریزی ڕێژیمە دێموکراتەکان پۆلێنبەندی بکرێن، نە لە ریزی ڕێژیمە تۆتالیتێرەکاندا. ئەو ڕێژیمانە بە ڕێژیمی «ئۆتۆریتەر یان (اقتدارگرا)» ناسراون.

ڕێژیمی ئۆتۆریتەر، ڕێژیمێکە کە لەودا دەسەڵاتی سیاسی بۆ مانەوەی هەرچی زیاتری خۆی، هەوڵی یەکدەستکردنی خەڵک و کۆمەڵگە دەدا بێ ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بە زۆر بهێنێتە ژێر ڕکێفی خۆی.

**تایبەتمەندیی ئۆتۆریتاریزم چیە و جیاوازی لەگەڵ تۆتالیتاریزم چیە؟**

ڕێژیمێکی ئۆتۆریتەر سێ تایبەتمەندیی سەرەکی هەن کە بریتین لە:

**پلۆرالیزمی سنووردار:** ئەو ڕێژیمانە لە سیستمی تاک حیزبی و تۆتالیتێر جیا دەکرێنەوە ، هەروەها لە پلۆرالیزم و چەند حیزبیش کە تایبەتمەندیی دێموکراسییە جیا دەکرێنەوە. لەبەر ئەوەیکە تۆتالیتاریزم دەیهەوێ هەموو کۆمەڵگە لە پاوانی یەک ئیدۆلۆژیدا بێ، بەڵام ئۆتۆریتاریزم تەحەمولی هەندێک جیاوازیی ئیدۆلۆژیکی، ئایینی و سیاسی دەکا. واتە چەندین پارت و گرووپی سیاسیی جیاواز دەتوانن چالاکی بکەن و تەنانەت لە نێو دەسەڵاتی سیاسیدا بوونیان هەبێ. بەڵام ئەو پلۆرالیزمە بە چەند هۆکار سنوورداره: یەکەم ئەوەیکە ئازادیی گرووپە سیاسییەکان لە لایەن حکوومەتەوە هەندێک چوارچێوەی بۆ دانراوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە بوونی گرووپی ئۆپۆزیسیۆن یان سەندیکا ڕێگە پێدراوە، بەڵام چوارچێوەیەکی کار و چالاکییان بۆ دەستنیشانکراوە و بەردەوام لە ژێر چاودێری دان. ئەو ڕێگەپێدانەش بۆ ئەوەیە کە نارەزایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا نەگەنە ئەوپەڕی خۆی کە ببن بە هێزێکی مەترسیداری دژ بە دەسەڵات. هۆکاری دووهەمی سنووورداربوونی پلۆرالیزم ئەوەیە کە، هەرچەندە لەو ڕێژیمانەدا هەڵبژاردن هەیە بەڵام تەنیا بۆ پێشاندانی ڕۆخسارێکی دێموکراتیکە، چونکە هەڵبژاردن کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر دەسەڵاتدارانی پلە یەکەم نیە، و تەنیا هەندێک ئاڵوگۆڕی لە پلەکانی خوارووتردا پێک دێنێ. هەڵبژاردن یان موهەندیسی دەکرێ یان ساختەکاری و دەستێوەردان لە ژمارەی دەنگەکانیدا دەکرێ. پلۆرالیزم و چەندحیزبی لە هەڵبژاردندا ڕووکەشانەیە و بۆ هێنانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکان کەڵکی لێ وەردەگیرێ. کەسی یەکەم دەیهەوێ بەردەوام و بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ لە دەسەڵاتدا بێ، جا چ بە شێوەی دەستکاری و ئاراستەکردنی هەڵبژاردن بێ، چ بە ڕادەستکردنی دەسەڵات بە جێگرەوە و میراتگرێکی کارتۆنی کە ڕاستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بێ یان بە شێوەیەکی تایبەتی بێ (بۆ نموونە: شێوەی پۆتین-میدڤێدێف لە ڕووسیا).هۆکاری سێهەمی سنووورداربوونی پلۆرالیزم، بەکارهێنانی هێزە بۆ کەمکردنەوە و سەرکوتی نارازیان، ئەو کاتەی کە دەبن بە کێشە بۆ سەر دەسەڵات: هەتا پرەنسیپەکانی بەشەرعیکردنی دێموکراتیک لە کۆمەڵگەدا زیاتر چوارچێوەدار بن، ئۆتۆریتاریزم خراپتر خۆی دەسەپێنێ و بۆ پاراستن و مانەوەی خۆی زیاتر کەڵک لە هێز و لە توندوتیژی وەردەگرێ، چونکە ئەوە بەو مانایەیە کە ڕێژیمی ئۆتۆریتەر لە لایەن خەڵکەوە کەمتر پەسند دەکرێ (بۆ نموونە: لە وڵاتی شیلی).

**تەیار نەکردن و بەسیاسی نەکردنی خەڵک:** لە ڕێژیمە تۆتالیتێرەکاندا لە قابدان و تەیارکردنی خەڵک و پەیوەست کردنیان بە ڕێژیم زۆر بەهێزە، بەڵام لە ڕێژیمە ئۆتۆریتێرەکاندا تەیارکردن و بەسیاسیکردنی خەڵک و کۆمەڵگە زۆر لاوازە و هەوڵ دەدەن نەزمی کۆمەڵایەتی بپارێزن. واتە بە پێچەوانەی ڕێژیمە تۆتالیتێرەکان، ئۆتۆریتێرەکان هەوڵ نادەن پێکهاتەکانی کۆمەڵگە دەستکاری بکەن و پرۆژەی دروستکردنی مرۆڤی تازەیان نیە. ئەوەیکە نەزمی کۆمەڵایەتی وەک خۆی دەمێنێتەوە، پەیوەندی بە تایبەتمەندی سێهەمەوە هەیە، ئەویش نەبوون یان لاوازبوونی ئیدۆلۆژییە.

**لاوازبوونی ئیدۆلۆژی:** لە ڕێژیمە ئۆتۆریتێرەکاندا ئیدۆلۆژییەکان ئەو هێزەیان نیە وەک ڕێژیمە تۆتالیتێرەکان دەست بە سەر هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا بگرن. واتا ئەوەی ئۆتۆریتاریزم لە تۆتالیتاریزم جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە خواستی ئەوە لاوازە کە تەواوییەتی کۆمەڵگە یەکڕەنگ بکرێ.

جیاوازی نێوان ڕێژیمە تۆتالیتێر و ئۆتۆریتێرەکان ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی جیاوازیی نێوان دوو فۆڕمی گەورەی کۆنترۆڵی دەسەڵات لە سەر ئۆپۆزیسیۆن و نارازیان بزانین. ڕێژیمە تۆتالیتێرەکان، کۆنترۆڵی تەواویان بە سەر کۆمەڵگەدا هەیە و تەنانەت مۆدێل و شێوازی بیرکردنەوەش بۆ خەڵک دیاری دەکەن، بەڵام لە ڕێژیمە ئۆتۆریتێرەکان فشارەکان زیاتر لە سەر نارازیان و ئۆپۆزیسیۆنن. لەگەڵ ئەوەشدا دیاریکردنی سنوورەکانی نێوان ئەو دوو ڕێژیمانە کارێکی زۆر ئاسان نیە. بۆ نموونە ڕێژیمی سیاسی ئێران ناکرێ لەگەڵ هیچکامیان پۆلێن بەندی بکرێ، چونکە هەم بەشێک لە پێکهێنەرەکانی تۆتالیتاریزمی تێدایە وهەم بەشێک لە پێکهێنەرەکانی ئۆتۆریتاریزمی تێدایە. بۆیە زانایانی بواری سیاسی پێیانوایە کە ئێران خاوەنی ڕێژیمێکی سیاسی تایبەتە.

ئەوەی کە ئەمڕۆ بۆ چاودێرانی سیاسی گرنگە کەمتر پۆلێنبەندی کردنی ڕێژیمەکانە بە هۆی تایبەتمەندییەکانیانەوە، بەڵکوو زیاتر شیکردنەوەی دینامیکی ڕێژیمەکان، واتە ڕەفتاری ئەو ڕێژیمانەیە لە کاتێکی دیاریکراودا و بە پێی کات دەبێ هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێ.

# ئیسلامی سیاسی
## [و ڕەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]

# ڕەوتی ئیسلامی سیاسی و ڕێکخراوە گرینگەکانی لە ئێراندا(بەشی شەشەم)



حەسەن حاتەمی

**پاشماوەی ئەنجومەنی حوججەتییە**

ئەنجومەن لە پەنا - مەدرەسەی عەلەوی - کە «علی اصغر کرباسچی» دامەزرێنەری بوو-، هەوڵیان دا، ئیسلامی شیعە مەزهەب بۆ نێو دنیای نوێ ڕاکێشن. ئەوە جێی سەرنجە کە چالاکانی ئەنجومەن هەوڵیان دەدا لەگەڵ بەهاییەکان بەربەرەکانی بکەن. بەڵام لێشیان فێر دەبوون!؟ بۆ وێنە: لە ئامێر و ڕاگەیەنەرە گشتییەکانی ئەوان، کەڵکیان وەردەگرت.

هەتا پێش کرانەوەی «حسینیەی ارشاد» لە ساڵی ١٣٤٦(١٩٦٧) - یەکەمین ساڵۆنی سوخەنڕانی لە باکووری تاران-، ئەنجومەن، مینبەر و فەڕشی، لەگەڵ تریبوون و کورسی ئاڵوگۆڕ کرد. هەروەها ئەندامانی ئەنجومەن ، جل و بەرگی جوانیان لەبەر دەکرد هەتا لە شوێنە ئامووزشی و حیرفەیەکانی سێکۆلاردا، سەرنجڕاکێش بن.

ئەنجومەن بە ڕێبەری حەڵەبی توانی، ئیزنی کەڵک وەرگرتن لە «عشریەها(سهم امام)» لە «مراجع تقلید»ەکان وەرگرێ. چالاکیی ئەوان لە یەکەم ڕۆژەکانیدا، سەرنجی «سازمان امنیت و اطلاعات کشور» (ساواک) و دەزگا ئەمنییەتییەکانی دیکەی ڕێژیمی پەهەلەوی دوویەمی، بۆ لای خۆی ڕاکێشا. بە هۆی ئەو بەڵگانەی دوای شۆڕش بڵاو بوونەوە، دەریدەخەن کە ڕێبەری ئەنجومەن لەژێر فشاردا بوو، هەتا بە شێوەی ڕەسمی ڕێکخراوێکی «غیرانتفاعی» (خێرخوازی) بە ناوی «ئەنجومەنی خیریەی حوججەتیەی مێهدوی « ناونووس بکا و بەڵێن بدا لە چالاکیی سیاسی خۆ بپارێزێ.

-ویکی پێدیا-

**چالاکییەکان لە حەوزەی عیلمییەی قومدا**

«حجت الاسلام خمینی» پاش کۆچی دوایی ئایەتوڵڵا برووجێردی - خاکەلێوەی ١٣٤٠(١٩٦١)-، دەچێتە حەوزەی عیلمییەی قوم. ئەو کات لەو شوێنەدا چالاکیی سیاسی نەدەکرا. دینی مەدەنی پتر برەوی هەبوو. - ئەو شێوە دینە کە پتر پێوەندی بە تاکەکانی کۆمەڵگە هەیە، حورمەت و ئیعتباری لە نێو خەڵکدا زۆر بوو-. بەڵام بیری ئیسلامی سیاسی لە قۆناخی نوێدا، لە حەوزەی عیلمییەی قوم و لە دەیەی ٤٠ ی هەتاوی و بەتایبەتی لە ساڵەکانی ٤٢- ١٣٤١دا، دەستی پێکرد. جموجۆڵەکان لە چوارچێوەی حەوزەش چونەدەر و تا ڕادەیەکی زۆر، خەڵکی شەقام و بازاریشی گرتەوە.

لە ساڵی ١٣٤١دا، لە مەجلیسی شووڕای میللی لایحەی ئەنجومەنە ئەیالەتی و ویلایەتییەکان پەسند کرا. بە پێی پەسندی ئەو لایحەیە مەرجی سوێندخواردنی نوێنەرانی مەجلیسی شووڕای میللی - لە کاتێکدا ئەندامی ئەو ئەنجومەنانە بن-، بە قورئان لابرا. نوێنەرەکان دەیانتوانی بە پێی باوەڕی خۆیان بە کتێبەکانیان سوێند بخۆن. ئەو کارە نارەزایەتیی توندی خومەینی و لایەنگرانی لێکەوتەوە. ناوبراو لە ماڵی خۆی لە قوم - گەڕەکی یەخچاڵی قازی-، دژی ئەو لایحەیە قسەی کرد.

لە حەوزەی علمییەی قوم و چەند شاری دیکە نارەزایەتی چێ بوو. ڕێژیمی شا ناچار کرا، لایحەکەی وەرگرێتەوە. دواتر نارەزایەتییەکان بە دژی ڕیفۆرمی شا - کە لە ٢١ ی بەفرانباری ١٣٤١ دا، ڕاگەیاندرا-، پەرەی گرت.

بە قەولێک ئەو ریفۆرمە کە- بەهۆی فشاری کێنێدی سەرکۆماری دێموکراتی ئەوکاتی ئەمریکا بە شا کرا-، لە لایەن ژمارەیەک لە ئیسلامییەکان بە تایبەتی خومەینی، موخالیفەتی توندی لەگەڵ دەربڕدرا. ناوبراو لە ٢ ی ڕێبەندانی ١٣٤١(١٩٦٣)دا، ڕاگەیاندراوی تەحریمی دژی ڕاپرسی(هەمەپرسی) بڵاو کردەوە. - لە ٦ ی ڕێبەندان ڕاپرسی ئەنجام درا و دەنگی ئەرێنی پێدرا.- هەروەها حوجەتولئیسلام خومەینی لە ڕێکەوتی ١٠ ی ڕەشەمەی ١٣٤١(١٩٦٣)دا، نامەیەکی بۆ شا نووسی و دژایەتیی خۆی لەگەڵ مافی دەنگدان بە ژنان دەربڕی و ئەو کارەی بە ناتەبایی لەگەڵ قورئان لە قەڵەم دا؟!

خومەینی لە نەورۆزی ١٣٤٢(١٩٦٣)دا، «عزا» (ماتەمین)ی ڕاگەیاند. دوو ڕۆژ دواتر-٢ی خاکەلێوە-، بە بۆنەی مەرگی «امام صادق» ژمارەیەک «طلبە« (فەقێ)ی لە ماڵی خۆی کۆ کردوە، «روضە«ی بۆ خوێندنەوە و قسەی بۆ کردن. دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لە مەدرەسەی فەیزییە «آیت الله گلپایگانی» پرسەی دانابوو. ساواک و شارەبانی هێرشی پێ کردن و تەقەیان لێ کردن. ژمارەیەک کوژران و کەسانێک بریندار بوون و زۆریش گیران. دوای چلەی ڕووداوی فەیزییە، لە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٤٢دا - کە هاوکات لەگەڵ عاشووڕا بوو- ، خومەینی سوخەنڕانییەکی توندی بە دژی شا کرد و نارەزایەتیی خۆی لەگەڵ کردەوکانی ئەو دەربڕی، و خەڵکێکی زۆر پشتیوانیان لێ کرد.

خومەینی - نا ئایەتوڵڵا-، بە هۆی کاربەدەستانی ڕێژیمی پەهلەوی دووهەم (محەممەد ڕەزا شا) گیرا، بۆ تاران برا و زیندانی کرا. لەو کاتدا، بە پێی یاسا، ئایەتوڵڵاکان نەدەکوژران. بۆیە « آیت الله شریعتمداری» بە هاوکاری» آیت الله سید جلال تهرانی» و سەرجەم ١٢ ئایەتوڵڵا - بە هۆی ڕێنوێنی پاکڕەوان –سەرۆکی ئەوکاتی ساواک- ئیمزایان کرد کە خومەینی «آیت الله«یە و لە کوشتن ڕزگاریان کرد.

حوجەتولئیسلام خومەینی بە»آیت الله« کرا و، ماوەی ١٠ مانگ لە زیندان مایەوە. دوای ئازادکرانی لە خاکەلێوەی ١٣٤٣دا، بە بیانووی دژایەتی لەگەڵ کاپیتالاسیۆن؛ یانی محاکەمە نەکرانی ئەمریکاییەکان لە ئێران «مصونیت قضایی» بۆ ئەوان، موخالیفەتی خۆی دەست پێکردەوە. لە ١٣ی گەلارێزانی ١٣٤٣(١٩٦٤)دا، ئا. خومەینییان سەرەتا بۆ تورکیە دوور خستەوە. بەڵام دواتر- لەسەر داوای خۆی- نێردرایە شاری نەجەفی عێراق و لەوێ نیشتەجێ بوو.

**نێهزەتی ئازادیی ئێران**

نێهزەتی ئازادیی ئێران لە ١٤ی مەی ١٩٦١(٢٧ ی بانەمەڕی ١٣٤٠)، لە لایەن موهەندیس «مهدی بازرگان. آیت الله سید محمود طالقانی و د. یدالله سحابی» لە نێو ئێران و» د. علی شریعتی، د. ابراهیم یزدی، صادق قطب زادە و مصطفی چمران» لە دەرەوەی وڵات دامەزرا. زۆربەی دامەزرێنەرانی ئەو ڕێکخراوە لە چالاکانی پێشووی جبهەی میللی و حیزبی ئێران بوون، جگە لە بازررگان، تاڵقانی و یەدوڵڵا سەحابی.

ئەو ڕێکخراوە چالاکیی خۆی دژی شا دەست پێکرد و لە ساڵی ١٣٤٤، بازرگان، تاڵقانی و یەدوڵڵا سەحابی گیران و ٤ تا ١٠ ساڵیان زیندان بۆ بڕایەوە. ئەوان پشتیوانیان لە نارەزایەتییەکانی ١٥ی جۆزەردانی ١٣٤٢ کردبوو. لەو کاتی بەولاوە تێکۆشانی نێهزەت قەدەغە کرا. «ساواک» لە دەیەی ٧٠ ی زایینیدا بە توندی سەرکوتی کردن. بەڵام لقەکانی ئەو ڕێکخراوەیە، لە ئۆرووپا و ئەمریکا دەستیان بەکار کرد. د. عەلی شەریعەتی و د. ئیبراهیمی یەزدی لە دەرەوەی ئێران، لە درێژەدانی چالاکییەکانی نێهزەتدا نەخشی بەرچاویان گێڕا. نووسراوەکان و قسەکانی شەریعەتی لەنێو نێهزەت و توێژی لاوانی شۆڕشگێڕی ئیسلامی و تا ڕادەیەک غەیرەئیسلامییەکانیشدا، کاریگەری بەهێزی هەبوو.

ئەو ڕێکخراوە، لە چوارچێوەی بیروبۆچووندا، کە ساڵانێک لە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی بەرایی ئێران، بە میللی - مەزهەبی خۆیان پێناسە کرد؛ دەچنە نێو ئەو بنەماڵەیە. ئەوان خۆیان بە ئێرانی، ئیسلامی و موسەدیقی پێناسە دەکەن.

لەم دوایانەدا، سەبارەت بە مێهدی بازرگان و ئایەتوڵڵا خومەینی وەک دوو بیرمەندی ئیسلامی جیاواز ، نووسراوە کە: بازەرگان گەرەکی بوو لە ڕێگای ئیسلامەوە، خزمەت بەئێران بکا. خومەینیش هەوڵی دا: لە ڕێگای ئێرانەوە خزمەتی بە ئیسلام بکا. – نەقل بە مفهووم-

- سایتی گویا نیوز-

# هۆکارەکانی لاوازیی زانستە مرۆڤییەکان لە ئێراندا



عەزیز شێخانی

زانستە مرۆڤییەکان بە کۆمەڵێک لە زانستەکان دەگوترێ کە مرۆڤ و تێکۆشانی مرۆڤ لە هەموو بوارەکاندا دەخنە ژێر لێکۆڵینەوە. شایانی باسە کە زانستە کۆمەڵایەتییەکانیش بە بەشێک لە زانستە مرۆڤییەکان پێناسە دەکرێن. زانستە مرۆڤییەکان لە بوارە جیاوازەکانی وەک کولتوور، هەڵسوکەت، کۆمەڵگە، کردەوە و دژکردەوەی مرۆڤ، هزر و ناخی مرۆڤ کاران. جێگای ئاماژەپێکردنە، کە زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە بواری کۆمەڵایەتی مرۆڤ وەک کۆمەڵناسی، زمان، ئیدارە، ئابوری، سیاسەت، مێژوو و هتد. دەکۆڵنەوە. زانستەکان لەگەڵ یەکتردا کەم و زۆر لێکگرێدراون و لە مەیدانی لێکۆڵینەوە و کارکردندا لە میتۆد و شێوازی تێکەڵاو بۆ دەستەبەرکردنی ئاکامی باشتر کەڵک وەردەگیرێ. لە سەر ئەو بناخەیە، زانستە مرۆڤییەکان لە میتۆد و شێوازی زۆربەی زانستەکانی دیکە کەڵک و سوود وەردەگرن.

زانستە مرۆڤییەکان بۆ تێگەیشتنی مرۆڤ لە خۆی، کۆمەڵگە، زمان، هونەر، ئایین و مێژوو و چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ مرۆڤ و کولتوورەکانی دیکە کاریگەر و بەسوودن. لە ڕێگای تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکانی وەک کولتوور، مرۆڤ، کۆمەڵگە و ئایین دەکرێ پرسە گەورەکان شیبکرێنەوە. لە روانگەی جیاوازە چاو لە گرینگی و بایەخی زانستە مرۆڤییەکان کراوە و لە کۆمەڵگە پێشکەوتوو و دواکەوتوەکاندا رۆڵ و نەخشی زانستە مرۆڤییەکان جیاوازە. شایانی ئاماژەپێکردنە کە دابەشکاری ئاکادێمیک و زانستی لە وڵاتانی جیهاندا جیاوازە و هەر وڵاتەی مێژوو و پاشخانی تایبەت بە خۆی هەیە. بە واتایەکی دیکە، ئاستی پێشکەوتنی هەمەلایەنەی وڵات، سیستمی سیاسی، ئیداری، ئابووری و تێکنۆلۆژی و رۆڵ و نەخشی زانست لە کۆمەڵگەدا لەگەڵ مێژوو و کولتووری نەتەوە و گەلاندا گرێدراون. لە کۆمەڵگە پێشکەوتوەکاندا پرسی شارەزایی و رۆڵی زانستە جیاوازەکان بایەخدارە و زانست بە میتۆد و شێوازی کراوە و بێلایەنانە لەگەڵ رووداو و دیاردەکان هەڵسوکەوت دەکا. بێجگە لەوە، پاشخانی زانست و لێکۆڵینەوەی زانستی، ئازادی دەربڕین و توێژینەوە، کولتووری پەروەردە و فێرکردن، مێژووی دامەزراوە زانستییەکان و دابینکردنی کەرەستەی پێویست، لە سەر سروشتی زانستەکان و بە تایبەت زانستە مرۆڤییەکان رۆڵی کاریگەریان هەیە.

مێژووی زانستە مرۆڤییەکان لە ئێراندا زۆر دوور و درێژ نییە. وڵاتی ئێران لە قۆناخە جیاکانی کاروانی زانست پەراوێز و دوور راگیراوە. دەرکەوتەکانی مێژووی زانست لە یۆنان و رۆم شوێنەواری زۆریان لە سەر ئێرانی کۆن دانەناوە. لە سەردەمی ناسراوی گەشەکردنی کولتووری و زانست لە جیهانی ئیسلامدا، ئێران زیاتر لەگەڵ زانستەکانی سەردەم و ئایینی ئاشنا دەبێ. درەوشانەوەی زانست لە جیهانی ئیسلام لە دوای سەدەی یازدەی زایینی لە تەوژم دەکەوێ و ئورووپا دەبێتە چەقی رەوتی گەشەکردنی هەمەلایەنە. لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا کولتووری کۆپیکردن و چاولێکەری جێگای خوڵقاندن و رەخنەگرتنی ئاکادێمیکی گرتۆتەوە. لە ئێراندا بە گشتی زانستەکان لە سەردەمی مۆدێڕندا بە زۆر هۆکار لاواز بوون و بیرمەند و خوڵقێنەریان بار نەهێناوە. چاوخشاندنێکی کورت بە مێژووی دامەزراوە و خوێندنگا جۆراوجۆرەکانی ئێران دەیسەلمێنێ، کە لاوازیی کولتووری لێکۆڵینەوە، پێداچوونەوە، هەڵسەنگاندن و رەخنەگرتن رەگ و ریشەیان لە مێژوو، کولتوور و پەروەردەدا هەیە. هەڵلاجی کردنی پرسی زانستە مرۆڤییەکان لەو وڵاتەدا پێویستی بە زنجیرە لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل هەیە و بە کورتە نووسین و هەڵسەنگاندنێک راناپەڕێ. لەو نووسینەدا ئاوڕ لە ژمارەیەک فاکتەر دەدرێتەوە، کە کەم و زۆر بەستێنی لاوازی زانستەکانیان لە ئێراندا بەرهەمهێناوە. شایانی باسە کە بەشێکی زۆر لەو فاکتەرانە لە زۆر ناوچەی جیهاندا بە شێواز و تەوژمی جیاواز لە سەر پاسیڤکردنی زانستە مرۆڤییەکان کاریگەر بوون.




لاوازیی بناخەی پەروەرد و فێرکردن بە هۆکارێکی سەرەکی ئەو لاوازییە دەژمێردرێ. لە سیستمی پەروەردە و فێرکردنی ئێران، قوتابی و خوێندکارەکان فێری لەبەرکردنی ژمارە و داتاکان دەکرێن، بەڵام توانای بیرکردنەوە و رەخنەگرتنی بابەتیانەیان تێدا دەخنکێندرێ. لێرەدا باس لە لاوازیی نێوەرۆکی وانەی زانستە مرۆڤییەکان ناکەین، کە مرۆڤ سەرشکاو و بێزار دەکەن. لە سیستمی پەروەردە و فێرکردنی سەردەمی مۆدێرن و پێشتریشدا، ئازادیی رۆچوونە ناخی بابەت و دیاردەکان لە تاکی زانستخواز وەرگیراوە. پەروەردە ئایینی و تەنانەت مۆدێرنە کۆپی کراوەکان، مەیدانی دەرچوون لە بازنەی بیرکردنەوەی کلاسیکی بەربەست کردوە. لە ئاکامدا تاک بە گوێرەی عورف و یاسا باوەکان کەمتر لەگەڵ زانستە باوەکان بە تێگەیشتن، بیر و هزری کراوە و رەخنەگرانە جوڵاوەتەوە. لە سیستمی پەروەردە و فێرکردندا دەرچوون و سەرکەوتن لە ئەزموون و تاقیکارییەکان کراونە ئامانج و ئەو رێچکەیە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەی دواتر گواستراوەتەوە.

> ”لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا کولتووری کۆپیکردن و چاولێکەری جێگای خوڵقاندن و رەخنەگرتنی ئاکادێمیکی گرتۆتەوە. لە ئێراندا بە گشتی زانستەکان لە سەردەمی مۆدێڕندا بە زۆر هۆکار لاواز بوون و بیرمەند و خوڵقێنەریان بار نەهێناوە“

لە قوتابخانە و ناوەندە فێرکارییەکان گرینگی بە کولتووری داڕشتن و نووسینی بابەتیانە نادرێ. میتۆدی دەربڕین، لێکۆڵینەوە، ئانالیز و لێکدانەوە لە نووسین و داڕشتندا زیاتر دەردەکەوێ، نەک قسەکردن و دەربڕینی زارەکی. ئەو هۆکارە کاریگەرییە نەرێنیەکانی کاتێک دەردەکەون کە بەشێکی زۆر لە گەلانی ئێران لە زمانی دایک دادەبڕێن و لە قوتابخانە و زانکۆکاندا باسێک لە زمان و ناسنامەی ئەوان ناکرێ. لێکۆڵینەوە زانستییەکان راشکاوانە دەیسەلمێنن کە مرۆڤ بە زمانی زگماک و دایک باشتر دەتوانن لە بابەتەکان بگات و بیروڕا و لێکۆڵینەوەی خۆی دابڕێژێ. لەو وڵاتەدا مرۆڤ دەرفەتی سرووشتی گەشەپێدانی زمانی دایکی بە شێوازی ئاکادێمیک نییە و لە زمانی دووهەم کەڵک وەردەگرێ، کە کاریگەری لە سەر فێربوون و تێگەیشتن و تەنانەت زۆر بواری قوتابییەکان هەیە. زانستە مرۆڤیی و کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت سەرجەم زانستەکانی دیکە، لە سەر بناخەی زمانی دایک باشتر جێدەکەون و بەرهەمی فکر و زانست زیاتر پەرە پێدەدەن.

تاکی ئێرانی لە دەرەوەی وڵاتیش کەمتر توانیویەتی خۆی لە بازنەی رابردوو و چوارچێوەی دیوارە نەدیتراوەکان رزگار بکا. خوێندکارە ئێرانییەکان لە دەرەوە لە رابردوو و ئەمڕۆشدا لە گۆڕەپانی زانستە مرۆڤییەکان وەک وڵاتی خۆیان بۆ وەرگرتنی خاڵ و تێپەڕاندنی وانەکان تێکۆشاون. ئەوان لە بەرهەمهێنانی هزر و بیرۆکەکاندا لاواز دەرکەوتوون و لە باشترین حاڵەتدا رەنگە بە پۆست و وەرگێڕانی چەند نووسراوە و کتێبێک تەمەنیان تێپەڕ بکەن. ئەو بژاردەیە پاش گەڕانەوە بۆ ئێران ئەکتەری چالاک نییە و لە راگواستنی کولتووری گەشەپێدانی زانست و هزری ئاکادێمیک لە دەرەوەی وڵات بۆ نێوخۆ کارا نین. بە واتایەکی دیکە، ئەو بژاردەیە پاش گەڕانەوە لە سەر پەروەردەکردنی قوتابی و کاری مامۆستایەتی بەردەوام دەبن و لە خوڵقاندنی مەیدانی خەلاقی کولتووری زانستی و ئاکادمێک خۆدەبوێرن.

کەمبوونی بەرهەم و بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەی زانستی لە گۆڤارە نێوخۆیی و دەرەکییەکاندا هۆکارێکی دیکەی لاوازیی بەردەوامی زانستە مرۆڤییەکانە. سرووشتی لێکۆڵینەوە لە زانستە مرۆڤییەکان پێویستیان بە ئازادی، گۆڕەپانی دەرکەوتن و زمانی ئاکادێمیکە، کە خوێندکار و مامۆستایانی ئێرانی کەمتر لێی بەهرەمەندن. لە سەردەمی ئەمڕۆدا شارەزابوون لە زمانی ئاکادێمیک دەرگا و دەرفەتی زۆر بەو مرۆڤانە دەبەخشێ، کە ئۆگری توێژینەوە و لێکۆڵینەوە زانستییەکانن. بۆ توێژەرەکانی ئێرانی و زۆربەی وڵاتانی دیکە، زمانی ئینگلیسی زمانی دووهەمە، کە زۆر جار بەربەستی نووسین و لێکۆڵینەوەی بەپێزن. بێجگە لەوە، لە کۆمەڵگەی ئێراندا کولتووری لێکۆڵینەوە و رۆچوونە ناخی بابەت و دیاردەکان بە شێوەی شارەزایانە بەربەست دەخوڵقێنێ. کەمتر بینراوە کە خوێندکار و لێکۆڵەری ئێرانی لەگەڵ هزر و بیرۆکەکاندا ئاوێتە بێ. دەرفەت، ویست و کولتووری ساغبوونەوە لە سەر بیرۆکەکان و رەخنە لێگرتنیان زۆر لاوازە و زانستخوازی ئێرانی زیاتر لە ئاستی زانیاری رواڵەتی و گشتیدا تێدەکۆشێ. لاوازی لەو مەیدانەدا دەرفەتی بۆ کەسانی رۆژئاوایی خوڵقاندوە کە لە سەر مێژوو، ئابووری، کولتوور، سیاسەت و زمانی ئێرانیەکان بنووسن و زانستخوازە ئێرانیەکانیش بە خوێندنەوە و وەرگێڕانی کتێب و نووسراوەکان دڵخۆش بن.

زانستەکان زیاتر کۆپی زانستە رۆژئاواییەکانن و کەمتر ئاوێتەی سرووشتی ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگەن. لە ماوەی چەند دەیەی رابردوو هەوڵ دراوە چوارچێوە و رێچکەی جیاواز لە دەرەوەی وڵات کۆپی بکرێ کە بە نیوەچڵی جێبەجێ کراون. لەبەر ئەوەی بژاردەی خوێندکارە ئێرانییەکان سەرەتا زیاتر لە فەڕانسە و دواتر لە ئەمریکا توخمی زانستە مرۆڤییەکانیان راگواستوە بۆ وڵات، هەر جارەو جۆرە کولتوورێک لە بەستێنی لێکۆڵینەوە و چۆنیەتی کارکردن بە زانستە مرۆڤییەکان هاتۆتە کایەوە. لە رێڕەوی چوارچێوە و شکڵی ناسراو بە ئەمریکایی، ژمارە و داتاکان و لێکدانەوەی رواڵەتی جڵەوی جوڵەی زانستە مرۆڤییەکانی گرتۆتە دەست. لە ئاکامدا تیۆری، فەلسەفە و روانینە مێژووییەکان لەو مەیدانەدا لەوپەڕی هەژاریدا بوون. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زانستە مرۆڤییەکان ئەوەیە کە دیاردە و رووداوەکان لە رەهەندی جیاواز دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوە. بە واتایەکی دیکە، بەکارهێنانی رێبازە زانستی، میتۆد و تیۆرییەکان لە زانستە مرۆڤییەکان خاوەنی هەستیاری خۆیانن، کە وردبینی زیاتر دەخوازن. هەوڵدان بۆ کۆپیکردنی ئاکامی لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی یان ئابووری بە مەبەستی تایبەت، رۆڵی زانست لاواز دەکا و کۆمەڵگە و تاکەکان زۆرتر لەگەڵ کاکڵی زانستە مرۆڤییەکان نامۆ دەکا.

> ”زانستە مرۆڤییەکان لە گۆڕەپانی چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانە جیهانی، ناوچەیی و لۆکاڵییەکاندا رۆڵ و نەخشی کارا دەگێڕن. ئێران و زۆر وڵاتی دیکەی جیهان بۆ تێپەڕاندنی قەیرانە کۆن و لەمێژینەکانیان پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی قوڵ و خاوەن پێوەری زانستییە“

گیرۆدەبوون بە ئایدۆلۆژی، خۆگەورەبینی، شیعەگەری، زاڵبوونی کولتووری قسەکردن بە سەر نووسین و لێکۆڵینەوە بە تێکڕا هۆکاری لاوازبوونی بناخەی زانستە مرۆڤییەکانن. بۆ وێنە زۆر شارەزا و خاوەن پلەی ماستەر و دوکتورا لە ئێران و دەرەوەی ئێراندا بەرچاو دەکەون، کە هێشتا خۆیان لەگەڵ ئەلف و بێی لێکۆڵینەوە بێلایەنەکان رانەهێناوە. ئەوان لەگەڵ هزر و بیرۆکەکان بە شێوەی بێلایەنانە و هزریانە ناجوڵێنەوە و ئایدۆلۆژی و کف و کوڵی ناڕاست بە سەر چوارچێوە زانستییەکاندا زاڵە. لە ئێراندا هێشتا لاوازیی کولتووری لێکۆڵینەوە لە زانستە مرۆڤیی و کۆمەڵایەتییەکان دەرفەتی بە تاک و هاوڵاتی نەداوە، لە کێشە و پرسەکان تێبگا و زۆرجار خوێندەوارە ئێرانییەکان لە دیتنی راستییەکانی کۆمەڵگە خۆیان دەبوێرن. هێشتا پێشڕەوانی زانستە مرۆڤییەکان لە ئێران پرس و بابەتی تایبەت بە نەتەوە، کولتوور، زمان، جۆغرافیا و تایبەتمەندییەکانی نێو سنووری وڵاتیان وەک هەیە شەن و کەو نەکردوە. لە وڵاتانی پێشکەوتوو زانستەکان لە خزمەتی چارەسەرکردنی قەیران و پرسەکاندا سوودیان لێوەردەگیرێ.

دیکتاتۆرییەتی سیاسی و ئایینی و هەروەها زاڵبوونی کولتووری فرت و فێڵ لە بازنەی زانستە مرۆڤییەکان هۆکارێکی دیکەی لاوازبوونی زانستە ئاماژەپێکراوەکانە. توخمی رەخنەگەری و نوێگەرایی، کۆڵەکەی سەرەکی رامان لە رووداو و دیاردەکان لە دوو بەرەی زانست و ئایینداا بە ئەژمار دێن. لە ئێراندا هەر دووک بەرە بە حوکمی زۆر و هەودا ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگە خۆیان لە تیغی رەخنەگەرە زانستخواز و نوێخوازەکان پاراستوە. لە سەردەمی شا و ئاخوندا بژاردەی بە ناو شارەزا و کارناس، ئازایەتی دەرچوون لە توخمی دیکتاتۆرییەت و کولتووری فێڵبازانەی نەبوە و خۆی لە قەرەی رووداو و دیاردە نێوخۆییەکان نەداوە. لە ئاکامی درێژەکێشانی ئەو کولتوورە تەوژمی خۆ و ئەوانی دیکە ناسین هێشتا نەچۆتە سەر رێچکەی لێکۆڵینەوە ئازاد و مەیدانییەکان. بە واتایەکی دیکە، لە پێناوی درێژەکێشانی کولتوور و سیستمە سیاسییەکان هەوڵدراوە سرووشتی لێکۆڵینەوە و ئامانجی زانستە مرۆڤییەکان بە ناو و سیاسەتی جیاواز لاڕێ بکرێن. لە ئێران زانکۆ و ناوەندە زانستییەکان زیاتر ئەرکیان رازاندنەوەی روخسار و سیمای سیاسەت و دەسەڵاتدارەکان بوە و لە رێڕەوی لێکۆڵینەوەی رەخنەگرانە و زانستی دوور خراونەوە.

نەبوونی کۆبوونەوە و سمیناری زانستی بە شێوەیەکی بەردەوام و کراوە، کە دەرفەتی تێڕوانین و پێشکەشکردنی هزر و بیری رەنگاوڕەنگ برەخسێنێ. زۆربوونی سمینار و کۆبوونەوە زانستییەکان و بەردەوامبوونیان رێچکەیەکی گونجاو بۆ وەگەڕخستنی کولتووری دەربڕین و پێشکەشکردنی رەخنەی ئاکادێمیک دەخوڵقێنێ. بێجگە لەوە، ئەو کارانە وێڕای بڵاوکردنەوەی نووسین لە گۆڤارە زانستییەکان، مەیدان و دەرفەتی کێبەرکێ بۆ گەشەکردن و دەرچوون لە بازنەی ناکامڵ و نەگونجاوی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە زانستییەکان دەخوڵقێنێ و لێکۆڵەرەوەی بیردۆز و خاوەن بیروڕا بەرهەم دێنێ. لەو بارودۆخەدا لێکۆڵینەوەکان و کۆمەڵگە زیاتر یەکتر دەدۆزنەوە و بابەتی لێکۆڵینەوە لەگەڵ دوێنێ، ئەمڕۆ و سبەینێی کۆمەڵگەدا یەکانگیر دەبن. لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و تەنانەت کۆی زانستە مرۆڤییەکان پەراوێز خراون و بوونیان لە مەنا بەتاڵ کراوە.

کۆمەڵگە و چاوەڕوانییەکانی ماڵ و کۆمەڵگە لە سەر تاک و لە سەر کار و تێکۆشانی ئەو مرۆڤانە کاریگەرە کە ئۆگری فێربوون و کاری ئاکادێمیکن. یەکێک لە روخسارەکانی کولتووری ئێرانی خۆدەرخستن و دەرکەوتنە، کە لە کۆنەوە ئاژاوەیەکی نەبڕاوەی خستۆتە کۆشک و تەلاری بنەماڵە و مێشکی تاکەکان. لە کۆمەڵگە و کولتووری ئێراندا دەرکەوتنی خێرا و وەرگرتنی پۆست و پلە رەگ وریشەی کۆنیان هەیە. سەرەڕای ئەوە، ئەو کۆمەڵگەیە دەرفەتی جیاوازبوون زۆر بە هاوڵاتیان نادات. بۆ وێنە، ئەگەر تاکێک زۆربەی تەمەنی خۆی خەریکی ناسینی هزر و بیری بیرمەندێک...

ل١١

بیروڕای ئازاد



ناسر قادر پوور

# لیبراڵیزم (Libralisme)

لیبراڵیزم ( لە وشەی لاتینی Liber واتە ئـــازادی)، فـەلـسـەفـەیـەکـی کـۆمـەڵایـەتـی و ئیدئۆلۆژیەکی رامیارییە کە ئازادی تاک و یەکسانی، بنەما و ئامانجیەتی. لیبراڵیزم وەک رەوتێکی فەلسەفی، رەوتێکی هیومانیستانە و مۆدێرنیستانەیە، و وەک رەوتێکی رامیاری، سێکوڵار و دیموکراسیانەیە.

لـیـبـراڵـیـزم وەک هـەمـوو فـەلـسـەفـە و ئیدیۆلۆژییەکانی دیکە خاوەنی چەند قوتابخانەیەکە، بەڵام هەموو قوتابخانەکان لەسەر بۆچوونە سەرەکییەکانی لیبراڵیزم کۆکن. لەوانە:

مسۆگەرکردنی ئـازادییـەکـان، مافەکانی مـرۆڤ، دابینکردنی مافەکانی تـاک، نەمانی هـەژاری، پلورالیزمی کۆمەڵایەتی و رامیاری، یەکسانی هـەل، هۆشمەندی، بەرزکردنەوەی پلەی وشیاری و زانیاری، ، لێبوردەیی، دەوڵەتی سێکولار، مافی خاوەندارییەتی، ئابووریی بازاڕی ئازاد، رێنەدان بە مۆنۆپۆل، ئازادیی رکەبەریی ئـابـووری و فکری، ئـازادی دینی، دەوڵـەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت، بێلایەنی دامودەزگاکانی دەوڵـەت، دەوڵـەتی یاسا، سنووردارکردنی دەسـەڵاتی حکوومەت ، کۆمەڵگەی مەدەنی، دادپەروەری، دێموکراسیی سیاسی، ئالوگۆڕی دەسەڵات، رێنەدان بە دەسەڵاتی رەها، لیبراڵ -دێموکراسی و هەڵبژاردنی ئازاد، پاراستنی تاک لە چەوسانەوە، رێنەدان بە تۆتالیتاریزم، رێنەدان بە تاکڕەویی و بەختەوەریی مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکی لیبراڵ-دیمۆکراتدا.

## لیبراڵیزم لە روانگەیەکی مێژووییەوە

لـیـبـراڵ-دێـمـوکـراسـی وەک رامـانـێـکـی کۆمەڵایەتی لە سەرەتاکانییەوە خاوەن دوو بیرۆکەی سەرەکی بووە:

یەکەمیان ئەوەبوو کە شادیی مرۆڤ لە هەموو شتێک گرینگترە لە جیهاندا.

دووهەمیشیان کە مرۆڤەکان بێ رەچاوکردنی جیاوازی، لەگەڵ یەکتر بەرابەرن و کەس لە کەس باشتر نییە.

بـەرهـەمـی ئـەم رامـانـە کۆمـەڵایـەتـییـە، ئیدیۆلۆژیکی رامیاریی بوو کە ئـازادی و رێـزگـرتـن لـە مـافـەکـانـی تـاک، مـەبـەسـت و نێوەرۆکیەتی .

تیۆری رامیاری لیبراڵ-دیمۆکراسی هەر لە سەرەتاکانییەوە پێناسەی دوو جۆرە ئازادی کردووە:

١ ـ ئازادیی لە ژێردەستی، ئازادیی تاک، سەربەخۆیی نەتەوەیی، سەربەخۆیی رامیاری، سەربەخۆیی ئابووری، نەبوونی چەوساندنەوە و ئەشکەنجە و سانسۆر و، ئازادیی هاتوچۆ دەگرێتەوە.

٢ ـ ئازادیی هەڵبژاردن: لە مافەکانی مرۆڤە کە ئازادانە هەڵبژێرێ و ئازادانە بڕیار بدا. لـە نموونەکانی ئـەم ئـازادییـەش، ئـازادیی بـیـروبـاوەڕ و رادەربـڕیـن و چـاپـەمـەنـی و، هەڵبژاردنی خوێندن و جۆری کار و شوێنی ژیانە. هەروەها مافی بەکارهێنان (Forbruker ) کە لە بازاڕێکی ئازاددا بتوانێ ئازادانە کاڵا و خزمەتگوزاری هەڵبژێرێ و مافی دامەزراندنی بزنس و کۆمپانیا و کاری سەربەخۆی هەبێ.

لیبراڵیزم هەر لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانییەوە، واتـە لـە سـەدەی شـازدەهـەمـەوە، شۆڕشێک بـوو دژ بە دەسـەڵاتی رەهـا و هەموو جۆرە ژێردەستییەک. جا چ ژێردەستیی تاکە بیر و هزرێک بێ، ژێردەستی داگیرکەر بێ، ژێردەستیی فەرمانڕەوای زۆرداربێ، ژێردەستی دەسەڵاتە دینییەکان بێ، یاخود ژێردەستیی چینایەتی بێ.

## لیبراڵیزم لە جیهانی ئەمڕۆدا

لـە جیهانی پـێـشـکـەوتـووی ئـەمـڕۆدا ئـەم ئـیـدیـۆلـۆژییـە رەگ و ریـشـەی لـە بـوارە کۆمەڵایەتی و رامیاری و ئابوورییەکاندا وەها داکوتاوە کە ناکرێ لە خودی ژیانەکە جودا بکرێتەوە و تەنیا وەک بیرێک و تەوەرێکی سیاسی لێی بڕوانین. لیبراڵ-دێموکراسی لە دونـیـای پـێـشـکـەوتـودا وەک ئیدئۆلۆژییەک نەماوە، بەڵکو بووە بە رەوشتێکی کۆمەڵایەتی، بـووە بـە (مێتا ئـایـدیـۆلـۆژی)، واتـە بـووە بە ئیدئۆلۆژییەک لـە نێو ئـیـدئـۆلـۆژیـەکـانـدا و فەلسەفەیەک لە فەلسەفەکان. لیبراڵیزم بووە بە نەریت و ژێرخانێکی فکری بۆ دانوستانی رامـیـاری، ئـابـووری و کـۆمـەڵایـەتـی. لیبراڵ دێموکراسی ئەمڕۆ خوورەوشتی مرۆڤی ئازادە.

لـیـبـراڵـیـزمی رامـیـاری خـەبـات دەکـا بۆ دامەزراندن و هێنانەدی بارودۆخێک کە تێیدا تاکەکەس و کۆمەڵ بتوانن بەو ژیانە خۆشە بگەن کە خەباتی بۆ دەکەن و ئامانجیانە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لیبراڵ-دێموکراسی خـاوەن روخسارێکی جیهانیزمانەیە و دەبێ لە گشت شوێنێک و لە نێو گشت کۆمەڵێکدا پەیڕەو بکرێ. لیبراڵیزم ئیدیۆلۆژیەکە کە کەس پێویستی نییە لە گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی بترسێ چونکە بیرێکە کە بە یەکچاو تەماشای خواستی هەموو لایەک دەکا.

لـیـبـراڵ-دێـمـوکـراسـی نـە چـەپـڕەوە و نە راستڕەو، بەڵکو میانەڕەوە. ئیدئۆلۆژی چینێک و گرووپێک و (جنسێک، ژن یان پیاو) و دەسەڵاتێک نییە. بەڵکو ئـایـدۆلـۆژیـای ئـازادیی مـرۆڤ و رێزگرتن لە تاکە. جگە لەمانەش دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە لیبراڵیزمی دێموکراسی باوەڕی بە بوونی ئیدیۆلۆژیەک یاخود هزرێکی (کامل) و رەها(موتڵەق) نییە. بیری هەمیشە لە پرۆسەی گۆڕاندایە. ئەوەی کە سەرەکییە بۆ لیبراڵەکان، گرینگیی ئازادیی مرۆڤ و رێزگرتنە لە مافەکانی.

## لیبراڵ-دێموکراسی

لـیـبـراڵ-دێـمـوکـراسـی خـۆی شـێـوە دەستەڵاتدارییەکە کە نوێنەرایەتی دێموکراسی دەکا بە گوێرەی توانای هەڵبژێردراوەکان، کە تا چ رادەیـەک دەتـوانـن سیاسەتی خۆیان لە مەڕ دابینکردنی عەداڵەت بەڕێوەبەرن. هەڵبەت لەپەیوەندی لەگەڵ ئازادیی تاک و مافەکانیاندا زەخـت دەخـەنـە سـەر دەسـەڵات بە مەبەستی لـەبـەرچـاو گرتنی مافی کەمایەتی لـە لایـەن زۆرایەتییەوە. رادەی لەبەرچاو گرتنی ئازادی و مافەکان لە لایەن پێکهاتەکانەوە جیاوازیان هەیـە، بـەڵام نـێـوەرۆکـی هـەمـوویـان مافی ئەمنییەت، ژیانی تایبەتی، دارایی و یەکسانی لە هەمبەر قانوون و ئازادی رادەربڕین لە کۆڕ و کۆبوونەوە و تەنانەت ئازادیی دینیش لە خۆ دەگرن.

لە دێموکراسی لیبراڵیدا ئەو مافانە دەتوانرێ لـە قانوونی ئـەسـاسـیـدا تەزمین کرابن یان جاری واشە کە هێندێک پێکهاتە دادەمەزرێن کە چاوەدێری پاراستن و گەرەنتی جێبەجێ کردنیان بن. دێموکراسی لیبراڵی هەروەها دروستکەری بەستێنی تەحەممول و پلوراڵیزم و جیاوازیی سیاسیی بەرچاوە لە کۆمەڵگەدا و، ئیزنی بـوون و رکـەبـەرایـەتـیـی سیاسی بـە هـەمـوو بیروبۆچوونـە جـیـاوازەکـان، بە مەبەستی بەدەستەوەگرتنی دەستەڵات، دەدرێ. دێموکراسی لیبراڵی بۆیە باوەڕی بە دەنگدانە تا جیابیران بە بۆچوونی جیاوازیانەوە بەشدار بن و هەلومەرجی بەدەستەوەگرتنی دەستەڵاتیان هەبێ. لە کـردەوەدا هەمیشە سەرکەوتن بەو تاقمە بووە کە لایەنگری دێموکراسی لیبراڵین و سیستمێکە خۆی درێژە بە مانەوەی خۆی دەدا. هزری لیبراڵ، لە دێموکراسی لیبراڵیدا بەو مانایە نییە کە قەوارەی دوڵەت سەبارەت بە رەچاوگرتنی ئیدۆئۆلۆژی سیاسیی لیبراڵیزم بخاتە ژێر فشارەوە. ئـەوە تەنیا ئاماژەیەکە بـەو راسـتـیـیـە کـە دێـمـوکـراسـی لـیـبـراڵـی لە هەمبەر دەسەڵاتدارانی سیاسی، پارێزەری ئەو مافانەی شارۆمەندانە کە بنەما قانوونییەکانی بۆ یەکەمین جار لە سەردەمی روناکبیریدا گەرەنتی کراون و لە لایەن ئەو فەیلەسوفانەوە کە نوێنەرایەتیی بیری ئازادیان دەکرد، داڕێژراون کە هەر ئێستاش لە نێوەرۆکی زۆربـەی ئەو ئیدئۆلۆژییە سیاسییانەدا کە دێموکراسی لیبراڵییان سەلماندووە، هەیـە. دێموکراسی لیبراڵی دەتوانێ لە پێکهاتەیەکی کۆماری یان پێکهاتەیەکی پادشاییدا بگونجێندرێ.

سەرچاوە.
https://snl.no/liberalisme
https://no.wikipedia.org/wiki/Liberalisme

مێژووی زیندوو



هەیاس کاردۆ

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر عومەر باڵەکی

باریکەرێی نێوان ماڵان و سەر «چاک»ی، وەک مارێکی رەش خوار و پێچەی دابوویە. ئەو رۆژەش وەک هەموو رۆژانی زیارەت، ریزی نەپچڕاوەی باوەڕمەندان رێچکەی بەرەو گردیان گرتبوو هەتا دەگەڵ «پیر»ی خۆیان راز و نیاز بکەن. هەر کەس ئاواتێکی هەبوو: کیژان و کوڕانی گەنج بۆ گەیشتن بە دڵدار داوای یارمەتییان لە «پیر» دەکرد. بەساڵداچووان دوعای دوور بوون لە بەڵا و موسیبەتیان دەکرد. نوێ بوکان چاوەڕێی یەکەم منداڵی کوڕ بوون. وەرزێـڕان ساڵێکی پڕپیت و بەرەکەتیان دەویست. ژن لە دەست ئازاری مێرد شکایەتی هەبوو. پیاو بە سرتە هێندێک شتی دەدرکاند و... لەپڕ، لەو بەری ئاواییڕا ریزی چەک لە شانانی بەهەیبەت وەدیار کەوتن. ئەوان رێگایەکی دووری دوای تێکهەڵچوونیان بڕیبوو، دەبوایە لە شوێنێک بحەسێنەوە. هەر کە دوایین دەستەی رێچکە بەستووانی بەرەو «چاک» کۆڕی خەباتکارانیان دی، رێگایان گۆڕی و سەربەرەوخوار داگەڕان. بە دوای ئەوانیشدا شەپۆلی ئەویندارانی ئازادی خۆی دەباوەشی «پێشمەرگە« هاویشت. گۆڕەپانی دەوری ئاوایی بوو بەجێ زیارەت و دەوری «چاک» چۆل کرا. دواتر رەشبەڵەکی کچان و کوڕان دەست لە نێو دەستی پێشمەرگە گـەرم داهـات. جارێکی دیکە «مـاسـی» خۆی لە نێو دڵی «دەریا»دا دیتەوە. هەموو بە ئاواتی دڵ گەیشتن.

کاتێک هێزی وەگـەڕخـەری کۆمەڵ پەکی دەکـەوێ، نوتفەی سـەرهـەڵدانی زوڵـم دەگـووری. کە زوڵـم سـەری هەڵدا، بێدەرەتانی پەرە دەگرێ. ترس، زادەی نەکبەتی بێ دەرەتانییە و هەر خۆشی پەرەپێدەری زوڵمی زیاترە. هەتا مەیدانی زوڵم بەرینتر بێ، زاڵم غەڕڕەتر دەبێ. هەر کە ترس لە زاڵم دڵی مرۆڤەکانی رێک گوشی، مێشکیشیان لە تێکۆشان دەوەستێنی و هەر بۆیە مەیدانی رمبازێنی زاڵم زیاتر دەبێ. لە وەهـا کۆمەڵگایەکدا بەشی زۆری ئینسانەکان مل بۆ «چارەنووس» کەچ دەکەن و چاوەڕێی دەستێکی یارمەتیدەرن رزگاریان بکا. لە نێو ئەو دنیای بێدادی و ناهومێدییەدا، «پێشمەرگە« دێتە مەیدان و شەق لەو «چارەنووس»ە هەڵ دەدا. ئەو خاوەن غیرەت و خاوەن بڕیار و خاوەن ئیرادەیە، هەر بۆیە خۆشەویستە.

***

ناوی عومەر باڵەکی لە ریزی تێکۆشەرانی رێی ئازادی و مەیداندارانی خەباتی چەکداریدا، ناوێکی تەواو ئاشنا و جێکەوتوویە. هەر کەس مانای فیداکاری بزانێ و دەگەڵ ترس بێگانە بێ، باڵەکی دەناسێ. هەر کەس خەڵکی خۆش بوێ و لە رێی ئامانجەکانی گەلدا خۆی ماندوو بکا، باڵەکی دەناسێ. هەر کەس چەکی شانازی لە شان کردبێ و هەوراز و لێژی کوردستانی بڕیبێ، باڵەکی دەناسێ. هەر کەس پێشمەرگە بووبێ، پێشمەرگە مابێتەوە و پێشمەرگە خۆشەویست بێ، باڵەکی دەناسێ. لە باسی ئەمجارەی «مێژووی زیندوو»دا رێز لە خەباتکارێک دەگیرێ کە لەپڕ چەکی تاو داوەتێ، خۆی لە مەیدانی بەربەرەکانیدا تاقی کردۆتەوە، دەگەڵ رەوتی شۆڕش هاتوە و هەدای نەداوە، کۆڵەبارێکی لە ئەزموون و دەرسی بەرخۆدان دەگەڵ خۆ هێناوە و خەریکە دڵ ئاواڵایانە بۆ ئێمەی رۆ دەکا. کاک عومەر لەو پێشمەرگە بەوەفا و بەئەمەگانەی کوردە کە پێویستە دەرسی لێ فێر بین و بیری تێکۆشەرانەی خۆمانی پێ دەوڵەمەند بکەین.

با بزانین کاک عومەر چۆن ریزی پێشمەرگەی هەڵ بژاردوە: «لە نیوەی دووهەمی ساڵی ١٣٥٧دا لەگەڵ حیزبی دێموکرات ئاشنا بووم و وردەوردە بەرەو تەشکیلاتی ئەو حیزبە چووم و کاتێک وەخۆ هاتمەوە ببوومە پێشمەرگە». هەڵگرتنی چەک تەکانێک و خۆ بەنێو شەپۆلە سامناکەکانی شـەڕی چـەکـداریکـردن، تەکانێکی دیکە بـوو. عـومـەر کە ئێستا ئیدی نەک هەر پێشمەرگەی دەدی، بەڵکوو بۆخۆشی پێشمەرگە بـوو، ئـەو داستانانەی دەورانـی منداڵی وەبیر دەهاتنەوە کە لە بارەی پێشمەرگە بیستبوونی و جا ئەوجار دەیزانی پێشمەرگە چ مانایەکی قووڵی هەیە. لەمێژ نەبوو چەکی هەڵ گرتبوو کە بۆ بەرەکانی شەڕ لە ناوچەی سەقز و مەریوان ناردرا و لە بەر بێئەزموونی ئێستاش نەیزانی چی کرد و چۆن گەڕایەوە.

خۆشەویستیی وڵات و باوەڕمەند بوون بە خەبات و تێکەڵاوی دەگـەڵ کـۆڕی یـارانـی چـاونـەتـرس و بـەورە، عومەری لە درێژەدان بە پێشمەرگایەتی سەرخۆشتر کرد. بڕیارێک کە دابووی پاشگەزبوونەوەی بۆ نەبوو. هاواری ئەو، وەک هاواری هەزاران تێکۆشەری دیکە، هەدانەدان هەتا وەدیهێنانی ئاواتەکانی گەل بوو. بۆ گەیەشتن بە مەبەست، سەختیی رێگا و مەترسییەکانی ژیـان و دوور بـوون لە بنەماڵە هیچ گرینگ نەبوو. ئەوەی بیری ئەو لاوەی بەخۆیەوە خەریک کردبوو خۆماندوو کردنی زیاتر و ئیدیعای کەمتر بوو. ماوەیەک مانەوە لە ناوچەی مەهاباد و دوایە گیرسانەوە لـە سوێسنایەتیی سـەردەشـت و تـێـکـەڵاو بـوون دەگـەڵ خەڵکی خۆڕاگری ئەو دەوەرە و هاوسەنگەر بوون دەگەڵ پێشمەرگەی قەت نەبەزی موعینی (دواتر بوو بە گیارەنگ)، دەرسێکی باشی دا بـە کـاک عـومـەر و فێری خۆڕاگریی زیاتر و تەحەممولی هەر جۆرە سەختییەکی کرد. ئەو کە لە مەڵبەندی مەهاباد دەگـەڵ کارناسە نیزامییەکانی وەک سەرگورد عەبباسی و کاک هەژار و سەرهەنگ چیا کاری کردبوو، لە ناوچەی سەردەشتیش بوو بە هاوڕێی چەندین فەرماندەی هەڵکەوتووی ئەو دەوەرە. دوای چەندساڵ مانەوە لە ریزی خەباتکارانی ناوچەکانی سەردەشت و وەرگرتنی چەند بەرپرسایەتی وەک سەرپەل و سەردەستە و کادری سیاسیی لک، سەرئەنجام لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاویدا وەک فەرماندەری هێزی زاگرۆس لە ناوچەی سنە دیاری کرا و پاش ٣ مانگ مانەوە لەو شوێنە کرایە فەرماندەی هێزی شەهید پێشەوا و بەمجۆرە دووبـارە بە دیـداری مەڵبەندی دڵبەندی خۆی شاد بۆوە.

که لێی دەپرسم ئەرکی فەرماندەری هێزی پێشمەرگە چیە؟ باڵەکی واقیع بینانە جواب دەداتەوە و دەڵێ:» فەرماندەی هێزی پێشمەرگە سـەرەڕای ئەوە کە دەبێ گەڵاڵە و تەرحی هەبێ بۆ جێبەجێکردن، دەبێ خۆشی یەکێک بێت لە شەڕکەرە باش و ئازاکان. فەرماندەری پێشمەرگە سـەرەڕای ئەرکی فەرماندەریی هێزەکەی خۆی، دەبێ کادرێکی باشی سیاسی بێت و ئاگاداری بەرنامە و پرۆگرامی حیزبەکەی خۆی بێت و بتوانێ ئامانج و ئەهدافی سیاسی بۆ خەڵک شی بکاتەوە و بەتایبەت دەبێ توانای تێگەیاندنی خەڵک و پێشمەرگەی هەبێ لە مەسەلەکان». دیارە فەرماندەرێک بەو ئامادەییەوە و بە لـە بـەردەسـتـدا بوونـی ئـەزمـوونـی چـەند سـاڵـەی لە مەیدانی بەربەرەکانیدا، شانسی سەرکەوتنی زیاتر و رادەی خۆشەویستیی لە نێو هاوسەنگەرانیدا پترە. هەر واش بوو، عومەری باڵەکی لە هەموو ئەوساڵە سەختانەی شەڕی مان و نەماندا، ئازایانە پێشمەرگایەتی کرد، لێزانانە فەرماندەریی کرد، دڵسۆزانە حیزبایەتی کرد، رەفیقانە هاورێیەتی کرد و ئەمەگدارانە پەیمانی بردە سەر.

بەخۆشییەوە کاک عومەریش وەک زۆر پێشمەرگەی نێو سەنگەر، هاوکات لە چەند بواردا شارەزایی پەیدا کردوە و هەرکات پێویست بووبێ ئەرکی دیکەشی وەئەستۆ گرتوە. بە گشتی لە ماوەی زیاتر لە ٣ دەیە خەبات و تێکۆشانی بـەردەوام لە رێی ئـازادیدا، لەو رۆژەوە بە بێئەزموون چەکی تاو داوەتێ و رەگەڵ دەریای چەکبەدەستان کەوتوە، هەتا ئێستا کە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەکەیەتی ئەم بەرپرسایەتییانەی هەبوە:

پێشمەرگە، سەرپەل، سەردەستە، کـادری سیاسیی لک، فەرماندە هێز، بەرپرسی کۆمیتە شارستان، موشاویر، ئەندامی کۆمیتە ناوەندی و ئەندامی دەفتەری سیاسی، بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوە و گەلیک بەرپرسایەتیی دیکەش.

کاک عومەر لەساڵی ١٣٥٧ەوە هەتا ساڵی ١٣٧٥ بەردەوام لە ریزی پێشمەرگەدا شاخ و کێو و دەشت و دەری کوردستانی کـردوە، دێ بە دێ گـەڕاوە، خەڵکی بەسـەر کردۆتـەوە، فەرماندەریی پیشمەرگەی کردوە، سیاسەتەکانی حیزبەکەی بردۆتە نێو کۆمەڵانی خەڵک، پێشی پەلاماری هێزی دوژمنی گرتوە و هێرشی بردۆتـە سـەر مۆڵگە و دام و دەزگـای بەکرێگیراوان. لە هەمووی ئەو ساڵانەدا بە دەیـان جار لە مەترسی کەوتوە، چوارجار بریندار بوە و هەموو جارێ پاش ساڕێژ بوونەوەی برینەکانی، خۆی گەیاندۆتەوە مەیداندکانی شـانـازی خولقاندن. لـەو مـاوەیـەدا دەیـان جـار بۆ مەرگی سـووری هاوسەنگەری فرمێسکی هەڵ وەرانـدوە و خەمی لەدەستدانی رۆڵەی کورد ئەوکی رێک گوشیوە. هەمووی ئەوانە لە پێناو وەدەست هێنانی ئازادی بۆ گەلەکەیدا کراون و خۆی گوتەنی چەندی دیکەش پێویست بێ ئامادەی بەڕێوە بردنە. بەڕاستی ئێمە لە بەرامبەر ئیرادەیەکی ئاوا بە هێز و ئیمانێکی ئاوا قایمدا دەتوانین چی بڵێین جگە لە ئافەرین و داوای سەرکەوتن؟

تێکۆشـەر باڵەکی هـەر بەوانە نەوەستـاوە. ئەو کە ئاشقی رزگاریی گەلەکەیەتی و بە دڵ و بە گیان بۆی تێ دەکـۆشـێ، بـاش دەزانـێ رۆژێـک بـەو ئـاواتـەی دەگـا. هەر بۆیە هەر لە ئێستاوە خۆی بۆ ئامادە کردوە هەتا بە بیر و مێشکێکی پڕترەوە خزمەتی نیشتمانەکەی بکا. کاک عومەر لە هەر دەرفەتێک بۆی هەڵ کەوتوە کەڵکی وەرگرتوە و خەرمانەی زانیارییەکانی خۆی گەورەتر کردۆتەوە. خوێندن لە زانستگای کۆیە و وەرگرتنی بڕوانامەی لیسانسی یاسا لەو ناوەندە زانستییەش بەشێکی دیکە لە هەوڵ و تەقەلاکانی ناوبراون کە سەرکەوتووانە تـەواوی کـردوە. جگە لەوانە رێزدار باڵەکی لە مەیدانی نووسین و وەرگێڕانیشدا خۆی تاقی کردۆتەوە و هەتا ئیستا چەند بەرهەمێکی خستۆتە سەر کتێبخانەی کوردییەوە.

ئـەوانـەی بەرزترین لووتکەکان فەتح دەکـەن، ئەو کەسانەی هەتا قووڵترین قووڵاییەکان دەچنە خوار، کەسانی دۆزێـنـەرەوەی نـەدیـترا و نەبیستراوەکان، ئـەو ئینسانە خۆبەختکەرانەی هەوڵی پێک هێنانی جیهانێکی خۆشتر و ئاوەدانتر دەدەن، هەموو خاوەن ئیرادە و خاوەن ئیمان و خاوەن غیرەتن. پێشمەرگەش کە سەرتۆپی غیرەت و ئیمان و ئیرادەیە لە بەرزییدا هاوتای نییە. عومەر باڵەکی لە نێو بازنەی ئەو سەربەرزانەدا جێگای گرتوە و هیوادارم هەروا قورس و قایم لەو جێگایەدا راوەستێ.

# داعش بۆ کورد نامۆ نیه



تەهای رەحیمی



چەقینی سەرهەڵدانەکانی بەناوی بەهاری عەرەبی لە سووریە و هەڵسوکەوتی توندوتیژانەی دەسەڵاتی ئەسەد دەگەڵ جەماوەری راپەڕیوی ئەو وڵاتە و، دواجار گۆڕانی شەڕی نێوخۆیی سووریە بۆ شەڕی هێژمۆنی هێزەکانی ناوچە و زلهێزە جیهانییەکان، دیاردەیەکی ناشیرینی بە بیرورای گشتی جیهان بە ناوی داعش ئاشنا کرد. ئەو دیاردە ناشیرین و هێزە دلڕەق و پێکهاتە قێزەونەی کە بە کردەوە سنوورە زۆرەملییە کێشراوەکانی پەیمانی سایس پیکۆی سڕییەوە و، بوو بە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر گشت جیهان. هەر ئەو مەترسیی بوونە بۆ سەر جیهان بەس بوو، کە زلهێزەکان بە لک و پۆپەکانیانەوە شەڕە لە سەر خاکی چوارچێوە سیاسییە لەرزۆکەکانی ئێراق و سووریە بە مەبەستی جۆراوجۆری ئابووری، سیاسی و سەربازی بەرینتر و قوڵتر بکەنەوە. شەڕی جیهانی هێژمۆنی لە چوارچێوەی شەڕی نێوخۆیی سووریەدا لووتکەی بەتاڵبوونەوەی مرۆڤ لە مرۆڤایەتی، کە بەهۆی پێشکەوتنە جۆراوجۆرەکانی سەردەم و بەتایبەت میدیا و راگەیاندن و ئینتێرنێت خرایە بەرچاوی گشتی، بیرەوەریی زۆری تاڵتری کوردی لە هەموو پارچە داگیرکراوەکانی خستەوە زەینی شڵەژاوی تاکەکانی کورد و کۆمەڵگەی کورد. بە لوتفی ئینتێرنێت و تەکنۆلۆژیا خەڵکی جیهان دوور و نزیک ئەو کارەساتەی مێژوویەکە بۆ کورد ئەزموون و ژیانە، بینی، دیاردەیەک کە بیرورای جیهانی شڵەژاند و زلهێزەکانی رەکێشی سەر کەلاکی مانگای مردووی گۆڕین کرد، کورد بە شێوەی جۆراوجۆر لە ئێراق، ئێران، تورکیە و سووریە تاقی کردۆتەوە و هەتا ئێستاش بەرەنگارییەتی. هەر ئەو ئەزموون و تاقیکارییە لەمێژیانەیە،ئەمرۆ کوردی لە مەیدانی شەڕی دژی تیرۆر و بەتایبەت داعش سەربەرز کردوە. ئەگەر بیر مەودای دواوە بدا و هێندێک لەو کارەساتانەی لە سەردەمی حکوومەتەکانی ئێراق و بەتایبەت سەددام بەسەر کەینەوە، دەبینین، داعش بە هەموو دڕندەیی کە کۆشکە بەناوبانگەکانی جیهان لە سەروو هەموشیانەوە کۆشکی سپی و کرملینی وەهەژان خستۆتە بۆ وەحشیگەری و ئاکاری دژەمرۆیی تیتۆڵێکی لە سەددام دانەدڕییەوە، کە بە چەند کاتژمێر لە هەڵەبجە پێنج هەزار کوردی بە بۆمبی شیمیایی کوشت و هەزاران هەزار لەش بە گەرمی خۆڵیان وەسەر کرا. هەر کەس جارێک بیرەوەرییەکی دایک و باوکێکی کوڕ و کچ ئەنفال کراوی گوێ لێ بێ، دەزانێ داعش خەلیفەی بەغدادی نوێنەرێتی یان ....

رۆژهەڵاتی کوردستان نزیک بە چوار دەیەیە لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی داعشی رەسەندا دەچەوسێتەوە. ئەگەر ئەبوبەکر بەغدادی بڕیاری دەرکرد کوردانی ئێزەدی قڕ بکرێن و بفرۆشترێن، خومەینی ئەو رێ نیشاندەر و رێبەرەی بڕیار بوو گەلانی موسلمان لە ئاوی نیل بپەڕێنێتەوە، فتوای قڕکردن و ناموسلمان بوونی کوردی بەگشتی لە رۆژهەڵات دەرکرد و، ئەگەر بەرگری و ئازایەتی رۆڵەکانی کورد نەبوایە خودا دەیزانی رۆژهەڵات چ کورد قڕان و کڕین و فرۆشتنێکی بەسەر دەهات. پاشانیش کە نەیانتوانی بەمجۆرە کورد قڕ کەن، کۆماری ئیسلامی، کە بنەچەیە بۆ هەر بیر و هێزێکی توندڕۆ لە ناوچەکەدا هەموو رێگەکانی کوشتن و سڕینەوە کوردی تاقی کردەوە و بە هەموو هێز و ئامرازەکانی بەردەستی هەتا ئێستاش لەسەر بەردەوامە لەسەر ئاکارە داعشییەکانی دەرهەق بە کورد. لە باکووری کوردستان لە جەنایەتەکانی ئاتاتورکەوە بگرە وەک ژینۆسایدی خەڵکی دەرسیم هەتا کردەوەکانی ئەمڕۆی ئەردۆغان ئەگەر لە کردەوەکانی داعش زیاتر نەبن کەمتر نین. رۆژاوای کوردستانیش چ لە سەردەمی حافز ئەسەد و چ لە سەردەمی بەشار ئەسەد دەیان کارەساتی بەسەر هاتووە نموونەیان لە هەڵسوکەوتی بەرزترە. بەگشتی دەمەوێ بڵێم داعشی لە چەشنی بەغدادی دەیان ساڵە لەبەر چاوی زلهێزان و تەنانەت کۆمەڵگەی ئەو وڵاتانەی کوردیان داگیر کردوە، دەرهەق بە کورد کارەسات و جینایەت ئەنجام دەدەن و خۆڕاگری کورد لە بەرانبەر داعشی بەغدادیدا، ئاکامی خاران و راهاتنی چەندین ساڵەی گەلی کوردە لەگەڵ داعشەکانی پێشوو.

کۆماری ئیسلامی هەروەک وترا ماکە و پشتیوانی زۆربەی هەرە زۆری بیر و حەرەکەتە توندڕۆکانی ناوچەیە و، تەنانەت لە نێوخۆی وڵاتیش بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دژایەتی کردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد و چاندنی بیری توندڕەوی و کاناڵیزەی وزە و پوتانسییەلی کۆمەڵگە بەرەو ئاقارێکی توندوتیژانە چەندین ساڵە رێگەی بۆ هەندێک گرووپ و تاقمی توندوتیژ خۆش کردوە هەتا پەرە بگرن، بەڵام کۆمەڵگەی کوردی کە بە درێژایی مێژووی بێبەری بووە لەو چەشنە بیر و هزرانە، قەت بواری بۆ گەشەی ئەو رەوتانە خۆش نەکرد. کەچی کۆماری ئیسلامی کە بانگەشەی رێبەرایەتی جیهانی ئیسلامی و بەتایبەت رێبەریی بەرەی شیعە دەکا، لە پیلانەکانی لە کوردستان ناوەستێ و لە دوایین هەواڵدا چەند کەس لە نێو شار کرماشان لە تێکهەڵچوون دەگەڵ هێزەکانی رێژیم کوژراون کە لە لایەن رێژیمەوە بە داعشی ناسێندران. ئەگەرچی ئەو هەواڵە میدیا و کۆمەڵگەی کوردی رانەچڵەکاند و بزووتنەوەشی بەخۆوە خەریک نەکرد، بەڵام لە راستیدا دەبێ بڵێین دەسپێکی گەورەترین پیلانی رێژیمە بۆ شەق کردن و کەلێن خستنە نێوماڵی کوردەوە لە رۆژهەڵات. ئەگەرچی هیچ بیرێکی ژیر و لێکدەرەوە بۆی ناچێتەوە سەر ئەوەی کە ئەگەر داعشیش لە رۆژهەڵات هەبێ لانیکەم لە کرماشان کە نزیک بە هەمووی بە ئایینزا شیعە و پاشان یارسانن، ناتوانێ پێگەی هەبێ، بەڵام رێژیم زۆر زیرەکانە چەند قەشمەرێک لە نێو شاری لە سناریۆیەکدا دەکوژێ هەتا کوردی بە ئایینزا شیعە و یارسانان هەڵخڕێنن و، بەمجۆرە لێکهەڵبەزینەوە لە نێوان شارە کوردییە شیعەنشینەکان و سوننینشینەکانی رۆژهەڵات ساز بکەن. چونکی لانیکەم بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد کە بە هۆکاری جۆراوجۆر نەیتوانیبوو بەگوێرەی پێویست پەل بهاوێتە کوردستانی شیعەنشین، هەنووکە شەپۆلی شووناسخوازی هەڵیگرتوە و بزووتنەوەی مەدەنی لە ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو گەشەیە. دیارە رێژیم لە سەرەتای سەپانییەوە بەسەر گەلانی ئێراندا بە هۆمێدی شیعەبوونیانەوە تێچوویەکی زۆری بۆ دابڕاندن و ژینوسایدی شووناس و فەرهەنگی ئەو ناوچانە کرد، کە خاوەن هەڵکەوتوویەکی ستراتیژین، بەڵام دواجار هەموو هەوڵەکانی بوونەوە بڵقی سەر ئاو. هەر بۆیە هەنووکە ئەگەرچی لە لایەک رێژیم بانگەشەی شەڕ دژی داعش دەکا، لە لایەکیش وەک نیعمەتێک لێی دەڕوانێ هەتا بۆ بواری نێوخۆیی و دابڕاندنی نێوماڵی کورد کەڵکی لێوەرگرێ. بەڵام بە دڵنیاییەوە گەلی کورد ئەزموونی لە پیلانەکانی رێژیم لە ماوەی رابردوودا وەرگرتوە و، هەروەک چۆن لە بەرەی شەڕی داعشی بەغدادیدا لەچاو جیهان سەربەرزە، لە بەرانبەر داعشی رەسەن و ویلایەتی فەقیهیشدا سەربەرز دەردەچێ. دەگەڵ ئەوەشدا بزووتنەوەی کورد دەبێ زۆر ژیرانە و هەماهەنگ و یەکڕیز بەرەنگاری پیلانە تازەکانی رێژیم ببێتەوە، کە لە هیچ بیانوویەک بۆ سڕینەوە فیزیکی و فیکری تاکەکانی کورد ناپرینگێتەوە.

> ❛❛کۆماری ئیسلامی هەروەک وترا ماکە و پشتیوانی زۆربەی هەرە زۆری بیر و حەرەکەتە توندڕۆکانی ناوچەیە و، تەنانەت لە نێوخۆی وڵاتیش بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دژایەتی کردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد و چاندنی بیری توندڕەوی و کاناڵیزەی وزە و پوتانسییەلی کۆمەڵگە بەرەو ئاقارێکی توندوتیژانە چەندین ساڵە رێگەی بۆ هەندێک گرووپ و تاقمی توندوتیژ خۆش کردوە هەتا پەرە بگرن❜❜

> ❛❛بە دڵنیاییەوە گەلی کورد ئەزموونی لە پیلانەکانی رێژیم لە ماوەی رابردوودا وەرگرتوە و، هەروەک چۆن لە بەرەی شەڕی داعشی بەغدادیدا لەچاو جیهان سەربەرزە، لە بەرانبەر داعشی رەسەن و ویلایەتی فەقیهیشدا سەربەرز دەردەچێ. دەگەڵ ئەوەشدا بزووتنەوەی کورد دەبێ زۆر ژیرانە و هەماهەنگ و یەکڕیز بەرەنگاری پیلانە تازەکانی رێژیم ببێتەوە، کە لە هیچ بیانوویەک بۆ سڕینەوە فیزیکی و فیکری تاکەکانی کورد ناپرینگێتەوە❜❜

درێژەی

# هۆکارەکانی لاوازیی زانستە مرۆڤییەکان لە ئێراندا

یان تیۆریەک بێ، رەنگە کەم و زۆر بکەوێتە بەر پلاری ئەم و ئەو. چەرخەکانی سەنعەت، زانست، کولتوور، ئابووری و بیرۆکە و ئیدەکان لە سەر خەللاقیەت و خوڵقاندن چەق دەبەستن. لە کولتووری پەروەرد و فێرکردنی ئێران و زۆر کۆمەڵگەی دیکەدا مانەوە لە کلێشەی تایبەتدا دەبێتە بایەخ و شکاندن و دەرچوون لە چوارچێوە باوەکان کەوتن و سزای لە دوایە.

لە ژێر تیشکی هۆکارە کولتوورییەکاندا گونجاوە، کە باس لە ستروکتۆر و ساختاری پێگەی کۆمەڵایەتی و تێڕوانینی کۆمەڵگە لە سەر زانستەکان بکرێ. لە کۆمەڵگە دواکەوتوەکان و تەنانەت لە بەشێک لە کۆمەڵگە پێشکەوتوەکاندا، کە کەڵکەڵەی دەستخستنی پارەی خێرا و کەسایەتی کۆمەڵایەتییان لە سەردایە، زانستە مرۆڤیی و کۆمەڵایەتییەکان بە بەراورد بە زانست و پیشەکانی دیکە جێگە و پێگەی شیاویان نییە. لەو کۆمەڵگەیانەدا زۆر کەس وەک دایک و باب حەزیان لەوەیە، کە منداڵ و نەوەکانیان ببنە دوکتور، ئەندازیار و خاوەن پیشەی پارەساز. لە کولتووری خەڵکی شەقام و ئاساییدا زانستە مرۆڤییەکان رۆڵ و نەخشی زۆریان لە بنیاتنانی کۆمەڵگەدا نییە. ئەو تێڕوانینە کەم و زۆر وزە و توانای نەوەکان بە فیرۆ دەدات و لە داڕشتنی پلان و بەرنامەی خوێندکاراندا کاریگەرە، چونکە ئەوان لە جیاتی ویست و توانای خۆیان دەکەونە ژێر پاڵەپەستۆی ویستی گەورە ساڵ و حەزی کۆمەڵگە.

کزبوونی بەستێن و دەرفەتی دەربڕینی ئازاد هۆکارێکی دیکەی لاوازبوونی زانستە مرۆڤییەکانە، کە لە ماوەی زیاتر لە ١٠٠ ساڵی رابردوو راهێنانی لە سەر دەکرێ. لە کۆمەڵگە پێشکەوتوەکاندا لێکۆڵینەوە لە دیاردە و بابەتەکان و راگەیاندنی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان رێچکەی سروشتی خۆیان تێپەڕ دەکەن. لە کۆمەڵگە داخراو و سیستمە سیاسییە تاکڕەوەکاندا ئانالیزی راستەقینەی رووداوەکان رێگە پێنەدراوە. لەو کۆمەڵگەیانەدا ئایدۆلۆژیەکان رێگەپێشاندەری کۆی کایەکانن و هەوڵ دراوە بە ناوی جیاواز زانکۆ و بە تایبەت زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤییەکان لە رێڕەوی راستەقینەی خۆیان لابدەن. بە واتایەکی دیکە، هەوڵدراوە زانستەکان خزمەتی دەسەڵات و سیستمی سیاسی وئایدۆلۆژی وڵات بکەن. لەو کۆمەڵگەیانەدا پرسی هەڵاتنی مێشکەکان دەبێتە دیاردە و مرۆڤەکان رێگای کۆچ هەڵدەبژێرن، چوونکە ئازادی و دەرفەتی کار و تێکۆشانیان نییە.

زانستە مرۆڤییەکان لەگەڵ پەروەردە و فێرکردن، کولتوور و سیاسەت و کۆی کایەی کۆمەڵگەدا گرێدراون. ئەگەرچی لەو ساڵانەی دواییدا زۆر تێکنۆلۆژی بە ئاسانی و بە زەبری پارە لە وڵاتە پێشکەوتوەکان کڕاون و بۆ ئێران راگوازراون، بەڵام ئەوانیش وەک پێویست لە سەر رەوتی گەشەکردنی زانست کاریگەر نەبوون. زانستەکان و بە تایبەت زانستە مرۆڤییەکان لە وڵاتان دەرخەری بارودۆخی گشتیی وڵاتن. لە وڵاتێکدا کە سیستمی سیاسی داخراوە، بێگومان زانکۆ و ناوەندە لێکۆڵینەوەکان ناتوانن لە لێکۆڵینەوەکانیاندا ئازادانە و بێلایەنانە قامک لە سەر خاڵە هەستیارەکان دابنێن. ئەگەر زانستە مرۆڤییەکان لە چوارچێوەی نیزامیکی سیاسیدا قەتیس کران، لێکۆڵینەوە لە سەر پرسە کۆمەڵایەتی، سیاسی، مێژوویی و هزریەکان رێڕەوی سروشتی ناگرنە بەر.

مرۆڤایەتی و دوارۆژی گۆی زەوی لە بەردەم مەترسی جۆراوجۆردان. زانستە مرۆڤییەکان لە گۆڕەپانی چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانە جیهانی، ناوچەیی و لۆکاڵییەکاندا رۆڵ و نەخشی کارا دەگێڕن. ئێران و زۆر وڵاتی دیکەی جیهان بۆ تێپەڕاندنی قەیرانە کۆن و لەمێژینەکانیان پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی قوڵ و خاوەن پێوەری زانستییە. زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤییەکان وەک زانستەکانی دیکە دەتوانن بیرۆکە و رێکاری گونجاو بەرهەم بێنن، کە پێوەندیان بە کۆمەڵگە، دامەزراوە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە. بەهێزبوونی زانستە مرۆڤییەکان و پێدانی جێگا و رێگای شیاو بەوان خزمەتی کۆی مرۆڤایەتی دەکا و لە پتەوکردنی کۆڵەکەکانی دێموکراسی و سیستمێکی خەڵک سەروەردا کاریگەر دەبێ. دێموکراسی و گەشەکردنی ئەو رەوتە پێویستی بە ئانالیز و لێکدانەوەی زانیاری و رێکارە ئەرینییەکانی زانستە مرۆڤییەکانە.

زانستە مرۆڤییەکان لە کۆمەڵگە ئازادەکاندا زیاتر گوڵ دەکەن و بناخەی رووناکبیری زانکۆکان بەرهەم دێنن. زانستە ئاماژەپێکراوەکان دەرفەتی خوێندنەوەی دیاردە و رووداوەکان لە روانگەی جیاواز دەخوڵقێنن و پەرە بە توخمی رەخنەگرانە و هاندەرانەی خوێندنەوە زانستییەکان دەدەن. گەشەپێدانی ئەو زانستانە بۆ خوڵقاندنی بالانسی نێوان زانستەکان و هەروەها هەڵسەنگاندنی پێوەندی نێوان مرۆڤ و تێکنۆلۆژی و ژینگە یارمەتیدەرن. سەرکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگەکان لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، لەشساغی و پەروەردە بەندە بە کارابوونی زانستە مرۆڤییەکان. بۆ بەرپەرچدانەوەی قەیران و کێشەکانی دوارۆژ، پێویستە گەشە بە زانستە مرۆڤییەکان بدرێ. پەرەپێدانی لێکۆڵینەوەی ئازاد و شارەزایانە و ئەکتیوکردنی زانستە مرۆڤییەکان بە دەرمان و چارەسەری قەیرانەکانی دوارۆژ دەژمێردرێن. کەمکردنەوەی هەژاری، شەڕ، ئاژاوە و تێرۆریزم، دەستەبەربوونی مافی مرۆڤ و گەلان، پاراستنی ژینگە و رزگاربوون لە سەرەڕۆی پێویستیان بە زانستە مرۆڤییەکانە. بە کورتی، ئەو زانستانە دواڕۆژ دروست دەکەن. بارودۆخی شڵەژاو و قەیراناوی ئێران، درێژەکێشانی ئیستبداد، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، نەبوونی ئازادی بیروڕا، بەرهەمهاتنەوەی توندوتیژی و سەرەڕۆیی ئاکامی لاوازبوونی زانست و بە تایبەت زانستە مرۆڤییەکانە.

ژێدەرکان:
Yhteiskuntatieteet rakentavat tulevaisuutta
http://www.ksml.fi/mielipide/mielipidekirjoitus/Yhteiskuntatieteet-rakentavat-tulevaisuutta/٣٧٦٤٣٢
٢٥,١٠,٢٠١٥
Politics of culture in Iran, Nematollah Fazeli, ٢٠٠٦, by Routledge
وضعیت علوم اجتماعی و انسانی در ایران اسفبار است!: گفت وگو با ناصر فکوهی، بابک مهدیزاده
http://anthropology.ir/article/٢١١٢٣
چالش های علوم انسانی در ایران
http://www.farhangshenasi.ir/persian/node/١٨٤
عقب ماندگی علوم انسانی در ایران، صادق زیبا کلام، مجله: بازتاب اندیشه، اسفند ١٣٨٧ - شماره ١٠٧

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 687 5 September 2016

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

## بەر لە ماڵاوایی

# کوردستان و فەرهەنگێک بۆ لێ‌فێربوون



**عەلی بداغی**

لە دوو حەوتووی ڕابردوودا دوو ڕووداو لە کوردستان ئەگەرچی تەنیا بۆ چەند ڕۆژێک مانشێتی ڕۆژنامە و کاناڵە خەبەری‌یەکان بوون، بەڵام تەعبیر لە جووڵە و حەڕەکەتێکی مەدەنیی زۆر بە پرێستیژیان دەکرد کە خەریکە لە کوردستان دەبێتە کلتوور.

لە ڕوانسەر لە کاتێکدا هێزی ئینتیزامی و دەزگای قەزایی و میدیا دەوڵەتی‌یەکان چەند ڕۆژ بوو هەواڵی ئێعدامکردنی تاوانبارێکیان جاڕ دابوو و خەڵکیان بۆ سەیری ئەو ئێعدامە لە شوێنێکی دیاریکراوی شار بانگ کردبوو، بەڵام جیا لە تیمی ئیعدام کەس نەچووە شوێنەکە؛ لە سنەش لە کاتێکدا تاوانبارێک پەتی ئێعدامی لە مل کرابوو، دایکێکی جەرگسوتاو سەرەڕای ئەوەی ڕۆڵەی لاو و شیرینی بە دەستی تاوانبارەکە بە کوشت چووبوو، دڵی بڕوای نەدا سەمای تەرمێک بە چاوی خۆی ببینێ و گوتی: « بیهێننە خوارێ، بەخشیم...»

ئەوی باس کرا هەر تەنیا دوو ڕووداو ئەویش لە دوو شوێنی جیا لە کوردستان نییە، بەڵکوو دەرکەوتەی بزاوتێکە کە چالاکانی مەدەنیی کوردستان ساڵانێکە کاری لەسەر دەکەن و ئەمڕۆکە بەرهەمەکەی هەڵدەگرینەوە، ئەوانە بەڵگە بۆ باس لەسەر ئەو ڕاستی‌یەن کە چەندەی کۆماری ئیسلامیی ئێران حەزی لە ئێعدام و تۆڵە و کوشتنە، خەڵکی کوردستان ئەوەندە بێزرا و لە پەتی دار و خەنکاندن و ناشتنە.

خەڵکی کوردستان کە بە ئێسک و پێست و لە ناخەوە هەموو زوڵم و زۆری و سەرکوت و توندوتیژییەکی لە کۆماری ئیسلامی هەست پێکردوە، باش دەزانێ کە مەبەستی کۆماری ئیسلامی لە ئێعدام تەنیا ترساندنی کۆمەڵگەیە و ئێعدام بە وێنەی ئامرازی پاراستنی دەسەڵاتەکەیان ڕەچاوی دەکەن؛ بۆیە بەرهەڵستی دەبنەوە.

خەڵکی کوردستان تێگەیشتوون کە شوێنی منداڵان یاریگە و کتێبخانە، کۆڵان و فێرگە و سەرقاڵییان بە نەقاشی و سەیری فیلم و فێربوونی زانستە لە مەکۆی خۆی، نەک کۆبوونەوە لە شوێنی ئێعدام و سەیری مەرگی کەسێک؛ بۆیە خۆیان و منداڵانەکانیانی لێ بە دوور دەگرن.

شعووری کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان گەیوەتە ئەو جێ‌یە کە دەزانن کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا، بە دەیان هەزار کەسی بە بیانووی کوشتن، ماددەی هۆشبەر، شەڕ و شاڕلاتانی، دەستدرێژی و بیانووی جۆراوجۆری دیکە لە دار داوە، بەڵام ئەوەی ماوە ئێرانێک و کۆمەڵگەیەکە هەمیسان پڕ لە کوشتن، پڕ لە قەیران و پڕ لە هەموو ئەو شتانەی بە بیانووی ئەوانەوە ئێعدام درێژەی هەیە؛ هەر بۆیە نەفرەتی لێ‌دەکەن.

خەڵکی کوردستان دەزانێ ئەوانەی ئەمڕۆکە دەچنە سەیری ئێعدام و لنگەفرتەی تاوانبارێک لە گیانەڵڵادا دەبینن، بۆ خۆیان سبەی کەسێکی چاوترساون کە حکوومەت دەتوانێ چۆنی بوێ ئاوایان لەگەڵ ڕەفتار بکا، بۆیە سڵ دەکەن و وەک نافەرمانی‌یەک بە دژی دەوەستنەوە. ئەوان نایانەوێ بە چوونە سەیری ئێعدام شەرعییەت بەو بڕیار و بەو ڕەفتارەی کۆماری ئیسلامی بدەن، بۆیە بایکۆتی دەکەن.

خەڵکی کوردستان دەزانن کە ئەگەر دەسەڵاتی ڕاگرتن و نەهێشتنی ئێعدامیشان نەبێ، ئەوەندەی پێوەندیی بە خۆیانە هەیە دەیبەخشن، بۆ ئەوەی دیکەش هێڵی سوور بەسەر شانۆگەریی ئێعدام لە شوێنە گشتی‌یەکان‌دا دێنن و خۆیان لەگەڵ ڕێژیم لەو تاوانەدا و لەو کلتووورە سەقەتەدا ناکەن بە شەریک.

خەڵکی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە کردەوە نیشانیان دا کە خەبات دژی ئێعدام دەتوانێ ببێتە بزووتنەوەیەکی مەدەنی و کۆمەڵایەتی و، ئەوەندەی نیزامی کۆماری ئیسلامی دەیەوێ پەرە بە سزای ئێعدام و کلتووری ئێعدام بدا، ئەوان دەتوانن بەو ڕادەیە کار بۆ جێخستنی فەرهەنگێکی دژ بەوە، واتە کلتووری لێبوردن و بەزەیی لە کۆمەڵگەدا بکەن.

خەڵکی کوردستان دەزانن ئەوە کۆماری ئیسلامی‌یە کە بۆ چارەسەری هەر کێشە و قەیرانێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و تەنانەت فەرهەنگی تەنیا چەکی ئێعدام و سڕینەوە شک دەبا، بێ گەڕان بە دوای هۆکارەکان زۆر بە دەستوبرد کەسێک یان دوو کەس یان کۆمەڵە کەسێک دەگرێ و تاوانەکانیان بەسەردا ساغ دەکاتەوە و ملیان بە پەتەوە دەکا تا دەوروبەر لێی فێربن!، لەو سۆنگەیە کە خەڵکی کوردستان پشتی تێدەکەن.

خەڵکی کوردستان دەزانن زۆربەی ئێعدامەکان لە ئێران سیاسین و بنەمای حقووقییان نییە، دەزانن نیزامی داد و دادئەستێنیی کۆماری ئیسلامی ناسەربەخۆ و پڕ لە بێ‌عەداڵەتی‌یە، دەزانن قەیرانە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی‌یەکان پاڵنەری زۆربەی ئەو ڕەفتارانەن کە سزای ئێعدامیان بۆ داناون، هەر بۆیە نایانەوێ بەشێک بن لەو ڕەوایی پێدانە و، نایانەوێ بە بەشداری‌یان لە پڕۆسەی ئێعدام‌دا ئەو بیانووە بە کۆماری بدەن چەکی ئێعدام وەک کەرەستە و ئامرازێک بۆ ڕاگرتنی خۆی لە تەختی دەسەڵات‌دا بەکار بێنێ.

پوختەی مەبەست ئەمەیە کە نەمانی سزای ئێعدام لە هەر کۆمەڵگەیەک پێویستیی بە گۆڕینی قانوونەکانی سزادانی ئەو وڵاتەیە، ئەوەش تەنیا بەوە دەکرێ خواستێکی بەهێز لە هەناوی کۆمەڵگە هەبێ و دەنگێکی بەرز کە «نا»یەکی گەورە بەو قانوونە بڵێ. لێرە دایە کە بایکۆتکردنی سەیری ئێعدامەکان، هەوڵدان بۆ ڕەزامەندیی بنەماڵەی قوربانیان لە وازهێنان لە تۆڵە و، بەخشینی تاوانباران و گۆڕینی بە سزایەکی دی دەتوانێ سەرەتایەک بێ بۆ بزاوتێکی بەهێز لە کۆمەڵگە، بزاوتێک بۆ کۆتاییهێنان بە ئێعدام.

ئەو سەرەتایە لە کوردستان دەستی پێکردوە و خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران دەتوانن بیکەن بە سەرمەشق و لێی فێربن.

# کۆتایی هاتنی خولێکی دیکەی فێربوونی زمانی کوردی لە بۆکان

کۆڕی فێرکاری و فەرهەنگیی ئەدەب لە شاری بۆکان بە تەواوکردنی خولێکی دیکەی فێربوونی زمانی کوردی بڕوانامەی بە بەشدارانی ئەو دەورەیە بەخشی.

لە کۆبوونەوەیەکدا کە ڕۆژی چوارشەممە، ٣ی خەرمانان بۆ ڕێزگرتن لە بەشداریی ئەو کەسانە لە کۆرسێکی زمانی کوردی‌دا پێکهاتبوو، کۆمەڵێک چالاکیی ئەدەبیی دیکەش پێشکێش کران.

لەو کۆڕەدا سەرەتا مستەفا ئیلخانیزادە، بەرپرسی کۆڕی فێرکاری و فەرهەنگیی ئەدەب لە شاری بۆکان وتارێکی لە پێوەندی لەگەڵ چالاکی‌یەکانی ئەو ناوەندە ئەدەبی و فێرکاری‌یە پێشکێش کرد و لە بڕگەکانی دیکەی بەرنامەکەدا خالید عەسگەری، سەعدوڵڵا مەجیدی، مستەفا پولادرەک، لاولاو بەهرامبەگی، زیبا کەرامەت، ئامینە چاک، منیرە فەیزە و حسێن گوڵوڵانی شێعریان خوێندەوە و ، سووسەن حەسەنزادە، یەکێک لە مامۆستایانی کۆرسەکە باسێکی لە زمانی زگماکی و گرینگیی خوێندن بە زمانی دایکی کرد.



ئەو کۆڕە ئەدەبی‌یە بە چەند بڕگەی هونەریی حەیران و سەربەند لەلایەن ڕەحمان فەیزی و عەلی فروتەن درێژەی پێ‌درا و لە کۆتایی‌دا بڕوانامەی کۆتایی ئەو خولە بە بەشدارانی دەورەکە درا.

# مەسعوود زەنگەنە ماڵاوایی لە ژیان کرد



مامۆستا مەسعوود زەنگەنە، ژەنیار و یەکێک لە مامۆستایانی ناسراوی کرماشان لە بواری موسیقی ڕۆژی یەکشەممە، ٣١ی گەلاوێژ، لە نەخۆشخانەی ئیمام ڕەزای کرماشان ماڵاوایی یەکجاری لە ژیان کرد.

خوالێخۆشبوو مەسعود زەنگەنە یەکێک لە مامۆستایانی ناسراو و دیاری فەرهەنگ و هونەر بوو کە لە پاش خۆی کۆمەڵێک قوتابیی بەتوانای بەجێ هێشتووە کە لە بواری هونەری‌یەوە دەبێ شانازییان پێوە بکەی.

زەنگەنە بە سازی فلووت کە سازێکی بیانی‌یە توانی بەرهەمی بەنرخ لە پاش خۆی بەجێ بێڵێ و بە سەبکی پاپ لاوانیشی بۆلای هونەرەکەی ڕاکێشابوو.

ئەم مامۆستا بە ئەزموونەی موسیقی ساڵی ١٣٢٦ لە شاری کرماشان لە دایک بوو و بۆ یەکەم جار لە کرماشان سازی فلووتی کلیلداری بە شێوەی پسپۆڕانە هەڵبژارد و ڕەدیفەکانی موسیقیی ئێرانی بەم سازە لێدا.

شایانی باسە کە کۆمەڵێک لە ژەنیارانی تەنبوور و شاگردەکانی مەسعوود زەنگەنە لە کرماشان داوایان کردبوو کە لە کاتی ناشتنیدا موسیقیی «کرماشان کرماشان» بژەنن، بەڵام لە لایەن ناوندە ئەمنیەتی‌یەکانەوە دژایەتیی ئەو داوایە کراوە.

# سینەما «پیروزی»ی کرماشان بۆتە کەلاوە



بەرپرسانی بەشی هونەریی پارێزگای کرماشان دەڵێن شاری دوو میلیۆن کەسی کرماشان ناکرێ تەنیا یەک سینەمای هەبێ، بەڵام بەو حاڵەش نایشارنەوە کە سینەما پیروزیی ئەو شارە لە ئێستادا تەنیا کەلاوەیەکە.

عەباس سەروەری، بەرپرسی حەوزەی هونەریی پارێزگای کرماشان دەڵێ یەکێک لە پێوەرەکانی گەشەی هەر وڵاتێک سینەمایە، بەڵام سینەما پیرزیی کرماشان کە زیاتر لە ٦٠ ساڵی تەمەنە، ئێستا تەنیا کەلاوەیەکی لێ ماوەتەوە.

ئەو دەڵێ بۆ چاککردنەوەی ئەو سینەمایە چاویان لە دەستی کاربەدەستانی دەوڵەتە، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە چاککردنەوە و وەکارکەوتنەوەی سینەما پیروزیی کرماشان لە نێوان ١٠ تا ١٢ میلیارد تمەنی پێویستە.

عەباس سەروەری سەبارەت بە داخرانی ئەو سینەمایە داوای لێبوردنی لە خەڵکی کرماشان کردوە، بەڵام لە درێژەدا دەڵێ کە حەوزەی هونەری هیچ پووڵ و بودجەیەکی نییە کە بتوانێ ئەو سینەمایە وەگەڕ بخاتەوە.

شایانی باسە ئەو دۆخە هەر تایبەی بە کرماشان نییە و لە نێوان ١٩ سینەمای پارێزگای ورمێش ١٤ سینەمایان داخراون.

کاربەدەستانی هونەریی پارێزگای ورمێ هەروەها دەڵێن ئەو سینەمایانەیش کە بە تەواوەی دانەخراون، بە ناچاری و بە شێوەی نیوە وەخت کاردەکەن.

خۆ بە بەرپرسیار نەزانینی کاربەدەستانی ئێران لە هەمبەر کێشەی سینەماکانی کوردستان بۆتە هۆی داخستنی سینەماکان و نالەباری بارودۆخیان کە ناتوانن وەڵامدەری ویستی لایەنگرانی فیلم لە کوردستان بن.

# دووهەمین مێهرەجانی موسیقای «لەیلاخ» لە شاری دێولان

لە ڕۆژانی ١٤ و ١٥ی خەرمانانی ئەمساڵ بە هاوکاریی ئەنجوومەنی موسیقی لەیلاخ و شووڕای شاری دێولان و هەروەها بە پاڵپشتی ئیدارەی ئیرشادی ئیسلامیی ئەو شارە، دووهەمین مێهرەجانی موسیقای لەیلاخ لە پارکی «لالە» بە بەشداریی گرووپە هونەری‌یەکان لە ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە دەچێ و ئامانجی سەرەکیی ئەم فستیڤاڵە ناساندن و پەرەپێدانە بە ئاواز و مێلوودی فۆلکلۆریکی کوردستانە.

بەڕێوەبەرانی ئەم فستیڤاڵە ئاواتەخوازن کە لە ساڵانی داهاتوو بە شێوەی بەربڵاوتر ئەم میهرەجانە هونەری‌یە بەڕیوە ببن.

